ستران عەبدوڵڵا



# مێخەک

کەمێک دوور لە سیاسەت

مێخەک

ستران عەبدوڵڵا

٢٠١٣



## (مێخەک) چییە؟

لە هەندێک وێستگەی نووسیندا،
باسوخواسی دوور لە سیاسەت
بەندەی بۆ سەرنجدان لە
دیاردەی ناسیاسیی هانداوە،
هەروەک هەندێک نووسینی
کورت تام و چێژیی تەجرەبەی
رۆژنامەنووسیی رۆژانەی
پێوەیە. ئەم نووسینانە لە بواری
فەرهەنگ، رۆژنامەوانیی،
سینەما و مۆسیقا زادەی دیدێکی
رۆژنامەنووسانەن و ئیدیعای
بەرزێتی و بێ وێنەیی ناکەن.



مێخەك

# مێخەک

ستران عەبدوڵڵا

- ناوی کتێب: مێخەك
- نووسەر: ستران عەبدوڵڵا
- چاپ: چاپی یەکەم
- بەرگ: ئاوارە هیوا
- چاپ: چاپخانەی
- تیراژ: (     )

# ئیلینا، ململانێی گەرم لەناو بەفردا

(ئیلینا) فیلمێکی ساردوسڕە وەک فینلەندی و سویدییەکان خۆیان، لەبەرئەوە هۆنینەوەی درامی لەودا بەساردوسڕی پەرەدەستێنێت، بەڵام هەر لەبەر ئەو عیللەتە ئەوی لەگەرمایی و تیشکی خۆری زیندوێتی ژیان چنگ دەکەوێت لەفیلمی (ئیلینا)، لەزەیندا دەمێنێتەوەو کاری سەد دیمەنی دراماتیکی فیلمێکی رۆژهەڵاتی رایی دەکات، چۆن لەناو بەفرو زوقمدا کەگوڵێکی سوور دەبینی شەوق و زەوقی سەد قاتی گوڵە سەرنج پەرتکەرەکانی باخچەیەک دەدات، گوڵی گرێی درامی لەم فیلمە فنلەندییە سویدییەی ساڵی (2003) بەرهەم هاتووە، سوورو گەشەو شەوقی هەیە.

وەک دەبینین ئیلینا (ناتالیا مانیڤێک رۆڵی دەبینێت) پێیوایە باوکی لەناو زەلکاودا نوقم بووەو مردووە، باوک بۆ ئیلینا نموونەیەکە شایانی شوێن پێهەڵگرتنە، بۆیە کەمامۆستا دڵەڕەقەکە تانە لەلاساری ئیلینا دەدات و پێی دەڵێت «تۆ وەک باوکت وای» ئەم شاگەشکە دەبێت، کەوابێ نوقورچ و سیخورمەکانی کاری خۆیان لەم مامۆستا لوتبەرزە کردووە کەلەپەنجاکانی گوندێکی باکووری سویدا دژوارترین

ڕێبازەکـانی پـەروەردەو خوێنـدن بەسـەر منـداڵانی گونـددا، بەتایبەتیش خێزانە فینلەندییەکە، پیادە دەکات.

ئیلینـا دژی بڕیـاری تاکڕەوانـەی مامۆسـتاکەیەتی نـەک دژی خـودی مامۆسـتا کەلەهـەمان کاتیشـدا بەڕێوەبـەری خـوێندنگەکەیەو بڕیـار بەدەسـتە. لەساتـەوەختێکی گونجـاودا مامۆسـتایەکی گـەنج دێتـە گونـد تابەمامۆسـتا تـورا هـۆڵمی دڵـڕەق (هونەرمەنـد بیبـی ئەندرسـن ڕۆڵـی دەگێڕێـت) بسەلمێنێت ڕێبازی سەپاندن لەگەڵ ئیلینـای گـەردەن کێـل داد نادات.

مامۆستای تورا هەم ترساندن، هـەم بەرتیلپێدان و یارمـەتی جلوبەرگ و پێڵاوی پێویست بۆ خوێنـدکاران دەخاتـە خزمـەتی سـتراتیژی ملکەچپێکردنـەوە. کەحاڵوایـە ئیلینـا لـەخواردن و پێڵاو تەوەلا دەبێت نەبادا ئەم دوو کەرەستە خۆش و پێویستە لەبـەفرو زوقمـی سـویدا ببنـە باعیسـی سـەرکزی و دۆڕانـدنی ململانێ.

کێ دەیباتەوە؟ بێگومان ئیلینا، دەنا فیلمەکـە بـەناوی مسـز توراوە ناوزەد دەکرا!

تاقمێک هونەرمەنـدی بەسـەلیقە دیـدگای هونـەری دەرهێنـەر کـلاوس کـارۆ بەرجەسـتە دەکـەن کەچەنـد فیلمێکـی دیکەشـی لەفەزای دونیای منداڵانـدا دەخولێتـەوە، دیـدێک کەدەریـدەخات دەشێ لەناوجەرگەی شارستانی ساردوسڕی سویدیشدا ململانـێ و نـاکۆکی لـەنێوان دوو نـەوە لەپـەروەردەو دونیـابینی هـەبێت کەئـەم دوو نەوەیـە ململانێـی کەمەرشـکێنی ئیـرادەی یـەکتری دەکەن. جارێـک بـەبیانووی قەدەغـەکردنی قسـەکردن بـەزمانی

فینلەندی بەهەنجەتی ئەوەی زمانی خوێندنگە نییەو جارێکیش بەبیانووی لاساری لەبەردەم مامۆستادا، لەهەردوو جاریشدا بەرپەرچدانەوە هەیە کەئیلیناو رەفیقەکانی بەفینلەندی دەدوێن و دواجار هەر ئەو رەفیقانە دەبنە پشتیوانی و پاڵدەدەنە مانگرتنی بێدەنگانەی ئەوەوە. ئەم مانگرتنە مامۆستای لوتبەرز لەبورجی عاجی خۆی دێنێتە خوارەوەو تێکەڵی کاریگەری و کارلێکی خوێندکارە ژیکەڵەکانی دەکات. لەم پەرەسەندنە دراماییەوە ئێمە دەزانین هەندێک جار کەللەرەقی و پێداگری، با تەنانەت ئەم کەللە رەقییە هی سەرێکی بچووکی خەونبین بێت، یان پێداگرییەکە هی پێی خریلەی زارۆکێکی چاوشین و قژ زەردی ماڵە جوتیارێکیش بێت، دەستکەوت و ئاکامی هەیە. وەختێک ئەم ئامانجە گەرمە لەململانێیەکی وا ساردوسڕ دەکەوێتەوە ئیتر پێویست ناکات ئیلینا تاسەر پێیوابێت باوکی لەزەلکاودا خنکاوە، بۆیە لەدوا دیمەندا ئیلینا لەگەڵ دایکی (مارجینا ماجیلا رۆڵی دایک دەبینێت) دەچێتە سەر شوێنی راستەقینەی باوکە نموونەکەی: باوکی مردوو لەگۆڕێکی هێمن و ئاسایدا راکشاوە، نەک لەزەلکاوی خنکاودا. ئیتر بەمە ئیلینا لەشوێنی زیندەگی خۆشەویستترین کەسی خۆی دڵنیا دەبێت، گۆڕستانی نزیکی دێ کەمردووەکانمان بەئەمانەت لەوێن. ژبەر هەندێ ئەم دوێتە فینەلەندییە دەستی دایکە گەنجە بەدبەختەکەی دەگرێت و پێکەوە سواری ماشێنی مامۆستای گەنج دەبن (مامۆستا ئینەر باجۆرک کەهنریک ریفلسۆن رۆڵی دەبینێت) وەک نیشانەیەک بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامەو خێزانی خنجیلانە

کەلـەئیلیناو دایـک و خوشـەکەکەی تـری (تینـد سـۆنبی ڕۆڵـی ئەرمای خوشکی دەگێڕێت) پێکهاتوون، بێ پشتیوان نابن.

فیلمـی ئیلینـا بەنەفەسـی فیلمێکـی منـداڵان جێبـەجێکراوە، بـەڵام مانـاو مەسـجەکانی بـۆ گەورەکانـە تـا منداڵـەکان. بۆیـە دەرهێنەر وافیلمەکەی خۆی دەناسێنێت: داکۆکی کـردن لەشـتە ڕاستییەکانی ژیان باتەنانەت ئەو داکۆکییە زۆر لەسەر مرۆڤیش بکەوێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوروپا و رۆژئاوا بەگشتی هێشتا لەژێر کاریگەرییەکانی شەڕی دووەمی جیهان دەربازیان نەبووە، ئەمەش بەڕوونی لە فیلمە سینەماییەکاندا دەردەکەوێت. ئەو فیلمانەی لەسەر نازیزم و فاشیزم و ئاسەوارە خراپەکانیان بەسەر کۆی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەوروپا بەرهەمهێنراون، رەنگە شان لە ژمارەی ئەو فیلمانە بدەن کە چیرۆکی ژیانی ئاسایی دەگێڕنەوە لە هەمان دەورانی ساڵانی جەنگی دووەمدا. فیلمەکانی شەڕ کە ئالودەی زەمەنی چلەکانن تەنها فیلمی ئەکشن و شەڕبازی نین، بەڵکو گوزارشتن لەبرینێکی قووڵ لەجەستەی شارستانێتی رۆژئاوا کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. دەیان بیرمەندی رۆژئاوا سەدان کتێب و توێژینەوەیان لەسەر دەرهاویشتەکانی شەڕ، نازیزم و ناسیۆنالیزم و نوێگەری نووسی و هێشتا دڵیان ئاوی نەخواردۆتەوە. فیلمسازیش بەهەموو تەکنیکەکانی خۆیەوە هاتە مەیدانەکە و هێشتا شوێن پەنجەی ئاسەوارەکانی شەڕی دووەم بەڕوومەتی ئەندێشە و بیرکردنەوەی رۆژئاواوە دیارە.

ئەوە ترسێکی گەورەیە بەرۆکی وانی گرتووە کاتێک دەزانن مەودای زەمەنی نێوان تاوانەکانی جەنگی دووەم، فەلاکەتەکانی شەڕو ئەنفالەکانی ستالین و هیتلەر هیچ نییە جگە لەپەنجا ساڵ. پەنجا ساڵیش سفرە لەعومری مێژوودا.

رۆژئاوا کە هەموو دونیا چاوی لێیەتی دادوەربێت لەو تاوان و کوشتارانەی لە دونیاکەی تر، لە رۆژهەڵات و لە جیهانی سێیەم، دەکرێن، خۆی هێشتا گیرۆدەی ئاسەوارەکانی جەنگە. هێشتا ئەوان

تەواوی چیرۆکەکانی داگیرکەری نازیزم و داوەشینی فەرەنسا، پۆڵـە ندا، یۆنان و ئیتاڵیا و کوێ و کوێیان لە سینەمـادا نـەگێـڕاوەتـەوە، ناشیرینییەکانی  شەڕ لەبۆسنیا، سرپیاو رواندا کەوتنـە کێبڕکـێ لـە گەڵ تراژیدیای هۆلۆکست و راگوێزانی میللەتـی چـەچـان و نـەتـەوە کانی قرم بۆ سیبریا. ئەوانیش بە دەوری خۆیان بوونە هەوێنی چـە ندین فیلمی هۆڵیۆدی.

رۆژئاوا دەترسێ و بە فیلم هەم گوزارشت لەم ترسە دەکا و هـە میش دەیڕەوێنێتەوە. ئێمە کە چاومان لە سەنترالیزمی ئەوانە ببنـە داوەر لە ئەنفالەکانی رۆژهەلات، بەچی ترسی خۆمان بڕەوێنینەوە؟

ئەهواڵنامەی کتێب

ژ: 51، 14ـ20 حوزیران 2009

مۆسیقا خۆراکی گیانە، ئەم قسەیە دەمێکە بیستومانە تا ئەو رادەی وادەزانین ئەوی باسی بکات پۆزی فەرهەنگداریمان بەسەرەوە دەکات. بەڵام بەفیعلی مۆسیقا خۆراکی گیانە. نەک ئەمە، مۆسیقا خەیاڵ و ئەندێشەمان فراوان دەکات. ئەگەر گۆرانی سنووردارمان بکات بەو وشەو دەربڕینانەی لەخۆی گرتووە، ئەوا مۆسیقا بۆ گوێگری ئاسایی وەکو ئێمە و مانان جۆشدانی ئەندێشەیە تا بنمیچێکی دوورو بێ کۆتایی.

گۆرانی تایبەتمەندە بەو زمانەی پێی دەوترێتەوە. تایبەتمەندە بە و رەگەزەی دەی چڕێت. بەڵام مۆسیقا رەگەز و جێندەر ناناسێ، با تەنانەت چاوگی نۆتەکانی ئاواز یان گۆرانی میللەتێکی دیاریکراو بێت. مۆسیقا زمانێکی جیهانییە با شێوەزاری جیاوازی لە خۆی گرتبێ.

ئەمەی لێرە گووتم هیچ نییە لەچاو ئەوی پسپۆڕێکی مۆسیقا یان هونەرمەندێکی مۆسیقیزان لەبەرێتی. بەس ئەمەی من دەربڕینی گوێگرێکی ئاسایی مۆسیقایە کە ئەوەندە لێی تێدەگات و بەو ئەوەندەشەوە چێژێکی بێ پایانی لێ وەردە گرێت.

جاران مۆسیقاو گوێگرتن لێی بژارەیەکی نوخبەی هونەری بوو. لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا هی توێژێکی دیاریکراو بوو کە کات و توانای بۆ کڕین و گوێگرتنی مۆسیقا هەبوو. گوێگرەکانی مۆسیقا وەک قەوان و کاسێتەکانی دەگمەن بوون. بەڵام ئێستا مۆسیقا بۆتە

خۆراکێکی میللی. تەکنەلۆژیای ئەمڕۆش هونەری هەرزان و دەستپێڕاگەیشتنی بە بەرهەمەکانی ژیان گەلێک ئاسان کردووە.

من بەرهەمی ئەو هەرزان فرۆشییەی مۆسیقام، کوڕی توێژە هەرە خوارەکەی کوردەواریم و تازە بە فراوانییەوە دەستم بەم سیحرە ڕاگەیشتووە. بەهەرزان دەستم کەوتووە لێ بەگرانی دەستبەرداری دەبم. تازە ئەم سیحرەم لە دڵی خۆمدا نوێکردەوە.

هیوادارم مۆسیقا هیدایەتی ئێوەش بدات.

هەواڵنامەی کتێب

ژ:52، 21-27 حوزیرانی 2009

کـــورد دەڵـــێ کەس  بە تەماشـــا نـــابێ بەپاشـــا. بەڵام ئەمە قســـەیەکە لەزەمـانی ئێسـتادا کـورتی دێنـێ. مەگەر بـۆ تـوانج لە ناونیشانی ئەم گۆشەیە نەبێت!

بەڵـــێ خەڵــک ئێســتا لە زۆر بــواردا بەتەماشــا دەبــنە پاشــا، تەماشـاکردنی درەوشـانەوەی ئەسـتێرەیەک لەئاسـمان، ئـاوابوونی خۆری ئێواران، تەماشاکردنی کچێکی جوان، (یان کوڕێکی قـۆز بـۆ خانمـان) تەماشـاکردنێکە فەرەحنـایی بەدڵـدا دێنـێ، ئاسـوودەیی بەگیان و هێمنایەتی بەمێشک دەبەخشێ. ئەم تەماشاکردنانە مرۆڤ لەشوێنی خۆی، لەماڵی خۆی و لەو پـێگە کۆمەڵایەتییەی هەیەتـی دەکـاتە پادشـای پاشـاکان نەک پاشـایەکی ئاسـایش. پاشـاکان خۆشـیان، بەهــی کــۆن و بەدوا پادشــای هەر وڵاتێکــی پاشــایی بیگریت، بەشێکی چێژی پاشایی لەتەماشاکردندا دەبیننەوە.

مــرۆڤ ئەمــڕۆ کە ســەیری فلیمێــک دەکــا مەرج نیــیە خــۆی کارەکتەرێکی فلیمەکە بێت، یان ئەستێرەی نـاو ئاسمانی شاشـەی تەلەفزیـۆنەکەی بێـت، کە بە گـوێ "تەماشـای" گـۆرانییەک  یـان پـارچە مۆسـیقایەک دەکـات" دەگرێـت" مەرج نیـیە خـۆی گـۆرانی بێژەکە یان مۆسیقییەکە بێت تا خۆی بە پاشا بزانێت. مەرج نیـیە هەر کچێکی جوان یان هەر کوڕێکی قۆزت بینـی تەنها بەدەست لە ملانێکردنـی سـیفەتی پاشـایەتی وەرگـری. چیرۆکـی فلـم، ئـاوازی مۆسیقا چێژێکی پاشـایەتی دابـین دەکەن. بینینـی بـاڵای عەرعەری خانمێک بـێ دەسـت لەملانـێش چێـژی ئەوە دەدەنە مـرۆڤ کە ئەم

کوردستانە رەنگینە مادام خانمی وا جوانی تێدایە، هی ئەوەیە بیپارێزی و خۆتی بۆ بەکوشت بدەیت. جا پاشای ئەم کوردستانە یان گەدای بەردەرگای مەسئولەکانی بیت. ئەمە تەماشاکردنێکە یەکسان بە پاشایەتی کردن.

تەماشاکە ئەم مۆسیقا تەسویرییە، ئەم کلیپە جوانە، ئەم تابلۆ نەخشینە و ئەم ئەندازە شارستانییەی لەماڵ و باڵەخانە، لەباخچە و سەوزاییەکاندا دەیانبینی چەند پادشایی و بگرە چەند ئیمپراتۆریین . لەبەرامبەردا، خوا نەکردە تەماشای ئەم دزێوییە لەبەرهەمهێنان، لەکلیپی بازاڕی و لەگەڕەلاوژێی بیناسازی شارەکانمان چ تەماشاکردنێکی جەرگبڕە؟ ئەرێ چ چێژێک لەوەدا هەیە کە نەک بەتەماشا پادشا بیت بەڵکو هەر بەفیعلی پادشا و ئیمپراتۆر بێت لەوڵاتێکدا تەماشاکردنی بۆ ژیان رووکەشی و درۆینەیە؟

ژ: 53، 2009/6/28

"ژیانی ئەوانی تر" جێی سەرنجە. هەم بۆ تێرکردنی فزوڵی مرۆڤ، هەمیش بۆ بەراوردکردن لەگەڵ ژیانی خۆماندا.

بەڵام ژیانی ئەوانی تر هەر بۆ خۆیان باشە. بۆ ئێمە تێکەوتنە. ئەگەر سەرنج لەژیانی ئەوانی تر بدەین گیرۆدەیان دەبین. خۆشمان دەوێن یان رقمان لێیان دەبێتەوە. ئەمە گرنگ نییە، ئەوی مەترسیدارە ئەمەیە بەچاودێرکردنی ژیانی ئەوانی تر چیتر ژیانی خۆمان ناژین، دەکەوینە داوی ژیانی ئەوانی ترەوە. بەکورتییەکەی چیتر خۆمان نابینین، ئەوان دەبینین؟ بەمەش ئامانج لەچاودێریکردنی ژیانی ئەوانی تر نایەتەدی. پێچەوانەکەی دەقەومێ. لەجێی ئەوەی ئێمە بەو چاودێرییە ژیانی وان دەستەمۆ بکەین. خۆمان دەستەمۆ دەبین. تووشی شێوان دەبین، لەبری ئەوەی ژیانی قوربانییەکەمان بشێوینین.

فیلمی ئەڵمانی (ژیانی ئەوانی تر) ئەم دەرەنجامە تاڵەمان پێ نیشان دەدات. جاسوس چاوی لەژیانی قوربانییەکەیەتی کەچی لەدوو قۆناغدا ملکەچی قوربانی دەبێت.

- قۆناغێک رقی لێیەتی چونکە قوربانی نووسەرێکی ئازادیخوازە و دژی ستەمی تۆتالیتارییە.

ــ قۆناغێک خۆشی دەوێ چونکە قوربانی ژیانێکی ئاسایی مرۆییانە دەژێت، دڵداری دەکات، مۆسیقا لێ دەدات. بە خیانەت قەڵس دەبێ و بە ئاهەنگ دڵخۆشە.

فلیمی ژیانی ئەوانی تر فلیمێکی ئەوەندە نازدارە خەریکە بڵـێم ئەڵمانەکـانی لەگونـاهی نـازیزمی هیـتلەر و کۆمـۆنیزمی هـۆنیکەر پاکردەوە. نـازدارە بەو چەمکە ئینسـانیانەی هەڵیگرتـووە. نـازدارە چـــونکە لەرێـــی لاوازی و بێـــدەرەتانی ئەوانـــی تـــرەوە لاوازی و بێدەرەتانی خۆمانمان نیشان دەدات.

لەسایەی سیستمی تۆتالیتاری بەعسدا ئـێمەش ئاوەهـا چـاودێری دەکراین. کەچی لە کایەی سیاسەتیشدا بەخۆمان نەزانیبوو چاومـان لەوەبوو ئەگەر وڵاتەکەمان رزگـار کـرد وەک "ئەڵمانیـای دیمـوکرات" سۆشیالیزم بینابکەین.

یانی بەعسی نازیمان بەوڵاتێکی هۆنیکەری دەگۆڕییەوە!

ژ: 54، 5ـ11 تەمموزی 2009

مەسافەی نێوان ژیانمان و فانتازیای سینەما تا دێ کورت دە بێتەوە. سینەما واقیعی ژیانی ئێمە رەنگرێژ دەکات، یان ئێمە واقیعی سینەما لە ژیانماندا دووپات دەکەینەوە؟

لە سی ساڵی رابردوودا کە خەڵک لە تەلەفزیۆنەکانەوە سەیری فلیمێکی سینەمایی دەکرد، زۆربەیان میسری بوون، وای خەیاڵ دە کرد ژیان لەناو فیلمدا ژیانێکی ستاندار و واقیعییە. لەپێشدا وامان دەزانی چیرۆکەکانی سینەما راستیین. کچە و کوڕە لەواقیعیشدا حە زیان لەیەکە. ژن و مێردەکە لەواقیعدا ژن و مێردن و منداڵەکانیش هەر هی ئەوانن. پاش دەمێکی تر زانیمان ئەوە فیلمە. ئینجا بڕیارماندا ژیان لە سینەمادا مۆدێلی ژیانێکە دەبێ ئێمە چاوی لێ بکەین. دڵداری هەر بەو شێوەیە کە کارەکتەرەکانی سینەما دەیکە ن. پارێزەر، ئەندازیار، دکتۆرو هتد دەبێ بەو شێوەیە بن کە هەر لەسینەمادا هەن. تەرزی ژیان لە سینەما، تەرزی ماڵ و نەریت و ئە رزش لە سینەما، لای ئێمە ئەو شێوە بوو کە دەبوایە لە ژیانی واقیعیدا دووبارەی بکەینەوە.

سینەما حەشرێکی پێکردین نەبێتەوە. هەر ئێمەی کرد بە سینە ما! گەلێک جار دەپرسم جاران وابوو، ئێستا چۆنە؟ لە بیست ساڵی رابردوودا، سینەما بازێکی چۆنایەتی دا لە ژیانماندا. تەکنیکە کانی ئەم هونەرە گەیشتنە ترۆپک. بەڵام واقیع وەک خۆی چۆنە ئاوا گوێزرایەوە بۆ سینەما. ئێمە ئێستا هەموو ژیانمان، بە ساتە وەختە بێزارکەرەکانیشییەوە، بە کارەکتەرە چاک و خراپ، پاڵەوان

و پەراوێزخراوەکانیشییەوە، لە سینەما دەبینینەوە. لەجێی ئەوەی سینەما ژیانمان فەنتازی بکاتەوە، چیرۆکەکانی خۆیمان لێبکاتەوە مۆدێلی پەسەندکراو. یانی هیچ شتێک نەماوە چاوی لێ بکەین و بیکەینە مۆدێلێک.

ئێمە چیتر لە سینەماوە فەرهەنگ و عورفی کۆمەڵایەتی تۆپ فێر نابین. بەڵکو سینەما ژیانی دراوسێکانمان و ژیانی کۆڵان و شارو وڵاتەکەی تەنیشتمان بۆ دەگوێزێتەوە. بەوپەڕی زبری و دڵی بە ردینەوە ناشیرینی و نابودی و ناجۆری ژیانمان بۆ نمایش دەکات. دڵدارەکان بەشداریی ئاساییین، رۆمانسی نین، لاوازو نامۆ و خۆفرۆشن. یان بەرباد و نەوسن و چاوبرسین. دایک ژنێکی ئاسایی هەر کۆمەڵگەیەکی واقیعییە و بگرە دایکمان لە واقیع لە دایکی سینەما بە سۆزترە.

مەسافەی نێوان سینەماو واقیع هێند لێکنزیک بۆتەوە کە لەجێی مۆدێلی پەسەندی ژیان، لەجێی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، سینەما واقیعیمان دەکات، پراکتیکمان فێردەکات. رۆشنبیرییمان بەرز دە کاتەوە، بەڵام فەرهەنگێکی نوێمان پێ ناناسێنێ.

ژ: 55، 12−2009/7/8

تەماشای فیلمە سینەماییەکان مەکە لە سیدییەکی کۆنەوە، بە
مە لە مۆسیقای فیلمەکە بێبەش دەبیت، لە دیمەنە جوانەکانی
سروشت وەک ئەوەی لە فیلمی «لەگەڵ باداچوو» یان
«ئوستراليا»دا هاتووە، تەوەللا دەبیت.

فیلمی کۆپی یان سیدی کۆن، فیلمی وەرگێڕاو لە ساڵۆنی
سینەماوە فیلمێکی قاچاغە، بۆ ئەوە دەستدەدا لە چیرۆکی فیلمە
کە بگەی، سەیری بکەیت تا کۆپییەکی شایان و ئەسڵت چنگ دە
کەوێت، بەڵام ئەم جۆرە لە فیلمداری (10%)ی فیلمەکەیە، هە
موو فیلمێک، وەک پاکەتێک، پێکەوە خۆش و جوان و چێژدارە.

فیلم پارچەیەکی هونەرییە، حەیفێ بەشێکی یان چەند بە
شی لەکیس بدەیت، خەرجی زیاتر تا چێژێکی جوانتر وە
ربگریت.

مۆسیقای فیلمەکان بۆ خۆیان فیلمێکن.

لەم چەندانە دیارییەکی جوانم پێگەیشت کە مۆسیقای تە
سویری چەند فیلمێکی تێدابوو، لەوانە مۆسیقای فیلمی دکتۆر
زیڤاکۆ و فیلمی لەگەڵ باداچوو... چی لەگەڵ باداچوو؟ بە خودای
عومری من و تۆ بەباچوو کە زەمەن و زمان و فەرهەنگ لێنەگەڕا
سەودای خۆشی لەگەڵدا بکەین.

عومری دکتۆر زیڤاکۆ و باسترناک بە زایع چوو کە دەرفەتی
گوێگرتنی لەم مۆسیقا نازدارە بۆ نەڕەخسابوو، چونکە دیواری ئە
ستووری سۆڤێت وەک دیواری گوێچکەی ئێمە، وەک دیواری ژە

نگاوی سیدییەکان، نەیهێشت باسترناک گوێی لە خۆی بێت بە نۆتەی مۆسیقا، مۆسیقا چی؟ پەخشانێکی نۆتەیی بوو، دیمەنی خەیاڵی بەپێزتر دەکرد، لەو دیمەنەی باخچەی دوورە پەرێزی دکتۆر زیڤاکۆ و یارەکەی شیعر و بەلشەفیزمی وەک نەیاری یە کتری وێنا کردبوو، وێناکردنێکی ڕاستەقینە.

مۆسیقا فیلمێک بوو، بەگوێ تەماشا بکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

ژ: 56، 9ـ2009/7/25

بەم دواییە جارێکی تر سەیری دوو بەشەکەی فیلمی "هەڵکشانی شەڕ، هیتلەر"م کرد.

بەدیقەتەوە سەرنجم لەو هەڵکشانە دراماتیکییە دا کە فیلمەکەی جوان کێشاوە: چەند چەقۆکێشێک لەناو جەرگەی بازاڕدا، هاتوهاواری رەگەزپەرستانەی هیتلەر لە چایخانە ومەیخانەو ئینجا شوێنە گشتییەکاندا. فەرماندەیەکی شەلاتی کە تەلائیعی نازیزستەکانی لەخۆی کۆکردۆتەوە، چەند یاریدەدەرێکی بێ ئیرادە و بێباک کە نازانن بۆ دوای هیتلەر کەوتوون، دەوڵەمەندێکی بێ پەروا کە بزوتنەوەکەی هیتلەر پارەدار دەکات، ژنانێکی بێ دەربەست کە مەحکومن بە ئارەزووی چاوبرین لە پیاوێکی سۆپەر پاوەر، چنگێک سیاسەتمەداری نەیاری هیتلەر کە لاون و دۆخێکی ناجێگیری ئەڵمانیای شکستخواردوو لەجەنگی یەکەم. لەنێو ئەم تاریکاییەدا تاقە تروسکەی هیوا رۆژنامەوانێکە کە دەزانێ چ بەڵایەک بەرێوەیە.

رۆژنامەوان فەیلەسووف نییە وەک هایدگەر، دەوڵەمەند نییە وەک ئەو بێ ئیرادەیەی بەرهەمە هیچ و پوچەکانی هیتلەر چاپ دەکات، بەڵام بەچاوی تیژی رۆژنامەنووسێک دەزانێ چی بەرێوەیە؟ رۆژنامەنووسەکە بیرمەندێکی گەورە نییە، هیچ نییە جگە لەوەی وەک سەگێک بۆن دەکات. بۆنی خوێن و بڵاوبونەوەی شەلاتیەکان بەناوشاردا.

ئەم فلیمە نایەوێت ناشیرینی هیتلەر دەربخات،  شتێک کە زۆر فیلمی تر کردویانە، نایەوێت ئایدۆلۆژیای نازیزم مەحکوم بکات. بابەتێک کەدەیان بیرمەند بە درەنگەوە دەکەونە نووسین لە بارەیەوە. فلیمەکە یەک پەیامی هەیە: بۆ سەرکەوتنی شەڕ هەرئەوەندە بەسە کە خەڵکانێک هەبن بێدەنگ بن، خەڵکانێک هەبن بێ باک بن لەوەی دۆخی وڵات چی لێدێت و دەرکەوتنی هێزی شەڕانگێزی وەک یاری پلەیستەیشن سەیربکەن. هەر وەختێک ویستیان سەیری بکەن و هەروەختێکیش خواستیان لە پلاکەوە بیکوژێننەوە.

فیلمی دەرکەوتنی شەڕ بە مۆسیقا، وێنە و بزاوتی کارەکتەرەکان پێمان دەڵێت سینەما بۆ ئەوە درووست بووە وانەی لێوەربگرین. فلیمێکە تەماشای بکەن پێش ئەوەی خۆمان لەواقیعدا ببینە فیلم.!

ژ: 57، 2009/7/26

سەرکەوتن چەند باوکی هەیە، نازانم؟ بەڵام مەعلومە شکست باوکی نییەو هەتیمە. فلیمی ئەسکەندەر دەڵێ ئەسکەندەری مە قدۆنیش بەم هەموو سەرکەوتنەوە شکستی خوارد. لەگەڵ ئەوەشدا سەربازەکانی خاوەنداریێتیان لەسەرکەوتنەکانی کردو ئەویان لەگۆرە پانی شکستدا بەتەنیا جێیهێشت. قورئان دەڵێ قەومی موسا پێیان وت برۆ خۆت و خوات ئەم شەڕە بکەن و ئێمەش لێرە چاوە ڕێین. ئەم گوزارشتە بۆ ئەسکەندەریش راستە.

ئەسکەندەری جیهانگیر لەسەرکەوتندا رەفیقەکانی لێی هەڵگە ڕانەوە. وتیان ئێمە لە دووری ماڵومناڵ ژیانمان ناگوزەرێ. بە سە ئەم سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنە. یانی بەکورتییەکەی ئە سکەندەر و دەیان گەورە ئەسکەندەری تر قوربانی سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنن، نەک قوربانی شکست. ئەسکەندەر کە جە نگ دەباتەوە ئینجا هاورێکانی لێی هەڵدەوەرێن. ئەمە قانونی سەرکەوتن و شکستە. شکست لەگەرمەی سەرکەوتندا.

لەفلیمی ئەسکەندەردا شکست تەرمێکە لەناوەراستی گۆڕەپانەکە دا هەڵداژاوەو کەس ناوێرێ لێی نزیک ببێتەوە. نەوەک جێپەنجەی ئەوی پێوە بنووسێ. لە کاتێکدا بچووکترین رێزگرتن لەتەرم ئەوەیە زوو بەزوویی بنێژرێت. کەچی هەن تەرمەکە بەسەر خەڵکی ترەوە بەجێدێڵن و لەنزیکترین تەلەفونی گشتییەوە پەیوەندی دەکەن: تە رمێ لەو گۆڕەی فرێدراوە.

سەرکەوتن باوکی زۆرەو شکست هەتیوە کەچەڵەکەیە کە هەموو لایەک دەستی چڵکنی پێ دەسڕن. ئەوی بۆتە باعیسی مەرگی باوکی ئەم هەتیوە کەچەڵە چاوی لەوەیە دەست بەسەر ماڵو حەلاڵی مردووەکەدا بگرێت.

ناوی ئەسکەندەر لەسینەمادا نەمرە، نەمرتر لە رۆژە تەقلیدییەکانی ئیمپڕاتۆر و ئەمارەتەکانی، ناوی قەیسەریش هەروا با تەنانەت پرۆتسیش خەنجەری ژەهری لێبدات. فلیمی قەیسەر دەڵێ قەیسەر نەمرترە لەمیرەکانی جەنگ یان کوێخای گەڕەک و لاکۆلانەکان. ئەمما ئەوانەی پاشقولیان لەقەیسەر و ئەسکەندەر گرت دەبنە تڕی بن گۆم. وا لەبیردەکرێن مێژووش بۆی نادۆزرێنەوە لەسەر تاوانەکانیان موحاسەبەیان بکات. سینەماش ئەدگاریان ناناسێتەوە تا رۆڵی درامییان بە کۆمبارسێک بسپێرێت.

ژ: 58، 2009/8/2

چەند فیلمی تر ببینی تاچەند تەجرەبەیەکی سیاسیی وڵاتانت لە بەرچاو بچێت؟ سەیری نموونە سۆشیالیستەکانی بکە:

سەیری فیلمی راسپۆتین بکە لەجێی ئەوەی قین لـە قـەیسـەر هەڵبگریت، رقت لە بیری خورافاتی ژنەکەی ببێتەوە، یان نەفـرە ت لە راسپۆتین بکەیت کە نەخۆشی بـەچکـە قـەیسـەری بـۆ مـە رامەکانی خۆی قۆستۆتەوە، لەجێی ئەمانە هەمووی حەزدەکەیت بە تفێکی گەورە نەوچەوانی ف. ئە. لـەنین سـواخ بـدەیـت. ئـەو پیاوەی بە فریشتەمان زانی کەچی لە سـایەی دەسـەڵاتـی ئـەودا سوورە ئەستێرە لە سەرەکان دێن قـەیسـەر بـە خاووخێزانـەوە، بە منداڵی نەخۆشی بێ گوناهەوە، قڕدەکەن. سەیری فیلمـی دوا ئیمپراتۆر دەکـەیـت قـین لـە مـاویزم دەکـەیتـەوە. ئـەو رێبـازەی وایکرد دوا ئیمپراتۆر نەک لەسەر تەخت لابەرێت کە ئـەوە حـاڵی حوکم و سـەڵتـەنـەتـە، بـەڵکـو حـاڵی وا بـەسـەربێـت تـا مـردن ئیسـراحەت نـەکـا و وەک کۆمۆنیسـتێکی بـێ وەیـی سـایەی سۆشیالیزمی چینیش، نەتوانێت بحەسێتەوە.

سەیری فیلمی تایبەت بـە ژیـانی کاسـترۆ دەکـەیـت دەڵێـی ئـای کلاوچی کاسترۆ؟ کە لە چیرۆکی کێڵگەی مین رادەمێنی، دەڵێی پە کو لەو خەمیرە سوورانەی کارێکی وایـان کـرد هـاتنی سـوپای داوە شاوی ڤێتنام بۆ وڵاتی کەمبۆدیا وەک هاتنی سوپای ناتۆ پێشوازی لێ بکرێت! ئەی چی لەسەر (ژیانی ئەوانی تر) بڵێین کە بەری چـە ند ئەڵقە لەسەری دواین؟

ڕەنگە هەبن بڵێن ئەوە سینەمای خۆرئاوایە و کار لەسەر وێناکردنی ئۆردوگای سۆسیالیستی دەکات وەک زیندانێکی گەورە و دەزگایەکی داپڵۆسێنەر. ئەی لەسەر ئەو دەیان و سەدان فیلمانە چ دەڵێن کە هەر خۆرئاوا بۆ ڕەخنەگرتن لە خۆرئاوا بەرهەمی هێناون؟

تیۆری پیلانگێڕان لە هەموو شوێنێک بیخوات لە سینەما کورت دێنێت، چونکە سینەما ئەو تێورەش لەناو فەنتازیایەکی گەورەدا نقوم دەکات و لەوانەشە فیلمی لەسەر بەرهەم بێنێت. بە پێچەوانە وە سینەما، چونکە واقیع چڕدەکاتەوە، ڕەنگە خاتری ئەو ڕژێمە ئیستبدادیانەی گرتبێت کە ئینسان لەناو واقیعی ناشیریندا لە مە نگەنە دەدەن و سینەماش، کەمێک، کەمێکی زۆر هونەری، لە ئازارەکانیان بەرەڵا دەکات، تا بزانین لە ڕابردوودا چ قەوماوە؟

کتێبخانەی کتێب

ژ: 59، 9-15 2009

## پاڕانەوە

خودایە، هێزی سەبرم بەرێ، لەسەر ئەم زەمینە درۆزنی وا دەبینم بەڵگەی درۆکەی وا لەگیرفانی منە، خودایە لەوزەی ئەیوب بەشم بدە تا لەداخی خۆنمایشی ئەم دەجالە پەنهانە دۆودۆشاو تێکەڵ نەکەم و باپێش تەواوبوونی تەمەنی نیو مانگی ڕاستی نەکەوم و ئەوی دەیزانم بەکاڵی نەیخۆم و نەیکەمە پێخۆری قینی شەخسیی.

دڵمان پـــاککەرەوە لـــەقینی شەخسیی، بۆ ئەوەی زەمینە تەخت بێ و نـــەرمانی بێت بۆ ئەوەی ئەم بەردە لەسەر ئەم دڵەی نـاوی کوردستانە لاببەین، کوردستان شایانی ئەوەیە لەداگیرکەری فەرهەنگی نەجاتی بێت وەکو لەداگیرکەری سیاسی و داگیرکەری خاک و نیشتمان دەربازی بوو.

خوای گەورە ئازادی چەند گوناهە ئەم هەموو درۆو دەلەسانەی بەناوەوە دەکرێت، ڕووناکبیریمان چەند داماوە وا ئەم هەموو کاغەزو ڕەشنووسانەی لەمل باردەکرێت؟ بۆ دەبێ تیشکی خۆری ڕاستی لەو مەملەکەتەدا کز بێت، کە بەشی ڕووناککردنەوەی دەموچاوی دزی ڕووناکبیری نەکات.

هیچ نا تەنها سەبر کە کلیلی گەشبینی و دەرووی خێرو ڕاستییە، هەر سەبرمان خەڵات بکە بۆ ئەوەی لە پەژارەیا نەمرین

کەدەبینین درۆ بۆتە فەرهەنگی باوو راستی وەک بڵێی ئیتر تووشی نابین نەلەمدیوەوەو نە لەو دیووە.

سەبرێ لەتۆوە، عەزمی بەتینی یەکجارەکی لەئێمەوە تا هەر راستی پایەدار بێ و راستیوانمان یار بێ.

خودایە کە ئەم هەموو دیکتاتۆرە گەورانەی دونیات لە ناوبرد یارمەتی کوردەواری بدە لە تەڵەکەبازی رووناکبیری و چەتەکانی رۆژنامەوانیی رەها ببێت و بێتەوە سەر راستە رێی رەسەنایەتی راستەقینە کە برای پێشکەوتن ونوێبوونەوەی دروستە.

هەوالنامەی کتێب

کوردستانی نوێ ژمارە: (5667) رۆژی 3-1-2012

# جینۆسایدکردنی راستی

وەبەرهێنان لەدرۆ، لە درۆ گوناهترە، وەبەرهێنان لە درۆ گۆشراوەی دەلەسە، چەواشەکاری و فشەکردنە، کە درۆزن دەرخواردی خەڵکی دەدات. یانی ئیکتفا بەوە ناکات. درۆی خاڵس و وەک چۆن بەسەرزاریدا دێت بگێرێتەوە، بەڵکو پێشوەخت خۆی بۆ ئامادە دەکاو ترشوخوێ و بەهاراتی بۆ دەکوتێتەوە و ئینجا بەشێنەیی بە نرخێکی هەرزان دەیفرۆشێت بۆ ئەوەی رەواجی زیاتر پێ بدات.

درۆ تا پەلەو لە ناکاو، درۆیەکی خالیسە بۆ دەرباز بوون لە تەنگانە و خۆپەرێنێکی کاتی، هەر ناوی درۆیە و نەفسی لاوازی بەشەر، بەشەری درۆزن، لە بێ توانایی و بێ دەسەڵاتی و هەندێک جاریش لە بەر هەرزانی درۆ، هانای بۆ دەبات. درۆ تا درۆیە خاوەنەکەی بە درۆزن و هەندێکیش بۆ دەفعی چاوەزار پێشی دەڵێن درۆزان، دەناسرێت. بەڵام درۆ کە نەخشەی بـــۆ دادەنرێت و لە مەتبەخی فرت وفێڵدا سوور دەکرێتەوە و دەخرێتە سەر ئاگر، دەبێتە تاوانێکی گەورە کە هەق نییە لێخۆشبوونی بۆ هەبێت. هیچ نەبێ کە خاوەنی درۆکە ئەو هەموو بەهرە (جوانە)ی سازاندن و ئامادەکاری و هۆنینەوەی هەیە بۆچی ناچێ کاسبیەک بۆ خۆی بکات؟

درۆ و وەبەرهێنان لە درۆ خەوش و تاوانێکی گەورەیە. ئەمما درۆ کە نەقڵ دەبێت بۆ میدیا،وەک ئەوەی لە ماجەڕای منداڵەکەی چەمچەماڵدا بینیمان. لەخەوش و تاوان دەردەچێت و دەبێتە جینۆسایدکردنی ڕاستی و درۆزنەکەش میدیاکار نییە، بەڵکو: تەڵەکەبازە!

کوردستانی نوێ ژمارە: (5696) ڕۆژی: 7-2-2012

ئەم بیروڕایەی هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی باسکاڵ مەشعەلانی دیارییە بۆ هەموو فەیلەسوف و بیرمەندەکانی وڵاتی خۆمان کە ژمارەیان لەوانەی یۆنانی سەردەمی زێڕینیش تێپەڕی کردووە.

خانم مەشعەلانی لەسەر بەهاری عەرەبی دەڵێ: من لەگەڵ ئازادی میللەتاندام، بەڵام لەنادیاریش دەترسم.. باش نییە هونەرمەند را لەسەر سیاسەت یان دین بدات، چونکە ئەو موڵکی هەموو جەماوەرە.

لەم بیروڕایانە جوانترم پێ بڵێن؟

بیروڕایەک خاوەنەکەی پرەنسیپێکی بنەڕەتی دەسەلمێنێ کە ئەویش ئازادی میللەتانە، بەڵام وەک من و تۆو هەر مرۆڤێکی سەرگۆی زەوی ترس و دڵەڕاوکێی خۆی لەنادیارو لەئایندە ناشارێتەوە. یانی بێ ئەوەی شەرق و غەرب بکەین ئەگەر دەستەبژێری وڵاتی ئێمەو دەستەبژێری عەرەبیش بێ گرێی دەروونی و خۆبەزلزانینێک شتێکی وایان گوتبا باشتر نەبوو لەسەد پەڕەو کاغەزی رەشکراوە کە سەرەنجام زۆربەیان دەچنە خانەی ئەدەبیاتی دروشم بازییەوە؟ گوزارشتکردن لەترس و دڵەڕاوکێ لەسەر دواڕۆژی نادیارو ئارەزووی بەتین بۆ سەربەستی و ئازادی، خەم و خولیایەکی مرۆڤانە نییە؟

ئایا فەیلەسوف و بیرمەندان بۆ ترس و ئومێدەکانی مرۆڤ نانووسن؟ بۆ هیوای ئازادی و ترس لەدواڕۆژ نەبوونەتە فەیلەسوف؟

ئێمە خانمە هونەرمەندەکان هەر بەجوانی و نەشمیلی باڵاو لەشولاریان دەناسینەوە، شتێکیش دەنگیان خۆش بێت ئەوا هەر باشتر، بەڵام بیروڕای وایان لێ چاوەڕێ ناکرێت کە بیروڕایەکی جوانن تەنانەت ئەگەر بەفلتەری بەڕێوەبەری کارو پەیوەندییەکانی هونەرمەندەکەشدا گوزەریان کردبێت.

بۆچی بیروڕای هونەرمەندەکان و بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانیان روونترو مانادارترن لەبیروڕای فەیلەسوف و بیرمەندەکانی سەدەی بیستویەک؟

وەڵام رەنگە ئاسان بێت، بەڵام مەشعەلانی لەسەر ئەمەش قسەی هەیە: هونەرمەند موڵکی جەماوەرەکەیەتی، نابێ بیروڕا لەسەر سیاسەت و ئایین بڵێت: ئەی ئەگەر فەیلەسوف و هونەرمەند لایەنگیر بوون و قسەیان لەسیاسەتێک دژی یەکێکی تر کرد؟ فەزڵی دینێکیان بەسەر ئەوی تردا؟ بێگومان ئەوانە جەماوەرەکەشیان بۆ خێرو شەڕ پۆلێن دەکەن.

کوردستانی نوێ ژمارە: (5672) رۆژی: 2012-1-9

فیلمی (1984) فیلمێکی مەجازییە لەسەر رۆمانێکی مەجازی. ئەوکاتەی جۆرج ئۆریۆل رۆمانەکەی نووسی وایزانی دونیا تا ساڵی (1984) دەڕوات، بۆیە ئەو ساڵەی دانا تا دوورترین ساڵی بەردەمی نەوەی خۆی بێت و ژیان لەسایەی کۆماری (1984)دا ژیانێک بێت زۆر درەنگ بێتەدی، یان هەر نەیەتەدی.

رموزی ژیان لەسایەی کۆماری برا گەورەدا تێکەڵەیەکە لەتارمەییەکانی فاشیزم، نازیزم و کۆمۆنیزم، یان شەربەتێکی گۆشراوەیە لەهیماو ئاماژەکانی سیستمی شمولی لەسایەی هەر ئایدیۆلۆژیایەک کە خەون و خەیاڵ دەرخواردی خەڵک دەداو چاوی لەکۆمەڵگەیەکە یەکسان و تەختکراو لەبەردەم برا گەورەدا.

لەڕاستیدا نە تەنها فیکری ئەو سێ کۆچکەیە مەترسین، رۆمانی (1984) و فیلمەکەش بەرهەمی ترسە لەڕەوتی عەوام فریوی و میللیگەراییەکی بێ تام کە خەڵک دەکاتە مێگەڵ و بەترس و واقیعی و ئومێدی فانتازی بەرەو دونیای (1984) پێیانەوە دەژەنێت.

دونیای (1984) تەنیا دونیای سایەی ستالین نییە وەکو رۆژئاوا حەزی لێیەتی وێنای بکات، هەروا دونیای فاشیزم نییە وەکو بان چەپەکان وێنای دەکەن، دونیای بەبنبەست گەیشتووی رۆژئاواش نییە وەکو ئیسلامییەکانی رۆژهەڵات پێیان خۆشە مۆدێرنێتەی پێ بناسرێتەوە، دونیای (1984) دونیای لەقاوغدانی خەڵکە بە هەر بڕوبیانوویەکەوە بێت، دەشێ ئەم دونیایە لەدوای بێ

ئومێدی جەنگی یەکەم یان بێ هیوایی دوای جەنگی دووەم بێتە ئاراوەو دەشێ دوای بێ ئومێدی لە بەهاری عەرەبیش بێتە ئاراوە.

دونیای (1984) تەنیا دونیایەکی مەجازی نییە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، دەشێ دونیایەک بێت بۆ سەرەتاکانی سەدەیەکی نوێش.

کوردستانی نوێ ژمارە: (5701) رۆژی: 13-2-2012

فیلمێکە ساڵی (2011) بەنەفەسی (1911) کراوە، فیلمی (ئەکتەر ...) یانزە خەڵاتی ئۆسکاری ماشییەوە جگە لەخەڵاتی گۆڵدن گلوپ، فیلمێکە رەش و سپی بەهەمان تەقسی ئەوانەی جارانی شارلی شاپلن. بەجیاوازی ئەوەی فیلمەکانی شاپلن کۆمیدیا بوون تراژیدیایان دەگێڕایەوە، فیلمی (ئەکتەر) تراژیدیایەکە دەستوپەنجەی لەگەڵ کۆمیدیادا نەرم کردووە.

(ئەکتەر) پرۆتستۆیە لەدژی رەنگاورەنگ ئەگەر ببێتە مایەی کوشتنی رۆحی هونەرو ئەفراندن، دەرهێنەری فیلمەکە دەیەوێت پێمان بڵێت هەموو بازدانێک لەتەکنیکی سینەما مەرج نییە یەکسان بێت بەچانسێکی تر بۆ گەشەکردنی هونەرەکە.

هونەرمەندێک ئەفراندن دەکات لەفیلمی بێدەنگدا، ئەفراندنێک وەک بڵێی قسە دەکات یان راستتر ئاماژەکانی جەستەی لەسەد قسەی رەوان رەوانترە. ئەم هونەرمەندە نایەوێت لەقۆناغی فیلمی بێدەنگەوە بچێتە سەر قۆناغی فیلمی دەنگی، گەشەیەکەو یەخەی سینەمای گرتووەو دەبێ هونەرمەند وەڵامدەرەوەی بێت، لێ چونکە هەموو پاڵەوانێک بۆ زەمانێکە ئەم هونەرمەندە ناتوانێت بێتە سەررێی زەمانێکی تر، ئەکتەرێکی کچ وەک گوزارشت لەنەوەی نوێ نوێنەرایەتی قۆناغی سینەمای دەنگی دەکات، بەڵام چونکە کۆن و نوێ یەک رەوتی ئاوێتەی یەکترین، بۆیە هەردوولا ئاوێتەی یەک دەبن، ساتەوەختێکی ئەوینداری لەسەمایەکی جواندا کۆیان دەکاتەوە، هەر ئەو سەمایە خۆی پۆستەری فیلمەکەیە، کۆتایی

فیلمەکەیە، گوزارشتیشە لەململانێ و پێکەوەیی ژن و پیاو، کۆن و نوێ، سینمای بێدەنگ و سینەمای بەدەنگ.

ئەمانە توخمەکانی ژیانن و پێکەوە وا دەکەن ژیان هەموو وێنەی رەش و سپی، هەم وێنەی رەنگاوڕەنگ بێت و سەرەنجام نوتقی هەبێ وەک دوا ساتەوەختی نوتقی فیلمەکە.

فیلمی (ئەکتەر) فیلمێکە باسی دەورانی سەرەتای سەدەی بیست دەکات، بەڵام پڕ لەمەسج بۆ دەورانی سەرەتای سەدەی بیست و یەک.

کوردستانی نوێ ژمارە: (5726) رۆژی: 13-3-2012

# لەزگەی ستۆکهۆڵم

بە عەرەبی پێی دەڵێن (متلازمە ستۆکهۆڵم) و بەکوردییەکەی وەک مانای لەزگە، یان پێوە نووساوەی ستۆکهۆڵم دێت. ئەمە جۆرێکە لەبەلاو نەخۆشی تووشی سەرکوتکراوان و بن دەستان و زوڵملێکراوان دێت. بەلایەکی گەورەیە لەگەڵی رابێیت و قبوڵی بکەیت چونکەلە هەموو مانایەکی ئینسانی دادەشۆرێیت، وات لێ بێت دڵت بەئازارو مەینەتی خۆت ئاو بخواتەوەو عاشق و شەیدای سەبەبکاری ئازارو مەینەتییەکانی خۆت بیت. فلیمی (ئیتر بەسە) لەنمایشی جینیفەر لۆپیز دەردی خانمێکی وا دەگێرێتەوە کە خەریکە پاکانە بۆ ستەمی مێردەکەی دەهێنێتەوە.لەزۆر حاڵەتدا مرۆڤ سەرەتا بەرخۆدان لەبەرامبەر ستەمکار دەنوێنێ. دوایی وای لێ دێت لەوێستگەیەکی داهێزراندا دەست و پەنجە لەگەڵ ستەمی ئەستۆی خۆی نەرم دەکاو خۆشی لێ دەبینێ، داکۆکی لەستەمکارەکەی دەکا و بێ ئەو ستەمە ژیانی هەڵناسوورێ. لەزگەی ستۆکهۆڵم بەکەم سەیر کردنی خۆیەو دونییەتی مرۆڤ لەبالاترین پلە، راستیەکەی دەبێ بلێین لەنزمترین پلە، بەرجەستە دەکات. لەسینەما ئەم حاڵەتانە بە فیلم و درامای هەمە جۆر باسکراون و فۆکسی هونەرییان خراوەتەسەر. لەسەر زەمینی ژیانیش میللەتان کە زۆر لەژێر ستەمدابن ناتوانن وێنای ژیانێکی ئازاد بکەن و سۆزیان بۆچەپۆکی باوکانەی ستەمکار هەیە. لەبەر

ئەمەیە گاندی ئێژێ گەلێک ئازادبکە و پاش دەمێکی تر ئازادییەکەت لێ قەدەغە کردەوە، قبوڵی ناکات ئیتر ئەو لەگەڵ ئازادی ڕاهاتووە. بندەستی و خۆشی لەستەم ڕاهاتنە، یەک چارەسەری هەیە: وردەوردە ڕاهاتن لەگەڵ ئازادی و بێ ستەمیدا. واجبە هەرکەس لەناخی خۆیدا ئەم لەزگەیە بکاتەوە ئیتر ژیان خۆی ئازاد دەبێت.

کوردستانی نوێ ژمارە: (5677) ڕۆژی: 16-1-2012

## ئادەمیزادی سەربەست

فیلمی (ئادەمیزادی سەربەست)، لەسەر سەعید نورسی، فیلمێکی سەرنجڕاکێشە. بەدیوێکدا پروپاگەندەیە بۆ ئەندێشەی سیاسی زاڵ لەمرۆی تورکیادا، بەدیوێکی تردا لەچاو خەیاڵدانی چەند ساڵ پێش ئێستا ئەندێشەی باویش گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، چەند ساڵی بەری تورکەکان فیلمی دۆڵی گورگەکانیان بەرهەمهێنا کە هەمووی سوکایەتییە بەکورد و بۆنی شۆڤێنیەتی نەتەوەی سەردەست لەو دۆڵە رۆژە رێیەک دەهات، ئێستا ئەم فیلمە جوانە لەسەر سەعید نورسی دەربکەن، شوکرانە بژێری گەرەکە.

لایەنی پروپاگەندە ئەوەیە ئەندێشەی ئەمرۆ تانە لەمامەڵەی ئەتاتورکیزم دەدا لەگەڵ ئایین و قارەمانەکانی، نورسی برایەتی کوردو تورک لەڕوانگەی ئیسلامێتییەوە پەرەپێدەداو خۆی دوورەپەرێز گرتووە لەبزووتنەوەی کوردایەتی کە ئەو دەمانە سەعیدێکی ترو شێخێکی دیکەی موسڵمان، شێخ سەعیدی پیران، رێبەرایەتی دەکرد، بەڵام لەڕاستیدا ئەم دیوە بەجۆرێک داڕێژراوە درۆی تێدا نەبێت.

نورسی خۆی وابوو، خۆی عوسمانلی بوو لەبیرکردنەوەو رەفتاردا، ئەمەش کارەکتەرێکە لەقازانجی ئەندێشەی سیاسی زاڵ کەخوازیاری پێچانەوەی کەمالیزم و کردنەوەی پەنجەری نێو عوسمانلییە.

لایەنی پۆزەتیڤ لەو فیلمە تەکنیکی فیلمەکەو سەرکەوتنی دەرهێنانەکەیەتی، فیلمی ئادەمیزادی سەربەست بەفلاشباکێکی جوان وێنەی ژیانی کوردەواری باکوورو دەورانی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانلی و چوار دەیە لەحوکمی کەمالیزممان بۆ دەکێشێ، کورد خۆی توانای کێشانی ئەو وێنەیەی نییە، نە لەگوزارشتی گێڕانەوەو نە لەگوزارشتی تقەنیاتی سینەمادا، ئەمەی سینەمای تورکی وانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندن.

پۆزەتیڤی دیکەش وەک ئەوەی ئەم فیلمە حاشا لەکوردبوونی نورسی ناکات و بەدیمەن و پەیڤین رەگی کوردبوونی سەعید نورسیمان بۆ دەردەخات.

رامان لەسەر نورسی خۆی هەرچی بێت نابێ ئایدیۆلۆژیا هەقی کەس بخاتە ژێر لێوەوە، هەر شانازییە کەکوردێک لەناو مەنزومەی تورکیای ئەو دەمەدا نێوەندە بۆ تیشکدانەوەو تەوەرە بوون.

کوردستانی نوێ ژمارە: (5657) رۆژی: 20-12-2011

# بەچ جەبروتێکەوە

مرۆڤ بەچ جەبروتێکەوە خۆی نمایش دەکات؟ خۆی پێ ترەزانێکە سەد بارەکەر نایتوانن، بەڵام ئەم توخمە لوتبەرزەی مرۆڤایەتی و گەردوون بەرگەی هەڵامەتێکی بەهاریش ناگرێت یەکسەر لەسەر جێ تەخت دەبێ و دەبێ هەر بەئومێدی عەیادەت بەڵکە جارێک بێنەلای، دابنیشێت، بەو حاڵەشەوە خۆی پێ شتێکی گەورەیە کە جیایە لەو پۆلێنکردنانەی خوای گەورە بۆ گەورەیی مرۆڤی داناوە.

لەم چەندانەدا لەماڵەوە تەماشای فیلمێکی دیکۆمێنتاریم دەکرد لەسەریەک لەسەرکردە دیکتاتۆرەکانی دونیا کەچۆن لەکەوڵی خۆی دەرچوو و ئومێدی بوو سەرزەمین هەمووی پاوانی ئەو بێت، دیکۆمێنت خوێن دەیگوت ئەم سەرکردەیە وڵاتەکەی خۆی پێ بچووک بوو پەلی بۆ دەوروبەر دەهاویشت و لەم پێناوەدا قەتڵوعامێکی زۆری کردو جەبەروتێکی زۆری نواند، نازانم بۆ لەناکاو لەفیلمەکە بێزار بووم و کۆنترۆڵی کەناڵەکە کەوتەسەر کەناڵی ناشناڵ جوگرافیک، بەرنامە لەسەر جەبەروتی گەورەی دەریاکان بوو، لەسەر ملیۆنان ساڵی پێش زایین و قووڵایی بێ بنی دەریاکان کە لەدرێژیدا شاخی هیمالایەش دەبەزێنێت بەجیاوازی ئەوەی شاخەکە ملی لەئاسمانەو دەریاکەش سەری لەناو لمی قووڵی ژێر خاکدا شاردۆتەوە. چ رێکەوتێکی سەیربوو؟ پرسیم مرۆڤەکان،

بەتایبەتی دیکتاتۆرەکانیان، چەند لوتبەرزبن؟ لەکوێی شاخی هیمالایاو لەکوێی دەریا ملیۆنساڵییەکاندان؟
دیکتاتۆرەکان چەند جەبەروت بنوێنن لەکوێی غەزەبی دیاردەکانی سروشتدان؟

**کوردستانی نوێ ژمارە: (5686) رۆژی: 26-1-2012**

## (تەقوا)

فیلمی (تەقوا) بەشێک لە جیهانبینی ئیسلامیی سیاسیی و بە تایبەتیش دیوە (خێرخوازییەکەی) دەداتە بەر نەشتەری رەخنە. (تەقوا) ئاوێنەنمای واقیعی گەشەی رەوتی ئیسلامیی سیاسییە لە تورکیای عەلمانییدا. رەخنەیەکی جەرگبڕە لەنەشونمای رەوتێک کە بەناوی کاری خێرخوازییەوە دەست بەسەر موقەدەراتی کۆمەڵگەدا دەگرێت. دووبارە سەیرکردنەوەی فیلمی (تەقوا) وەک ئەوە وایە بە دووبارە سەیرکردنەوەی بەڵگەکانی تاوانێک بتوانێت هەڵەو چەوتییە کان دەست نیشان بکەیت. کوێ بووە درزو دەرفەتی بەشێخدا ریزێک دوکان و بەرژەوەندی ئابووری هەبێت لە ناو چەقی ئەستە مبوڵدا؟ ئینجا ئەو قودرەتمەندییە بەکاربێنێت بۆ شێوانی ژیانی باوەڕمەندێک بەدینی خودا. باوەڕمەندێک هەر خۆی کتلەیەکە لە خێرخوازی و پێویستی بەکاری خێرخوازی نییە تاوەکو خێرەومە ندی خۆی بسەلمێنێت. دیتنی ئەو فیلمە زەرورە لە زەمەندێکدا ناوچەکە مۆدێلی ئیسلامیی سیاسیی تورکیای کردۆتە (کرملین)ێکی نوێ و قەتارەی خەڵکی لایەنگیری بۆ ریز دەکات. ئایا خەڵک سە یری سینەمـــا ناکات وا پێ بـــــەهەڵەکاندا دەنێن و دووبارەی دەکەنەوە؟ لە جێی ئەوەی پێ لە هەڵەکان بنێن و بە ئاگاهییەوە هەوڵی لە قاودانی بدەن؟ فیلمی تەقوا نیشانی دەدا ژیانی ئاسایی هەژارانی وەک موحەرەم هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی هەڵمەتی

شێخەکانی ئیسلامیی سیاسیدایە. ژیانێکی هێمن و ئاسایی کە هیچ ناکاوێک ریتمی ئاسایی تێکنادات تا ئەو ساتەوەختەی شێخ بە نیفاقی سیاسیی هەڵقوڵاوی ئیدعای رووکەش و واقیعی شاراوەی ژیانی تایبەتی خۆی تووشی شەمزان و پەرتبوونی دەکات. بۆ ئە وانەی دەخوازن دەرس وەربگرن یان لەوە دڵنیابن مرۆڤ دەرس لە کتێب و سینەماو هونەر وەرناگرێت، فیلمی (تەقوا) بەڵگەیە.

بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئێمە باوەڕ بەفیلم ناکەین تا ئەو رۆژەی ژیانی خۆمان دەبێتە فیلم و سینەمایەکمان پێ دەکەن خەیاڵی فەنتازی هیچ دەرهێنەرێک پەی پێ نابات.

کوردستانی نوێ ژمارە: (5713) رۆژی: 27-2-2012

ژمارەی یەکەمی هەموو بڵاوکراوەیەک نابێتە پێوەر بۆ ریتمی بەردەوامی ئەو بڵاوکراوەیە، بەڵام ئەدگارە سەرەکییەکانیشی دەردەخات. ئەمە بۆ ژمارەی تاقیکردنەوەی "هەفتانە"ش هەر راستە. بۆیە لەهەندێک شوێندا حەز ناکەین ئەم ژمارەیە بکەنە ماڵ بەسەرمانەوە، لەهەندێکی دیکەشدا کە بابەتی جێی پەسەندی تێدابێت دەمانەوێ بڵێین ئەها ئێمە ئەم شتانەمان لەدەست دێت. لێ بۆ درێژەدانی رێگامان هەڵسانگاندنی ئێوە هەرچییەک بێت ئێمە قبوڵمانەو دەیکەینە کومبەسی وان رێگا

لە هەموو حاڵێکیشدا "هەفتانە" لەبەتاڵییەوە دەست پێناکات لەسەرێکەوە ئەزموونی پێنج ساڵەی دەزگای خەندانی لەبەردەستەو لەسەرێکی تریشەوە لەسەر دینگەی پتەوی گۆڤاری دەستە خوشکی، ئەلئسبوعییە، راوەستاوە. ئەلئسبوعیە لەماوەی کورتی دەرکەوتنیدا بازاڕی گۆڤاری عیراقی بۆ لای خۆی کەمەندکێش کردو هیواشمان وایە "هەفتانە"ش هەروابێت. بەتایبەتی دۆخی میدیایی لەکوردستان بۆشاییەکی گەورەی تێدایە لەبواری گۆڤاری هەفتانەی هەواڵدێری، راپۆرت نوسینو بەدواداچوونی سیاسییدا.

ئێمە نامانەوێ بڵێین مێژوو لێرەوە دەستپێدەکات، نامانەوێ بڵێین ئێمە ئەوە دەکەین کە کەس لە رەوتی رۆژنامەوانیی کوردییدا نەیکردووە، بەڵام دەڵێێن هەر بۆ رێز لێنان لە کۆششی ئەوانەی پێش ئێمە هەوڵیان بۆ فەرهەنگ ومیدیای کوردستان داوە، بەنیازین شتێکی نوێ پێشکەش بکەین کە لە دوا هەڵسەنگاندندا ببینە

وێستگەیەکی شایان لە وێستگەکانی رۆژنامەوانیی کوردی. لەمەشدا هاوکاری دەستەبژێری کوردستان و توێژی بەرفراوانی خوێنەرانمان دەوێت.

هەفتانە هەوڵدەدات ستایلێکی نوێ بێت لە گۆڤارسازیدا، چ لەرووی ناوەڕۆکو چ لەرووی دیزاینو چاپی رێکوپێکدا، پێمانوایە خوێنەری کورد شایستەی ئەوەیە، بلا لەسەدەی بیستویەکیشدا بێت، گۆفارێک بەدەستەوە بگرێت کە دیزاینەکەی، کوالیتییەکەی چاو ماندوو نەکا و لاپەڕەکانی دوای هەفتەیەک هەڵنەوەرێن. بە داخەوە ئەم جۆرە کوالیتییەش لە کوردستان دەست ناکەوێت یان هەر زۆر کەمە

ئێمە وا دەستمان پێکرد، بەڵام سەرکەوتنو بەردەوامی هەفتانە بەندە بە بەدەنگەوەهاتنی خوێنەرانو باوەشکردنیان بەم ستایلە تازەیەدا. بێ وان کۆششمان بەفیرۆ دەڕوا.

کوا: زمارة

میدیای کوردستان لە دووڕیانی ئەوەدایە لەناو لۆکاڵێتی و کێشە بچووکەکاندا قەتیس ببێ یانیش بە پانتایی سەر زەمین و بەرینایی ئاسمانەکان روماڵی وڵات هەرێمەکانی وجیهان بکات. راستە لە زەمانی ئەمرۆدا مرۆڤ لە کێشە لۆکاڵەییەکانی خۆیەوە دەستپێدەکات، بەڵام ئەگەر ئەمە بە تۆڕێکی فراوانی کێشەگەلێکی دەوروبەرەوە گرێنەدات، بایەخدان بە لۆکاڵێتی دەبێتە خۆخواردنەوە و مەنەلۆگێکی بێ برانەوەی حیکایەتی شیرین و فەرهاد. دەبێتە باسی زوڵف و پەرچەمی یار.

ئەگەر میدیا پێی وابێت چارەنووسی دونیا لە گەرەکی ئەمبەر و ئایندەی ئابووری جیهان لە کۆڵانەکەی پشتەوە دیاریدەکرێت ئەوا خۆی تووشی دابڕان و کوردستانیش تووشی فەوتان دەکات بەو ئیعتیبارەی سیاسەت لە مینبەری میدیاکانەوە گەڵاڵە دەبێت.

لەماوەی رابردوو (97) دەوڵەت لە ستۆکهۆڵم تاووتوێی عیراقێکی فیدرالیان کرد. لەوێ بەتەجرەبە دەرکەوت ئەگەر کورد باش لە مەنزومەی سیاسی عیراقدا قورسایی نیشانبدات دەتوانێت بەو مەنزومەیە پێشکەوتن بۆ پێگەی خۆی بەدەست بێنێت. کەچی ئەمە لە میدیای کوردستاندا کەمترین رەنگدانەوەی هەبوو، چونکە کار لە تیراژ ناکات، لەو لاشەوە هەموو هێزە عیراقییەکان لە بەغدا سەرقاڵی قبوڵ و رەتکردنەوەی رێککەوتنی ستراتیژیی عیراق-ئەمریکان. تەنانەت تەیاری سەدری، کە لای کوردستانییان بە تەیارێکی پۆپۆلیست ناسراوە، کەچی بۆنی قووڵایی ئەو

ڕێککەوتنامەیەی کردووە. لە کوردستان نە هێزە سیاسییەکان و نە نێوەندەکانی میدیا خەمێک لەو ڕەدو بەدەلە ناخۆن کە پەیوەندی بە چارەنووسی مانەوەی ئەمریکاوە هەیە لە عیراق و بەحیساب ئێمە پەرۆشی جۆری ئەو هاوپەیمانێتییەی بەغدا و واشنتۆنین، چونکە خۆمان بە دۆستی ئیدارەکەی دەزانین.

ئەگەر ئەم خودکەفائییە لە پەیوەندارییی لەگەڵ دەرەوەی کوردستان ببێتە دابونەریتێکی چەسپیوو لە سیاسەتی کوردیدا تا ڕادەی خودپەسەندی، ئەوا بە دووری نازانرێت دونیا ببێتە دونیایەکی تر و ئێمەش بەدیار گلکۆی تازەی لەیلی میدیای لۆکاڵییەوە بەخوڕبگرین.

ئێمە لە هەفتانە نامانەوێت بگرین

ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی ژیاری بۆتەوە، کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر خەمی جیهانیو مشوورو بەرپرسیارێتی دونیایی گەورە دەخوازێت. لەم سەرەتای سەدەی بیستویەکەدا دەچینەوە سەر هەمان تەوەرەی ڕەگی هەڵسانەوەو ماکی ناڕەزایی برسییەکان، چیتریش دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن گەورەو مەزن بن، ئەگەر ئەم بەرپرسیارێتییە نەگرنە ئەستۆیان. چ بەرپرسیارێتی مەعنەویی قەرەبووکردنەوە، ئەوی چەپەکان دەیانووت هەژارەکان بۆیە برسین، چونکە دەوڵەتە گەورەکان لە پێشبرکێی گەڕان بە دوای ناندا پاشقول لە دەوڵەتە هەژارەکان دەگرن، چ بەرپرسیارێتیی مۆڕاڵی، چونکە گەورەکان خۆیان لە چەندین بۆنە ڕایانگەیاندووە بەرپرسی دونیانو دەخوازن هەیبەتو توانای خۆیان لە ڕێی ڕێکخستنەوەیەکی باشتری گوندە بچوکەکەمان بخەنەکار، بەڵام ئەم دانپیانانە لە گەورەکانەوە مانای ئەوە نییە دەوڵەتەکانی باشوور بەرپرسیارێتیان ناکەوێتە ئەستۆ. ئەوانیش بە دەوری خۆیان بەرپرسیارن، چونکە حکومەتەکان بەرپرسی یەکەمی ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیانی خۆیانو بێ ئەمە ناتوانن نەزمی گشتیو ئەمنییەتی وڵاتەکانیان بپارێزن، بگرە ئاتاجی ئەوەش نامێنێ کە وەک دەوڵەتی ڕێکخەری پەیوەندییەکانی نێو کایەکانی کۆمەڵ پاکانەی بوونیان هەبێت. لەخۆڕانییە لە باسی هۆکاری هەژاری دەوڵەتە هەژارەکاندا دەوترێ "دەوڵەتە هەژارەکان بۆیە هەژارن، لەبەرئەوەی هەژارن"، واتا بۆیە ناتوانن گەشەپێدانو پێشکەوتن

فەراهەم بکەن، چونکە لە باری ئەندێشەو ئەزموونو ئیرادەی کارکردنەوە هەژارو دەستەمۆو بێدەربەستن.

ڕەنگە ئەمڕۆ ئەم حوکمە بەڕەهایی قورس بێت بۆ هەموو وڵاتەکانی باشوور، چونکە هەر لە نەخشەی جوگرافیای باشووردا چەندین نموونەی گەشەکردوو هەن، بەڵام لەڕاستیدا وردبوونەوە لە پێوەرەکانی سەرکەوتنی مۆدێلی "گەشەپێدان" ئەو سەرنجەمان لا گەڵاڵەدەکات کە زۆرێک لەم دەوڵەتانە لە فلتری تاقیکردنەوە دەرناچن. وادەبینین ئەمڕۆ لە نموونەی تەنگژەی خۆراک، پرسی تەنگەنەفسی گەرمایی و نەبوونی لەپێشدا هاتووی هەر وڵاتێک بۆ ڕیزبەندی گەشەپێدان، چ دەستەوەستانییەک تووشی باشوور هاتووە؟

ڕەنگە تاقە دەرفەتێک بۆ فۆرماتکردنەوەیەکی دیکەی باشوور، تێکەڵبوونەوە بێت لەگەڵ ئەم خەمە جیهانییەی بەرپرسیارێتی گەورەکانی هێناوەتە کایەوە. ئەمەش هیوایەکە لەناو تەنگژەدا چرۆدەکات.

ژمارەی ئەمجارەی (هەفتانە) دوسێی رەهەندە جیاجیاکانی پرسی UN لە کوردستان و رۆڵی ئەم رێکخراوەی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی مانەندی کێشەی کوردستان و کەرکوک لەخۆگرتووە.

لە وەختێکدا هەناسەیەکی سەرلەبەری رەتکەرەوە هەیە بۆ هەموو بەشدارییەکی UN لە کێشەکانی عیراقدا، باسکردنێکی بابەتیانە و هەڵسەنگاندنی لایەنی چاک و خراپی رۆڵی UN لە ململانێکاندا، پێویستییەکی لە دواخستن نەهاتووە.

کورد گلەیی یەکجار زۆری هەیە لە راپۆرتەکەی دیمستۆرا، برا عەرەبەکانیشمان دژی هەموو رۆڵێکی نێودەوڵەتین لە پرسی عیراقدا، چونکە بۆ ئەوان کە زۆرینەن چاکترە لە شەودا هەموو تەگبیرەکان یەکلایی بکەنەوە تا ئەوەی بە رۆژ و لەبەرچاو دونیا تەبایی لەسەر بکەن.

لە رەهەندی نێودەوڵەتیUN ەوە بۆ رەهەندی پرسە نێودەوڵەتییەکانی وەکو دەرکەوتنی ئۆباما لەسەر سەحنەی کۆتایی ململانێ لەسەر سەرۆکایەتی ئەمریکا،

رەشێکی گۆڕانیخواز دەچێتە جەنگی جەنگاوەرێکی کۆنەپارێزی کۆمارییەوە و ئومێدێکی گەورەشی بەسەرکەوتنە. راپۆرتی هەفتانە دەپرسێ ئەم رەشە دەچێتە ئەو کۆشکە سپییەوە؟

لە جەنگی ئۆباماوە بۆ جەنگی مادە بێهۆشبەرەکان و دەبەی گاز کە بۆتە رووداوی لە پێشدا هاتووی کۆمەڵی کوردستان و لێ لەبەر

فرکان فرکانەی سیاسییە لۆکاڵیەکان نەپەرژاوینەتە سەر چارەسەرکردنی لەکاتێکدا ئەمانە گرێدراوی ژیانی رۆژانەی خەڵکن و بەحیساب بەهاری هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە کورد لە کەرکوک بەدوو لیست خۆی بۆ سازداوە، بۆ ئەوەیە کۆتایی بە زستانی کەمی خزمەتگوزارییەکان بهێنێت.

هەموو شتێک بۆ سیاسەت و گرفتی خزمەتگوزارییەکان نییە، هەندێکجار پشوو لە سایەی رۆژی جیهانی مۆسیقا، یان یادکردنەوەی رۆژە رۆمانسییەکانی قەیسەری نەقیب لە سلێمانی و زاخاودانەوەی مێشک و چاولێکردن لە ئاوێنەی سینەما و هونەر و رووناکبیریش بەشێکن لە ئەرکی "هەفتانە" لەم ژمارەیەدا.

یاخوا خێری لێببینن و خوێندنەوەیەکی بەسوودتان بۆ دەخوازین.

وەبەرهێنان لە ئایندە ئەو ستراتیژەیە کە دەبێ کورد و دەستە بژێرە سیاسییەکەی کاری لە سەر بکەن. بەتایبەتیش وەبەرهێنان لە ئایندەی مرۆڤەکان کە هیوان بۆ دوا ڕۆژ .

لە وڵاتانی مانەندی ئێمەدا، بەحوکمی کۆمەڵێک فاکتەری کەڵچەریی، سامان و دەرامەت تەنیا لە ماڵوموڵک و کەرەستەکاندا چڕدەکرێنەوە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ ڕووکەشترین نوسراو لە بارەی ئەدەبیاتی گەشەپێدانەوە ناتوانێت سامانی مرۆیی نادیدە بگرێت.

نەوت و گاز و خێروبێری ژێر زەمینی کوردستان بە ڕێوشوێنی خۆیان، ئەمما سامانی راستەقینەی کوردستان مرۆڤەکانی سەر زەمینی کوردستانن.

ئەمە شانامە نییە بەسەر مرۆڤی کورددا، بەڵکو وەبیرهێنانەوەی رۆڵی تیغی دوو دەمەی مرۆڤە ئەو کاتانەی تواناکانی لە شوێن خۆی دەپوکێتەوە، یان ئەو کاتەی تواناکانی لە هەموو شوێنێک باڵا دەکات. ئێمە پێویستمان بە بژارەی دووەمە، پێویستمان بەوەیە وەبەرهێنان لەتوانای مرۆڤی کوردا بکەین. لەم چوار چێوەدا پرۆژەی "هیوا" بۆ هاوکاری خوێندکارانی تەواوی زانکۆکانی کوردستان وێستگەیەکی چۆنایەتییە لە زنجیرەی بایەخدانەکانی دەستە بژێری سیاسیی کوردستاندا. هیوا یە چونکە وەبەرهێنانە لە ئایندەی وڵات و خاوەنی پرۆژەکەش، کە جێی دەستی بەسەر ئاوەدانی وڵاتەوە دیارە، هەر بەو بیرۆکەوە بۆردی بۆ ئەو پرۆژەیە پێکەوە نا کە کارکردن بێت لە سەر وزەو توانای لاوەکانمان،

کارکردن بێت لە سەر لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم زانست وخوێندەواری بۆ ئەوەی کچان وکوڕانمان تەنیا و تەنیا بپەرژێنە سەر قاڵبونەوە لە زانیاری و ماریفەتدا و خەمی ژیان رشتەکانیان کەمنەکاتەوە.

پرۆژەی هیوا تەنها پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی نییە کە ئەمڕۆ لە دەیان لاوە پرۆژەی وا باسی دەکرێ و گوڵ ناگرێت، بەڵکو پرۆژەی هیوا قەرزە لە سەر خوێندکاران کە سبەی بەنیشتمانی دایکی بدەنەوە و لەرێی خزمەت و ئاودانکردنەوەوە ئەستۆ پاکی لەگەڵدا بکەن. هیوا دابێکی نوێیە لە خزمەت کە بە بێدەنگی کار لە سەر بیناکردنەوە دەکات، کار لەسەر وەبەرهێنانی دوور مەودا دەکات.

شانه نووستووەکانی سیاسەتی کوردی زۆرن، هەیانە خۆی مەڵاس داوە و چاوەڕێی دەرکەوتنە. هەشیانە وردە وردە سەرەتاتکێیەتی و دەیەوێ گوزارشت لەخۆی بکات و ببێتە یەک لە دەیان ناونیشانی نوێبوونەوەی سیاسیی لە کوردستاندا. میدیاکان دەتوانن رۆڵێکی گەورە لە دەرخستن و ئاشکراکردنی شانە نووستووەکانی سیاسەتی کوردیدا بگێڕن.

شانە نووستووەکان ناوێک نییە بۆ تۆڕە نهێنییەکانی "قاعیدە"و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دەخوازن زەفەر بەکوردایەتی و ئەزموونە حوکمڕانییەکەی بەرن.

"شانە نووستووەکان بریتییە لەو دەرکەوتە تازانەی هەموو سیاسەتێک لە هەموو شوێنێکی دونیادا دوای چەند دەیەیەک لە ئەزموونکاریی لە بەردەمیدا قووتدەبنەوە و داوای هەموارکردن، چارەسەری و چاکسازیی دەکەن.

هەموو ئەزموونێکی سیاسیی لەسەر چەند چەمکێکی حوکمڕانی دادەمەزرێ و دوای زەمەنێک لە پەیڕەوکردن مەحکومە بەئەنجامدانی گۆڕانکاریی و باوەشکردن بەدەرکەوتەکانی سەردەمدا. لەسەرەتای راپەڕینەوە دیموکراسیی و هەڵبژاردن، پێکهاتنی حکومەت و دەزگا نەتەوەییەکانی، حزبایەتی و سەرەتاتکێی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی وێرانکراو دەبێتە تایتلە سەرەکییەکانی سیاسەتکردن لە وڵاتدا. دوای نزیکەی دوو دەیە سەیری چەمکە نوێیەکانی سەر سەحنەی کوردستان بکەن: بەشداریی سیاسیی خەڵک، گەشەپێدانی سیاسیی، گروپەکانی گوشار و رێکخراوەکانی

کۆمەڵی مەدەنی، حوکمڕانی ژیرانە و ئاشکرا گۆیی و ئاشکراکاریی. ئاڵوگۆڕی سیاسیی و مەیلی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، مافەکانی تاک و سەروەری یاسا و دامەزراوەکانی.... "ئەمانە گشت و گەلێک" بیرۆکە و روانینی تازە بوونەتە کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەموو دیالۆگ و باسوخواسێکی سیاسیی لە کوردستاندا. جا کوردستان تا چەند ئامادەی دەستاودەستکردنی ئەم چەمکانە و هاوڵاتی کوردستانیی تا چەند لێیان حاڵییە و دەیانکاتە داخوازیی رۆژانەی و تا چەند وەک زۆر چەمکی تر بەرووکەش مامەڵەیان لێلا دەکەین؟ ئەوەیان وردەکاریی راپۆرت وریپۆرتاژ وبەدواداچوونیی رۆژنامەوانیین.

ئەمانە "شانە نووستووەکان"ی سیاسەتی کوردین و کاری میدیایە لە خەویان هەڵسێنێ.

لەم ژمارەیەی هەفتانەدا لە "چیەتی بەشداری سیاسیی" دەپرسین و ئەوانی دیکەش ئیتر بەسەر دەکەینەوە.

سەیری ئەم چیرۆکە گاڵتەجارییە بکەن

*ڕۆژنامەی "یەنی ئوزگورپۆلیتیکا" کە pkk لەدەرەوەی وڵات دەریدەکات، بڵاویکردەوە "هەفتانە، ئاوێنە، ڕۆژنامەی کۆمەڵ، زمانحاڵی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان" پارە لە میتی تورکیا وەردەگرن بۆ ئەوەی دژایەتی pkkەی پێبکەن و وێنەی ئەم حزبە لەبەرچاوی خەڵکی باشوور بشێوێنن، وەک بڵێی وێنەکە لە جوانیدا بێ وێنەیە.

لای ناوەندی ڕۆژنامەوانی کوردستانیی، بە ڕۆژنامە، مینبەر و سەندیکاکانەوە ئەمە نەبووە باسێکی هەژێنەر، نە لەبواری ئیدانەکردنی ئەم بوختانە و نە لەبواری ئیدانەکردنی ئەم ڕۆژنامانە، ئەگەر ڕاست بێت پارە لە میت وەربگرن. لەجێی ئەوە هەندێک ڕۆژنامە باسەکەیان بۆ وروژاندن خستەگەڕ. ئەدی تاوانبارەکان، یانی هەرسێ ڕۆژنامەی تاوانبار کراو؟

*سەرنووسەری ڕۆژنامەی کۆمەڵ تۆمەتەکەی ڕەتکردەوە و شتێکی لە بابەت ئەمەی وت: ئێمە دۆستی بزوتنەوەی باکوور و pkkین .

*چالاکوانێکی سیاسیی باشوور، کە دۆستی ئۆرگانیکی pkkیە، ئەم تۆمەتەی بۆ ئاوێنە ڕەتکردەوە وەک بڵێی یەنی ئوزگورپۆلیتیکا خۆی هی pkk نەبێت و بەپارەی وان دەرنەچووبێت.

*ئینجاpkk ش دژی تۆمەتبارکردنی ئاوێنە ڕوونکردنەوەیدا و ئۆزگیر پولتیکاش بە نیوەناچڵی ئەم تۆمەتەی لێسایەوە و تەنها

لەسەر ئاوێنەی لابرد.، وەک بڵێی ئیتر ئەوانی تر بەفیعلی پارە لە میت وەردەگرن.

ماوەتەوە هەڵوێستی (هەفتانە) چییە؟.

*ئێمە دەڵێێن: ئەگەر "" یەنی ئوزگورپۆلیتیکا" راست دەکات و کەمترین مۆرالی رۆژنامەوانیی و نیشتیمانیی هەیە، بەڵگەکانی خۆی لەسەر ئەم بوختانە، لە سەر هەرسێ رۆژنامە، بڵاودەکاتەوە، چونکە کێ ئیدعا دەکات ئەوە داوای لێکراوە بەڵگە نیشان بدات، نەک ئەوەی تۆمەتی پێکراوە پاکانە بدات. هەفتانە و هیچ رۆژنامە وگۆڤارێکی باشوور پێویستیان بە پاکانە نییە،بەڵکو ئەوانە دەبێ روونکردنەوە بدەن کە بێ بەڵگە تۆمەت دەبەشنەوە.

لە هەفتانە کۆمبەسی کوردایەتی خۆمانمان لـێ تێکناچێت و بۆ ناسنامەی نیشتیمانپەروەرێتیشpkk مان نەکردووە بەمەرجەع. بەدوای ئەوەشدا " یەنی ئوزگورپۆلیتیکا "ش بەمەرجەعی پیشەیی میدیای باشوور ناناسێنین تاوەکو لەرزوتا بمانگرێت ئەگەر درۆ و دەلەسەی وامان لە شوێنێک تێبینیکرد. پشتگیریکردنمان لە بزوتنەوەی باکوور ئەرکێکی نیشتیمانییە ورەخنە لێگرتنیشی ئەرکێکی هەم نیشتمانیی و هەمیش رۆژنامەوانییە.لێ ئەمە خوویی حزبە تۆتالیتارەکانە ئەگەر رەخنەیەکیان بەدڵ نەبوو، بێ بەڵگەو فاکت تۆمەتی سیاسیی دەدەنە پاڵ میدیا

*هەفتانە یەک لەچەندین بڵاوکراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندنە و سەرچاوەی داراییەکەشی هەمان سەرچاوەی دارایی خەندانە. ئێمە رێگای میت و موخابەراتی داگیرکەران پێنازانین،بەڵام دیارە ئەوانە پێی دەزانن کە مەزەندە دەکەن موخابەراتی داگیرکەران دەشێ پارە بدەنە رۆژنامەوانی کوردیی.

بۆ دونیا لەمەسەلەکەی ئێمە ناگات؟ بۆ لە مەسەلەی تەعریبی کەرکوکو ئەنفالی گەرمیانو کیمیابارانی هەڵەبجە خەمساردن و نازانن چیمان لێقەوماوە؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەمە وەربگرینەوە بۆ ئێمە لەخۆمان نەپرسین: چی دەزانین لەسەر جەلادەکەی بۆسنیا، راکۆڤان کەرادیچ و سەدامەکەی یۆگسلاڤیای پێشوو، میلۆسۆڤیچ؟ بۆ داوا لە رۆژنامەکانی دونیا دەکرێت بزانن 182 هەزار کەسمان ئەنفال کراوە کەچی لە میدیای تازە سەرسەرهەڵداوی کورد بە ناخێری گیانمان کەمترین شتمان لەسەر ئەنفالی دارفۆرو کوشتاری بۆسنیاو راگوێزرانی کۆسۆڤییەکان نووسیووە؟

راستە میدیای کوردی رەنگدانەوەی خەمساردی کۆمەڵی کوردییە لە ئاستی هەموو خەمێکی ئینسانی هاوبەشدا، بەڵام خۆ ئێمە باسی خەمی ئینسانی لە کێشەی پەستانی گەرماو تەنگەژەی خۆراکدا ناکەین، ئێمە باسی خەمی ئینسانی لەئاستی قەڵاچۆکردنی میللەتانی تر دەکەین کە هاوشێوەی کورد فەلاقەکراونو تووشی فەوتان و دەرکردن هاتوون.

خوێندکارێکی کورد لەئەوروپا پێی سەیرە زانکۆ رۆژئاواییەکەی هیچ لەسەر تراژیدیای کوردستان نازانێ، لێ پێی سەیر نییە لەناو زانکۆی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکوکدا کەمترین توێژینەوە لەسەر باشووری سودانو دارفۆرو لەسەر قبتییەکانی میسرو ئەمازیغەکانی باشوری ئەفریقا نەکراوە. بۆ ئەوە لەخەڵک داوا دەکەین کە پێمان رەوا ببینن و خۆمان بەکەسی رەوا نابینین؟

میدیای کوردی وا دەزانێت کوردستان سەنتەری سەرگۆی زەوییە و دەبێ دونیا لەخەمی کورددا بێت و ئەویش هەر خەریکی خۆ خواردنەوەو چەلەحانێی کێشە ناوخۆییەکان بێت.

کوردستان بەشێکە لە جیهانو ئەمرۆ، بەهۆی جیهانگیریی وپردی پەیوەندی هەمەچەشنو تۆری گرێدانەوە بەدەرەوە، لەژێر کاریگەری دونیادایەو بەشێکی خودی گرفتە لۆکالییەکانیشمان لەئاستی سیاسەت، فەرهەنگو کۆمەڵ وئابوریدا رەنگدانەوەی ئەو بەریەککەوتنەیە کە چیتر ناهێڵـێ کوردستان لە پەناچیاکاندا لێی بخەوێو لەپاکیزەیی گەشەسەندنی زاتی کوردەواری دڵنیا بێت.

کوردستان بەشێکە لەجیهانو میدیایەکەشی دەبێ بەشێک بێت لەو جیهانە کە هاووڵاتی کوردستانیی ئامادە بکات بۆ مامەڵە و سەودا لەگەڵ پرسە هاوبەشەکاندا، یان هیچ نەبێت لەگەڵ ئەو پرسانەی هاوشێوەی خەمو خەفەتی خۆین.

ئەمنستی ئینەرناسیۆنال راپۆرتێکی نایابی لەسەر چەوسانەوەی کورد لەکوردستانی رۆژهەڵات لەهەموو بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئابوری و ئاینیدا بڵاوکردۆتەوە، ئەم راپرۆتە یەک لەهەوڵی گەورەی ناساندنی چەوسانەوە و بێ مافی گەلی کوردستانە لەئاستی دونیادا، راستە ئەمنستی لەدەریچەی مافی مرۆڤـو رەهەندە ئینسانییەکانەوە بۆی دەچێت. بەڵام مەگەر تێکۆشانی کورد و بزوتنەوە سیاسییەکەی بۆ مافەکانی مرۆڤ و لابردنی هەلاوێردی نەتەوەیی، مەزهەبی، جێندەری نییە و مەگەر مەسەلەی نەتەوەییش لەبنچینەدا بۆ دابینکردنی ماف و ویستە مرۆیەکانی مرۆڤ لەو بەشەی گۆی زەوی کە پێی دەڵێن کوردستانی رۆژهەڵات، نییە؟

بایەخی ئەم راپۆرتە لەناوەرۆکەکەیەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە تەوقیتی دەرکردنی و ئینجا ئەو رەهەندە نێودەوڵەتییەی هەڵگرێتی.

ناوەرۆکی راپۆرتەکە بە پێوەرێکی جیهانیی باسی ئەو هەڵاوێردە دەکات کە لەلایەنە جیاجیاکانی ژیانی کوردەوارییدا ڕەنگی داوەتەوە، تەوقیتەکەشی جووتە لەگەڵ دوو دەرفەتی سیاسیی: یەکەمیان گوشارەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران و دووەمیشیان هەڵسانەوەی کورد لەناوچەکە کە خۆی لەتەجرەبەی هەرێمی کوردستان لەبواری حکومڕانی و ململانێی کوردستانی باکوور لەگەڵ تورکیا بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن لەپرسەسیاسییەکاندا، دەبینێتەوە.

ڕەهەندی نێو دەوڵەتی ئەوەیە ڕێکخراوی ئەمنستی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەنگینەو دەوڵەتە گەورەکان حیساب بۆ ڕاپۆرتەکانی دەکەن، تەنانەت ئەوکاتەی لەسەرخۆشیان بێت. یانی ئەو ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی ئاسایی بێ دەسەڵاتی کۆمەڵی مەدەنیی نییە کە ئەدرەس و سەنگی لەسەر گۆرەپانی جیهانی دیار نەبێت. لەبەر ئەوە ئەم ڕاپۆرتە دەیان بەدواداچوونی، دەوڵەتداریی لەئاستی جیهان، دەیان ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوەش پرسی کورد لەکوردستانی باشووریش هەر لەم دەرگایەوە گەشەی کردو چانسێکی نێودەوڵەتی پێدرا.

بۆیە گرنگە کوردستانییان لە ڕۆژهەڵات لەبزوتنەوەی سیاسی حەریفەوە تا دەگاتە ڕێکخراوەکانی ناوەوەی وڵاتو ڕووناکبیرانی ئەکتیڤ ئەم هەلە بقۆزنەوە و پەرەی پێبدەن، نەهێڵن سارد ببێتەوە و لەم سنورەدا قەتیس ببێت.

پێشکەوتنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات دەبێتە مایەی دەرکەوتنی دوورابیەکی دیکەی پرسی کورد لە ناوچەکەدا.

کێ بەرپرسە لە تەندروستی هاووڵاتیان؟ کێ بەرپرسیارە لەوەی ئەگەر تووشی فەلاکەتی خواردنی پیسو ژینگەی نا لەبار هاتین فریامان بکەوێت، تاوانکاری ئەو جینایەتە تەندروستییە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێتو سزای بێ باکی بە ژیانی هاووڵاتیانی لـێ وەربگیرێتەوە؟

وەڵامی پرسیاری وا پرەنسیپیی ئاسانە: بێگومان دەزگاکانی تەندروستی لە وڵاتەکەمان، کوالیت کۆنترۆڵو دامودەزگاکانی هاوپەیوەند بەوان.

بەڵام لە واقیعدا لەوە ناچێت ئێمە ژیان و تەندروستی خۆمان و منداڵەکانمان زامن کردبێت، چونکە مەسەلەی کوالیت کۆنترۆڵ هێشتا قابیلی گفتوگۆو رێوشوێنەکانی رایی کردنە. ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ئەم جۆرە دامودەزگایە لە وڵاتەکەمان هەن، بەڵام کاریگەریان وا نییە کە بوونیان ببێتە بەشێک لە سیستمی تەندروستی وڵاتو ئەو ئیجرائاتانەشی لە رێی پاراستنی ژیانو تەندروستیان دەکرێت بایی ئەوەندە کاریگەر نین تاوانکارانی جینایەتی تەندروستی سڵ بکەنەوە لە خواو خەڵک و لە حکومەت بترسن.

لەوەدا کە هەرەمی دەزگا بەرپرسەکانی تەندروستی زۆرن و هەماهەنگی بۆ بەرپەرچدانەوە و لێپرسینەوەی تاوانکارانی تەندروستی کزە، یان لە حوکمی نەبوودایە، تێدەگەین کە ئێمە سەرمان بەگۆترە و ئەڵڵا قۆیسن سپاردووە.

لەم ڕۆژانەدا هاوەڵێکی ڕۆژنامەنووسی فری لانس بەخاو و خێزانەوە لە خەستەخانە کەوتبوون. ئێمە گلەیی ئەوەمان پێووت ماوەیەکە دیار نییەو ئەویش ڕەخنەی ئەوەی لێگرتین بۆ لەسەر ئەو ریزە خواردەمەنیو ریستۆرانتانە نانووسین کە مەرجی تەندروستی رەچاو ناکەن؟ بۆی باسکردین: چوار لەفەی گەسم لە خواردنگەیەک کڕی، کەچی هەر پێنجمان لە ماڵەوە تووشی سکچوونو ڕشانەوە هاتین، خوا خێری نەخۆشخانە بنووسێت کە فریامان کەوت.. ناو وناونیشانی خواردنگەم دایە پۆلیس و لیژنەی پەیوەنداری پارێزگا، بەڵام تائێستا خواردنگەکە بەردەوامە لە کەسابەت، یانی بەردەوامە لە خەڵک کوشتن!

دیسانەوە پرسیارەکە ڕەوایە کە کێ لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانە دەکات کە ئامادەنین ئەم خواردنە پیسە بدەنە منداڵی خۆیان، لێ منداڵی خەڵک بە تەلەف وخەسارەی جەنگەکان دەزانن.

قبوڵمانە ئایندەی سیاسی و ئابووریمان لە کوردستان دیار نییە، بەڵام کێ خەمی ئایندەی ساغلەمی و ژینگەی ئینسانەکانی ئەم هەرێمەیەتی؟

پۆلیپۆلیستی (شەعبەویەت) کوشندەترین دەردە کە تووشی ڕۆژنامەنووسی کوردی هاتووە. دەردێکە ئەگەر بەری پێنەگیرێ وا تەشەنە دەستێنێت کە بەرودوای خەرمانی زیاتر لە سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردەواری دەسووتێنێت. کارێک کە سەد ساڵە داموودەزگای داگیرکەران لە هەمبەر غەزەتەو کەلامی کورداندا بۆی نەچۆتەسەر.

میللیگەرایی دەردە، چونکە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئازادی تاکەکەسیو ئازاردانی تاکەکەسی، هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ڕۆژنامەی زەرد و لیبراڵ، سەربەخۆو سەربەگۆبەند ناناسێتو چی بوێت چۆنی بوێت، بێ ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتی گشتی ڕۆژنامە، وەک دەزگا و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە بەرامبەر کۆمەڵدا، دەینووسێتو بڵاویدەکاتەوە.

ڕۆژنامە کە گوزارشتێکە لە گوزارشتەکانی ئازادی، وەک خودی ئازادی هیچ نییە جگە لە بەرپرسیارێتی گوزارشتکردن. ڕۆژنامەی ئازاد وەک مرۆڤی ئازاد وایە، چونکە ئازادە تەنها خۆی بەرپرسیارێتی گوتارو ڕەفتاری خۆی هەڵدەگرێت. لە فەزای دیکتاتۆرییدا مرۆڤ هەرچی بڵێت، جا هەق بێت یان هەلەقومەلەق، نابێ نەبۆی حیساب بکرێت و نە لەسەری حیساب بکرێت، چونکە ئیرادەی وتنی خۆی نییە و مەحکومە بەوتنی ئەوەی دیکتاتۆریی ڕێی پێدەدات، بەڵام ڕۆژنامەی ئازاد تەنها خۆی و خوای خۆی بەرپرسیارە لە وتنو گوزارشتن کردن، بۆیە ئەرکی ئەمە قورسترە.

ڕەوتی میللیگەرایی لە میدیای کوردیدا لە سەنگەردایە دژی هەموو کۆمەڵ، هیچ کەسی پێ کەس نییە جگە لەخۆی. کۆمەڵـی پێ ناچۆرە گوایە دواکەوتووە، سیاسەتی پێ ناسازە، چونکە دواکەوتووەکان ئیدارەی دەدەن، زانکۆی پێ میحرابی جەهلە، چونکە کەسی تیانییە وەک ئەو ماریفەتی لـێ ببارێت. پیاوی پێ ناجوامێرە. ژنی کوردی پێ خانومان نییە و "بە جوانی بێ ناو"ی گۆرانیش قایل نییە. خەڵکو خوای ئەم دونیایەی پێ هیچە نەک لە فەلسەفەیەکی قووڵەوە، بەڵکو لەبەر خود پەسەندییەک کە مەگەر زەمەن لە تاشەبەردی ئەزموونی بدات.

ئەم ڕەوتە کە خۆی چەوتییەک دەنوێنێ لە هونەرەکانی ڕۆژنامەگەریدا، هەواڵ لەگەڵ بیروڕا تێکەڵ دەکا و شیعری لـێ دەبێتە لێدوان و لێدوانی لێ دەبێتە فەتوا، ئامادە نییە کەمترین داوای لێبووردن بنوێنێ و بچوکترین بەخۆداچوونەوە بکات، بەڵکو وەک کەللەڕەقێکی دواکەوتووی هەر ئەو کۆمەڵەی بوختانی دواکەوتوویی بۆ دەکات، ڕەفتار دەنوێنێ. لـێ مەعلومیشە کە کەللەڕەقی زەقترین دیاردەکانی کۆمەڵی خێڵەکێتییە.

ئەسعەد ئەلهاشمی وەزیری رۆشنبیری عیراق بەتۆمەتی کوشتنی دووکەس حوکمی لەسێدارەدانی دەرچووە، دوو کوژراوەکەش کوڕی میسال ئالوسی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقە، یانی کوڕی کارەکتەرێکی بەشداری هەمان حکومەت و پرۆسەی سیاسیین کە ئەلهاشمی تێیدا بەشدارە.

لەولاشەوە وەکیلی وەزارەتی رۆشنبیری کامل شیاع کوژراوە لەبەرئەوەی نووسەروو کارەکتەرێکی حکومەتی دیموکراتخوازە لە حکومەتێکدا تادێت بەرەو داخرانو بە مەزهەبی کردنی دامودەزگاکانی وڵات دەڕوات. هەمووکەسێکی چاودێری رەوشی سیاسی عیراق دەزانێ کە وەزیری رۆشنبیری پیاوێکی خاوەن پێشینەیەکی ئاینییە کە لەگەڵ کرانەوەی وەزارەتێکی وەکوو وەزارەتی رۆشنبیرییدا ناگونجێت.

بەڵام هەموو پێشبینییەکان دەیانووت هیچ نەبێ کابرا گیرۆدەی قەزای وەزارەتەکەی دەبێتو شتێک لە کراوەیی‌و ئەتەکێتی رۆشنبیریی فێردەبێت. کەچی وا بەتۆمەتی کوشتنیشی مۆری تاوانی لەناوچەوان درا. جا ئەگەر تەنانەت حوکمەکە بەزمو ئۆینیش بێتو لەبەر پاکتاوکردنی حیساباتی تایفەگەری بێت هێشتا مایەی سەیروسەمەرەیە کە وەزیری رۆشنبیری گومانی پیاوکوشتنی لێبکرێت.

باشە ئەگەر وەزیری رۆشنبیری پیاوکوژ بێت؟ ئەی دەبێ وەزیری بەرەڤانی و ناوخۆ و دەزگا موخابەراتییەکان چی بکەن؟

له راستیدا وەزیری ناوخۆ چەند دیموکراتو کراوە و پارێزەری مافی مرۆڤیش بێت، هێشتا باوەڕ ناکەم لەجێی وەزیری رۆشنبیریی دیوانو کتێب چاپ بکاو فیستیڤاڵی شانۆو دراماو سەمای بالێ سازبکات.

ئێوە چی دەڵێن؟

وێنەی سەربەرگو راپۆرتی ژمارەی پێشوو لەسەر هونەرمەندی گەورەی کورد ئایشەشان جێگای رەزامەندی زۆرێک لە خوێنەران بوو.

زیاتر لە پێشبینی ئێمە سەرنج و مەیل و تەلەفۆنی دەستخۆشیمان بۆ هات. ڕاستییەکەی ئێمە دەمانزانی ئایشەشان لای نەوەی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ناسراوو ڕێزلێگیراو بوو، بەڵام ئەوە کە خەڵکێکی زۆر لە نەوەی تازە هۆگری هونەر و دەنگ و ئەدگارە شیرینە کوردییەکەی بن، ئەوە خۆی لەخۆیدا دەرکەوتێکی جێی ئومێدو جاویدانییە.

لەگەڵ ئەو دەستخۆشییە، هەشبوون پرسیاری ئەوەیان کرد کێ ئایشەشانی وەبیر هێناونەتەوە؟ ئەم پرسیارە دەخەینە ڕوو تا گرفتێکی بواری رۆژنامەنووسی کوردی شرۆڤە بکەین.

ئەوەی ئایشەشانی وەبیر هێناینەوە دوو شت بوو:

یەکێکیان: (هەواڵێک) و ئەویتریشیان (بیروڕایەک) بوو، ئەم کۆڵەکەیەش بەسە بۆ پاکانەی هەر چالاکییەکی رۆژنامەنووسی کە تائێستاش بریتییە لە ڕۆژنامەنووسی هەواڵ و رۆژنامەنووسی بیروڕا.

هەواڵەکە ئەوە بوو ئەنستیتۆی هونەری کوردی پوختەی بەرهەمە نایابەکانی ئایشەشانی لە یەک پاکەتی سیدیدا بڵاوکردۆتەوە. پاکەتی ناوبراو بەشی هەرە زۆری گۆرانییە کوردی و تورکییەکانی ئایشەکەی کوردی تێدایە کە بە پوختکراوی و ساغکردنەوەوە هەردەڵێی ئەمڕۆ تۆمار کراون.

کۆششی وا شایستەی دەستگوشین وئافەرینە، هی ئەوەیە لە میدیادا بایەخی پێبدرێ و بکرێتە بۆنە بۆ بەسەر کردنەوەی ئایشەشان کە بە (بیرو باوەڕی) ئێمە رۆڵێکی گرنگی لە بوژاندنەوەی فەرهەنگی کوردستان لە باکوور گێڕاوەو بۆتە مایەی زیندووکردنەوەی ناساندنی باکوور بە کوردستانی باشوور لە سەردەمێکدا کە چ کوردستانی خۆمان و چ کوردستانی ئایشەشان لە تاریکستانێکی نەتەوەیی گەورەدا دەژیان.

ژنان و خانمانی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان گرفتاری دەردی دواکەوتن و پیاوسالارین، لەناویاندا ژنانی کورد و خانمەکانی گرفتاری دەردی نەتەوەییشن، چیرۆکی ئایشەشان چیرۆکی ئەو خانمە کوردەیە کە باوکو بنماڵەی لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی رێی پێنادەن گۆرانی بڵـێو دەوڵەتیش لەبەر هۆکاری سیاسیی و قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەی کورد ئایشەی لە هەردوو دیوی کوردستان راوناوە. وێڕای ئەوەش تێکۆشانی هونەری بەردەوام کردووە تا ئەوەی بەشی (12) سیدی بەرهەمی هەبێت.

ئایا ئەم نەبەردییە نەتەوەییە، کۆمەڵایەتییە هی ئەوە نییە رێزی لێبگیرێت و ببێتە تاجی سەرسەری گۆڤارێکی کوردی.

خەڵکی لەوە کەمتری کردووە کاسیان کردووین، ئەگەر وەک ئایشەکەی کوردیان بکردبایە بێگومان سواری سەرمان دەبوون.

(نیشتمانپەروەرێتی دوا پەناگای تەڵەکەبازانە)، ئەمە قسەیەکی دێرینو سەنگینیشە، بەڵام لەم هەلومەرجەدا ئەم قسەیە دیوێکی مەسەلەکەیە، بێ دیوەکەی تری ماناکەی کورت دێنێت.

نیشتمانپەروەرێتی دوا پەناگای ئەو تەڵەکەبازانەیە کە خۆیان لە خزمەتکردنی هاونیشتمانەکانیان دەدزنەوە. دوا پەناگەی ئەوانەیە کە تا دەتوانن خەڵک دەچەوسێننەوەو مەیلی سەرکوتکردنو بەرتەسککردنەوەی ئازادییان هەیە بەبیانووی ئەوەی نیشتمان لە خەتەردایە. ئەم قسە دێرینە لە باسی ئەوانە نووسراوە مانا راستەقینەکانی نیشتمانپەروەرێتی دەشێوێننو گرێدراوی چەوساندنەوەی میللەتی دەکەن. نیشتمانپەروەرە راستەقینەکان دەبێ پشت لەم جۆرە "نیشتمانپەروەرێتییە" بکەن.

ئەی دیوەکەی تری مەسەلەکە؟ دیوەکەی تری مەسەلەکە پێویستی بە پەندێکی ترە، شتێک لە بابەت ئەوەی قسەیەکی دێرینی تر گوزارشتی لێدەکات: (ئەی ئازادی چەند تاوان بەناوتەوە دەکرێت؟) ئەی ئازادی و رۆژنامەگەری ئازاد، جوامێری کرانەوەو شەفافیەت چەند تاوانتان بەناوەوە دەکرێت؟ چەند جار تەڵەکەبازەکان بەناوی تۆوە رۆژنامەگەرییان کردۆتە ماڵەباجێنەو مینبەری سوکایەتی کردن بە هەموو بەهاو نەگۆڕە کوردستانییەکان؟

لە کوردستاندا کەم نین ئەو کەسانەی رۆژنامەگەری ئازادو بێ پرەنسیپی لێک جیا ناکەنەوەو پاشاگەردانییەکیان دروستکردووە

هاوشێوەی پاشاگەردانی ئەوانەیە کە نیشتمانپەروەرێتی یەکسان دەکەن بە "تەڵەکەبازی نیشتمانپەروەرێتی"، ئەمانە بە هەردوولا دەخوازن نیشتمانو ڕۆژنامەگەرییەکەی بکەنە دۆزەخێک کەس دەرقەتی نەیەت نەک لەبەرئەوەی هەق بەلای ئەوانەوەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئیرهابێکی ڕۆحیو فیکری لە دژی موخالیفەکانی ئەم تەرزە لە ئارادایە، لێ ئیرهابێکی پەنهانو شاراوەیە.

تەڵەکەبازەکان لە هەردوو بەرە سوێندێکی نا موقەدەسیان لەنێواندایە کە نەهێڵن نیشتمانپەروەری عەقڵانییو ڕۆژنامەگەریی سەنگین سەر لە کوردستان بدات، چونکە "دز ماڵی شێواوی دەوێت."

جا هەقمانە بڵێین لە پاڵ ئەوانەی نیشتمانپەروەریان کردووە بە دوا پەناگا، هەشن دەخوازن ڕۆژنامەگەریی و مینبەرەکانی بکەنە پەناگای پاشماوەی کۆنەپەرستان، داخ لە دڵو جاهیلو تەنانەت تیرۆریستو گەندەڵەکانیش.

ڕۆژنامەنووسە ئازادیخوازە ڕاستەقینەکان دەبێ پشت لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرێتییە بکەن.

کتێبی بیرەوەرییەکان و فیلمی دیکۆمێنتاری مەترسیدارترین جۆرەکانی گوزارشتن لە رەوتی ژیانی کەسایەتییە سیاسییەکانی دونیاو لەهەمان کاتیشدا بەتامترین جۆرەکانیشن. گوتمان "بەتامترین" تاچێژی شیرینو خۆش بدەن، چونکە بەڕاستی بیرەوەرییەکان وێنەیەکی جوان، مرۆییانە لەسەر خاوەنی بیرەوەرییەکان دەدەن. هەمان شت بۆ فلیمە دیکۆمێنتارییەکان.

لە کتێبی بیرەوەرییەکاندا، کتێبی "لەسەر هێڵی ئاگر"ی ژەنەراڵ پەروێز موشەرەف دێنینەوە یاد کە خەریکە وا لە خوێنەر بکەن وا بزانن ریفۆرمی وڵات هەر بە پۆستاڵی ئەفسەرو جەنەڕاڵەکان دەکرێت. ئەم جەنەڕاڵە قەناعەتت پێ دێنێت کە حزبەکان، ئەوانەی دەبێ لە کۆمەڵە سیاسییە بزێوەکاندا داینەمۆی دیموکراسیو گۆڕان بن، هیچ نین جگە لە دەزگاگەلێکی گەندەڵو بنەماڵەیی کە لە نۆرەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، لە هەڵبژاردنەکاندا، دێنەسەر تەختی حکومڕانی تا بەشی خۆیان لرف بدەن.

ئینجا موشرەف "سوپا"شت وا بۆ وێنا دەکات دەزگایەکی بە دیسپلینە دژی گەندەڵی سیاسییەکان، دژی تیرۆرە، لەمەرگەساتی وەک بومەلەرزەو لافاودا بەهەڵمەترین دەزگای فریاگوزارییەو با مەسەلەی شەڕی پاراستنی وڵاتیش دژی هێرشی بێگانە لەو لاوە بوەستێ. لە فیلمە دیکۆمێنتارییەکانیش فلیمی چواربەشی BBC لەسەر ماڵەکەی سەدام حسێن، بەهەمان رەوتدا، وات لێدەکات لەگەڵ سەدامدا هاوسۆزو پشتیوان بیت. لەگەڵ بەرزانی برای

دڵسۆزی سەددامدا بەخوڕ بگریت کاتێک سەددام دووری دەخاتەوە .

BBCناچارت دەکات خەفەت بۆ ساجیدە بخۆیت کە براکەی کوژراوەو خەفەت بۆ کچە بێوەژنەکانی بخۆیت کە مێردەکانیان "ئەنفالکراون". بەمەش تەزبیحی لایەنداریو پڕو عەرەبی BBC سەدویەک دەنکی خۆی پڕدەکاتەوە.

مەسەلەش ئەوە نییە کتێبی بیرەوەرییەکان یان دیکۆمێنتاری ژیانو رەوتی مێژووی کەسایەتییەکان ئەوانە بێ کەموکوڕی نیشاندەدەن، ئەمڕۆ لە رۆژئاوا و لای ئەوانەی بانگەوازی رۆژئاوا دەکەن، هەر شەرمە بیرەوەریو دیکۆمێنتارییەکان کەسایەتییەکان بکەنە سۆپەرمانی بێ هەڵەو کەموکوڕی، بەڵام گرفت ئەوەیە بیرەوەرییەکان، جا شتی باش باس بکەن یان خراپ، چونکە زاتین جۆرێک لەهاوسۆزی دروست دەکەن. گرفتیش ئەوەیە کەسایەتییەکان تا لە سۆپەرمانی دوور بنو لە لاوازی ئینسانی نزیکببنەوە ئەندازەی هاوسۆزی لەگەڵیان شەقاوی تر هەڵدەکشێ.

راپۆرتی زۆرو زەوەندی میدیاو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی بێگانە لە سەر کوردستان (کە لەم ژمارەیەی هەفتانەدا روماڵی یەک لەو راپۆرتانەمان کردووە) خەریکە دەبنە دیاردەیەک پێویستی بە هەڵوێستەیەکی جددی هەیە. هەڵوێستەیەک کە هەڵسەنگاندنی سەرپێی تێپەڕێنێتو بڕیاری پێشوەختی لە پشتەوە نەبێت.

لە ئاستی خۆماڵیدا ئەوەی لە تەواوی پرۆسەی سیاسی کوردستان و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی، ئابوریی، فەرهەنگیو ئیدارییەکانی بە رەخنەو گازندەیە راپۆرتی میدیای بێگانەو توێژینەوە جیاکانی ئەنستێتوو ناڤەندەکانی لێکۆڵینەوە سیاسیو ئابورییەکان، لەسەر کوردستان، بە پشتو پەنای سیاسیی خۆیان دەزانن.

ئەوانەش رەخنەیان لە پرۆسەکە هەیە، بەڵام شتە باشەکانیشی دەبینن، ئەم جۆرە هەڵمەتە بە سەلماندنی ئەو رەخنانەی خۆیان دەزانن کە دەمێکە وەک بەشدارێکی پرۆسەی سیاسیی بەسەرکردایەتی کوردو هێزە سەرەکییەکانی دەڵێنو کەسیش نییە گوێیان لێ بگرێت. یانی سەلماندنی ئەوەی ئەمرۆ دونیا گوندێکی بچووکەو کەموکوڕیو خراپەکاری لە حوکمرانیو بەرێوەبردنی وڵاتدا شتێک نییە وەکو جاران بشاردرێتەوەو کەس پێی نەزانێت، بە پێچەوانەوە ئەمرۆ کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانیش وەک بەشێک لە جیهان دەبێت کۆمەڵگەی بەرپرسو داد پەروەر بن لە ئیدارەی دەرامەتەکانو لە بەرێوەبردنی دادگەرانەی ناوخۆییدا بۆ ئەوەی

دونیا بەیەک ریتمی سازان بچێتە پێشەوەو کار لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی بکات.

هەڵبەتە هەموو کەسێکی دنیا دیدەو سەرنجدەر لە دۆخی میدیای جیهانو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە دەزانێت ئەوانیش لە تۆری بەرژەوەندیو کارلێکی ئەجندا سیاسییە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکان بەدەرنین، بەڵام لە راستیدا ئەوە دیتنی یەک دیوی مەسەلەکەیە کە بگوترێت ئەم دەزگاو دایرە ئیعلامیانە دژی کوردنو دەیانەوێت وێنەی کورد بشێوێنن.

ئەو هەڵسەنگاندنە دەشێ هەڵسەنگاندنی هەموو کەسێک بێت کە شتی لە دژی دەگوترێت: دوژمنی منەو دەستی لە پشتەوەیە، بۆیە وام پێدەکات.

خۆی لە راستیدا ئەم جۆرە خوێندنەوە تاکەلایەنە دەبێ هاندەری چاککردنی کەموکوڕیو خراپەکارییەکان بێت نەک باعیسی پاڵدانەوەو نکۆڵی لێکردن. واتە ئەگەر گریمان میدیاو ناوەندە بێگانەکان لە دژی کوردو ئەجنداکەی کەموکوڕیەکانمان زلدەکەن، ئەدی ئێمە بۆ بەڵگە دەدەینە دەستی نەیارەکانمان.

نەقڵێک لە زەمانی سەعد زەغلولو لە زمانی سەعد زەغلولەوە دەگێرنەوە کە وتویەتی بۆ دژی میدیاکانن کە لەسەر کەمو کورییەکان دەنووسن؟ بۆ کەموکورییەکان چارە ناکەن کە نەبنە کەرەستەی دەستی میدیاو دەسکەلای دەستی ناحەزانی ئەجندای نیشتمانیی؟

له باسی گەنجدا هەمیشە قسە لەسەر هونەرمەندی گەنج، نووسەری گەنج، وەرزشکاری گەنج و ئێستاش لە گەرمەی ململانێ و قسە لەسەر گۆڕانی سیاسییدا باسوخواسی سیاسەتمەداری گەنجیش هاتۆتە گۆڕێ، بەڵام ئەوەی گفتوگۆی کورد و میدیاکانی کوردستان کەم بە لایدا دەچن سەرمایەداری گەنج یان گەنجە دەوڵەمەندەکانن. (هەفتانە) بابەتی بەرگی ئەمجارەی تەرخانی سەرمایەداری گەنج کردووە تا بزانین کۆمەڵی کوردەواری تا چەند وزەی گەنجانی لەم بوارەدا وەبەرهێناوە .

سەرمایەگوزاری گەنج تەنها لەو بوارانەدا نییە کە (هونەر و وەرزش و سیاسەتە). لە چاو بواری دەوڵەمەندیی و کارکردن، ئەوانەی نێو کەوانەکە بەرخۆریین نەک سەرمایەگوزاریی.

لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا بەهۆی فەرهەنگی کوردەوارییەوە کە خۆی لەگەڵ هاندانی کار و خۆدەوڵەمەندکردندا ساغ نەکردۆتەوە و لەبەر ئەمەش لە وڵاتانی چوون کوردستاندا دەوڵەمەندی وەک شەرمێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی هەموومان حەزی پێدەکەین، بۆیە کەس لەم توێژەی ناو دەوڵەمەندەکان، کە گەنجەکانن، ناپرسێتەوە.

لە زەهنیەتی گشتی خەڵکدا کوڕە دەوڵەمەند ئەو کەسەیە بە پارەی باوک و باپیرانییەوە دەنازێ، بەو ئیعتبارەی (کوڕی پاشا وەک پاشا دەژی)، ئەو کەسەیە هەموو شتێکی بۆ دەلوێ و هەموو لەزەتەکانی ژیانی لەبەردەستە. ڕەنگە ئەم وێنەیە بۆ هەموو

تواناداریک بشێت جا لەبواری پاوەر یان پارەدا بێت، بەڵام ئەی نابێ دیوەکەی تریش ببینین تا هەڵسەنگاندنەکە هاوسەنگ بێت؟

دەوڵەمەندە گەنجەکان دەیانەوێ بڵێن ئێمەش خاوەنی چیرۆکی تێکۆشانی خۆمانین، لە وڵاتێکدا کاردەکەین کە هەموو شتێکی دژی داهێنان و پرۆژەدارییە، لە ژینگەیەکەدا سەرمایەگوزاری دەکەین کە هیچ ئابووریناسێک سەر لە ناسنامە و فەلسەفە ئابوورییەکەی دەرناکات.

دەوڵەمەندە گەنجەکان دەخوازن وەک ململانێکارێکی بواری ژیان بناسرێن، وەک چیرۆکی سەرکەوتووەکان کە دەتوانن ململانێی فەزای بێ بازاڕی و بێ پرەنسیپی ئابووریی بکەن و لەناو قوڕی کوردستاندا تۆز هەڵبسێنن.

ئەوە وێنەیەکی کلاسیکییە لەسەر سەرمایەگوزاری گەنج کە بگوترێت مشەخۆری سەرکۆمەڵگە و سەر ورگی باوکەکانیانن. ئەوانیش ئازار و ژانیان هەیە کە چۆن شێوازە مۆدێرنەکانی کار بێننە بواری سەرمایەگوزارییەوە و پەیتاپەیتا دونیای تیجارەت و سەرمایەگوزاری نوێبکەنەوە، دەیانەوێ هیچ نەبێ دونیای خۆیان بگرنە دەست.

بێ گەنجکردنەوەی بواری پارە و سەرمایەگوزاری لە کوردستان زۆر زەحمەتە بواری "هونەرەجوانەکان" و تەنانەت بواری پاوەر و دەسەڵات نوێبکرێتەوە. ئەمە پەندی یەکەمی چیرۆکی سەرمایەدارە گەنجەکانە لە هەموو شوێنێکدا.

کێ ئەتوانێ وەڵامی پرسی نەخوێندەواری لە عیراق و کوردستان بداتەوە؟

دوای پتر لە هەشتا ساڵ لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراق هێشتا نیوەی ژنانی ئەم وڵاتە نەخوێندەوارن، وەک لە ڕاپۆرتی ئەم ژمارەی هەفتانەدا هاتووە. یانی نیوەی دایکانی ئێستا و داهاتووی نزیکی عیراق نەخوێندەوارن. مەبەست لە نەخوێندەوار بەپێوەرەکانی ئەمڕۆ نییە کە لە وڵاتی ژاپۆن بەوانەی کۆمپیوتەر نازانن دەڵێن نەخوێندەوار، بەڵکو مەبەست پێوەرە ئاساییەکانە، ئەوی کوردەواری پێیان دەڵێت حەرفێک لێک ناکەنەوە .

دایکانی نەخوێندەوار لە باشترین حاڵدا ئەگەر زۆر بە منداڵەکانیشیانەوە ماندووبن، دڵسۆزییان لەحاند بنوێنن، هێشتا ناتوانن تەکانێک بە خوێندەوارییان بدەن و ئایندەی گەشیان بۆ مسۆگەر بکەن. ئەم دەردە داخی نها نییە، بەڵکو دەردێکی دێرینە کە دەمنادەم هەڵدەداتەوە.

عیراقی سەردەمی پادشایی مەودایەکی زۆری ویست تا بینای دامودایەرەی دەوڵەت تەواو بکات. لەو ئاستە کۆمەڵایەتییەی ئەو کات هی ئەوە نەبوو هەنگاوی وا گەورە لە واری پەروەردەو فێرکردندا بنرێت. عیراقی جەمهوریش تروتفاقی جەنگی بۆ شەڕی کوردستان خستە گەڕەوە. لە تافی لاوێتی حوکمڕانی بەعسیشدا پڕوپاگەندەیەکی زۆرکرا لەسەر قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری. هەوڵەکان بچووکتر بوون لە پڕوپاگەندەکان.

زنجیرە شەڕەکانی سەددام کسپەی لە جەرگی دایکان هەستان، چاوەکان پڕ لە فرمێسک بوون و بینین لە چاوەڕێی کوڕی گۆڕ غەریبکراودا کوێربوونەوە، ئیتر خوێندەواری لە چی و لەکوێ؟

کوردستانیش لە هەموو ئەو قۆناغانەدا گرێدراوی عیراق بوو دوای ڕاپەڕینیش دەبێ بگوترێ هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو چارەی ئەم دەردە بکات. نە قەڵاچۆکردنی خوێندەواری بە پڕوپاگەندی جاران دەچێتە پێشەوە و نە بەرنامەیەکی بنەڕەتی کە لە ڕەگەوە خوێندەواری ببوژێنێتەوە.

لە کۆتایی هەفتاکاندا عیراق خەڵاتی قەڵاچۆکردنی خوێندەواری وەرگرت. ئەگەر لە هەفتاکانەوە تائێستا بەرنامەی خوێندەواری و پەروەردە و فێرکردن باش چووبا بەڕێوە، نە هەڵمەتەکەی مەحوی ئەومییەمان گەرەک بوو، نە ڕێپۆرتاژی ئەم ژمارەی هەفتانە، چونکە نیوەی ژنە نەخوێندەوارەکانی ئەمڕۆی عیراق لە هەفتاکاندا منداڵی بەر مەکتەب و خوێندن بوون، لێ دیارە کەس دەرگای مەکتەبی پێ نیشان نەداون.

نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمساڵ، ساڵی 2008ی ناوناوە ساڵی زمان. بایەخی ئەم یادە ئەو وەختە روونتر دەبێتەوە کە بزانین نەتەوە یەکگرتووەکانمان هەر ساڵێک بەناوی شتێکەوە ناو دەنێت کە پێویست دەکات لە ئاستی جیهاندا بایەخی پێبدرێت.

بەم مانایە زمان شتێکی جیهانییەو قەتیسکراوی خەمی میللەتێک لەو دەیان میللەتانە نییە کە زمانەکەیان هەڕەشەی لەسەرە. ئیتر ئێستا زمان گرفتێکی نێودەوڵەتییەو پێویست دەکات بەهەموو زمانەکان لەسەری بنووسرێت.

))زمان)) لە بنچینەدا ئامرازێکی تێگەیاندن، گەیاندنی زانیاریو بەم پێیەش ئامرازێکی بەردەوامی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. مرۆڤەکانی خاوەنی یەک زمان یان میللەتانی خاوەن زمانی بەربڵاوی جیهانی ئەوتۆ کە زمانەکەیان لە دەست خۆیان دەرچووەو بۆتە ئامرازێکی جیهانی پەیوەندیکردن، وەکو زمانی ئینگلیزی.

یان وەکو زمانی عەرەبی کە زمانێکە دەشێ بۆ تەعریبکردن بێتو دەشێ بۆ بەردەوامی پەیوەندی نێوان نەتەوەو میللەتە موسڵمانەکانیش بێت.

مەعلومە زمانەکان لە رەوتی پەرەسەندنی بەکارهێناندا دۆخی ئامرازی گەیاندنو پەیوەندییان تێپەڕاندووەو خۆیان لەخۆیاندا بوونەتە هەڵگری دەلالەتی تر کە لە ناوەوە گەشە دەکەن. جوانیو داهێنانو دەستەواژەی تازەی گوزارشتکردن بەرهەمدێنن، یان لە

ناوەوە بوونەتە جۆرێکی دیکەی شتەجوانەکانی ژیان چوون گوڵو دەریاو درەختو ئاو و هەوای پاک... هتد.

زمان هەروا ئەیقۆنەی پاراستنی نەتەوەو هەندێک جاریش ئامرازی پاراستنی ئایینو فەرهەنگە جیاوازەکانە. واتە ئەو کاتەی هەموو مرۆڤەکان دەشێ یەک تاقمی جل لەبەر بکەنو یەک جۆری ئۆتۆمبێل لێخورِنو لەناو یەک ژینگەی ژیانی شارو ڕێگەوبانو ئەپارتمانەکاندا بژین، دێن بە زمان جیاوازییە جوانەکانی مرۆڤە لێکچووەکان نیشان دەدەتەوە. واتە بەجۆرێکی تر نیعمەتەکانی خوداو سروشتمان پێ دەناسێنێتەوە کە نیعمەتی ڕەنگاوڕەنگیو جیاوازیی پێکەوە ژیاوەکانە.

لەبەرئەوەی کە زمان قەوارەو نەتەوە دەپارێزێ، دوژمنەکانی هەمەڕەنگی نەتەوەو میللەتەکان ڕقیان لە زمانە بەقەد ڕقیان لە زمان بەکارهێنەرەکان. لەوە دەچێت ڕقیان لە زمانەکانی خۆشیان بێت کە بە تۆبزی بەسەر خەڵکی تردا دەیسەپێننو ئاوا لە شوێنی تردا بەخەرجو خەساری دەدەن! نموونە بەمە داگیرکەرەکانی کوردستان کە قینی دونیایان لە زمانی کوردییە. یانی ئەمانە کە ڕقیان لە زمانی کوردییە ڕقیان لە کاری خوداو نیعمەتەکانێتی. ئەمەش حاڵەتێکە نزیک لە کوفر با ئەو میللەتانە ئیدیعای خودا پەروەریش بکەن. بۆیە لەوە دەچێت ئەم ساڵە ئینترناسیۆنالەی یوئێن ساڵێکی خنکێنەرو تەنگەنەفەسی بێت بۆ ستەمکارانی زمان. دە بە هەمووتان زمانیان لـێ دەربێنن.

بابەتی ئاڵا و گۆڕینی بابەتێکی هەستیارە،. بۆیە دۆسێی ئەمجارەی هەفتانە تەرخانی ئەو پێناوەیە. لێ هەستیارییەکەی بەندی زەمان و زەمینی ورۆژاندنێتی. ئاڵای عیراق بووە بابەتی یەکەم مشتومڕی یەکەم پەرلەمانی کوردستان. تا بە زۆر لە هۆڵی پەرلەمان دەرکرا. ساڵی 2003، یانی ڕاپەڕینی دوای رووخانی سەددام، لە هەرێمی سلێمانی هی عیراق و کوردستان پێکەوە هەڵکرا. لە کەرکوک چونکە خوێنی کوردایەتی گەرم بوو کورد ئاڵای کوردستانی لە هەموو جێیەک چەقاند. ئەمەریکییەکان وتیان با ئاڵای تایبەت بە کەرکوک هەڵبکەین. عەرەب سوور بوون لەسەر هی عیراق، کوردیش هی کوردستان. سەرەنجام لە داخدا ئاڵای عیراق لە هەموو تەلبەند و عەمودێک چەقێنرا. دواتر چمان بینی؟ ئەوانەی کوردستان رەشەباو غەدری زەمانە کونکوونیان کردو ئەوی عیراقیش کەس نەبوو تازەی بکاتەوە. ئەوانەی مشتومڕی ئاڵایان دەکرد نە لەسەر ئاڵای دڕاوی عیراقو نەهی کونکونکراوی کوردستانیش نەهاتنە قسە.

باشە چ دەبوو ئەگەر سازانێک بکرایە: ئاڵای عیراق لەگەڵ هی کوردستان و لەگەڵ دانەیەکی تایبەت بە کەرکوک. مەگەر لەبەر دەروازەی شارەوانی سلێمانی وا نییە؟

بەڵام چونکە مەسەلە بۆ کورد کوردە ناموسەو بۆ عەرەب عەگاڵی عەرەبی بوو، مشتومڕی ئاڵا درێژەی کێشا. کورد سێ ئەستێرەکەی لابردو عەرەبیش بەنا بەدڵی ئەوەی قبوڵکرد. وا

ئێستا عیراق بە بێدەنگی پێشبڕکێ بۆ گۆڕینی ئاڵای نوێ دەکات. یانی ئەوی بە تێچوونییەکی زۆر لەسەر کورد کەوت ئەمڕۆ هونەرمەندێک لە پێشبڕکێیەکی ئاساییو بە پاداشتێکی چەوریش یەکلایی دەکاتەوە؟

ئایا گرفتەکە لە ئاڵادایە یان مرۆڤەکانی ژێر پەرچەمی؟ لە مەمالکی پێشکەوتوودا تفاقی سەرکەوتن ئامادە دەکرێت ئینجا ئاڵای گوزارشتکەر لە سەرکەوتن هەڵدەکرێت. عیراقییەکان بە کورد و عەرەبەوە لەو زاوایە دەچن کە جلی بوکێنی دەکڕن کەچی هێشتا دەستگیرانی جێی مەبەستیان دیاری نەکردووە.

هیچ سیاسەتێک بەگرژی سەرناگرێت. ئەوی بەشێنەیی بەدەست دێت لەبار گرژیدا بەگران لەسەرت دەکەوێت.

کەوابێ ئاڵا دەشێ رەمزی گوزارشتکەر بێت لە کێشەو دەشێ لە شێنەیدا رەمزی گوزارشتکەر بێت لەسەرکەوتن و نزیکایەتی لە بردنەوە .

ئەم هەفتەیە هەفتەی پێداچوونەوە بوو بە کاروبارەکانی هەردوو گۆڤاری دەستەخوشکی خەندان ئەلئسبوعیەو هەفتانە: هەفتەی دەستکاری بەرنامەی کارکردن و مشتومالّ کردنی هەست و روانینی رۆژنامەوانی بوو لەپێناو گەشەپێدانی زیاتری پرۆژەی خەندان وەک پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆ و سەنگین لە ئاستی کوردستان و عیراق و بەرەو جیهانی فراوانی دەرەوەش.

دەرفەتی دیداری هەردوو ستافی کوردی و عەرەبی گۆڤارەکە جگە لەوەی بۆنەی ئاڵوگۆڕی بیرورا و شارەزایی رۆژنامەوانیش بوو لە بواری سیاسەتی گۆڤارەکە، دیزاین و سەلیقەی نڤیسکاری لە ئامادەکردنی راپۆرت و ریپۆرتاژ و هەواڵ و دیدار و هەموو ژانرەکانی دیکەی کاری میدیایدا، هەر خۆشی، بەدیوە مرۆیی و سیاسییەکەی لە خولێکی بێ گرێ و گۆڵی دیالۆگی کوردی - عەرەبی دەچوو.

ستافی عەرەبی ئەلئسبوعیە و ستافی کوردی هەفتانە ناچار بوون گفتوگۆ لەسەر روانینە سیاسییەکان بکەن بۆ ئایندەی کوردستان و عیراق و خەمە هاوبەشەکانی هەردوولا کە داخۆ چۆن چۆنی لە بواری کاری خۆیاندا گوزارشتی لێ بکەن یان راستتر رووماڵی بکەن؟ بەو ئیعتیبارەی سیاسەت و کارەکتەرەکانی، چیرۆکی دۆڕان و بردنەوەکانی، کەرەستەی بەردەستی رۆژنامەنووسن بۆ پیادەکردنی سیاسەتی رۆژنامەوانی لەهەر چاپەمەنییەکدا. نەخاسمە بۆ هەفتانە و ئەلئسبوعیە کە یەک

پرۆژەن، لـێ بۆ دوو وەرگری جیاواز کە لە زۆر شتدا هاوبەشن، بەڵام دوو روانینی جیاوازیان بۆی هەیە، دەردەچن.

گفتوگۆکان دیموکراتی بوون و دروستی مەیلی خەندانی سەلماندەوە کە پرۆژەی میدیایی سەنگین لە باریدایە چارەسەریش لەنێوان دوو روانینی، دوو ستافی رەگەز جیا بدۆزێتەوە کە لەیەک پرۆژەدا کار دەکەن. مادام لە بنەڕەتدا کاری رۆژنامەوانیی لە هەموو دونیادا هەر یەک پەیامە، ئەگەر لەرێی پیشەگەریی خۆی لای نەدەین.

لـێ گرینگتر لە لێککەیشتن، بەرنامەی گەشەپێدانی بڕیارلێدراوە کە موژدەیەکی خۆشە بۆ خوێنەران. نامانەوێ لێیان تێکبدەین تا دیدەی روونیانی پێ شاد دەبێتەوە.

تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراق بە پارەی خەزێنەی گشتی پشتیوانی توێژێکی حوکمڕان لە بەغدا دەکات. بۆتە دەسکەلای هەر سەرۆکی حکومەتێک کە دێتە سەرکار و سیاسەتی میدیایی گرێدراوی سیاسەتی سەرۆک وەزیرانە. شتێک کە لە عیراقییەدا، کەناڵی سەرەکی تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراقی، جێگیرە، کاتەکانی نوێژ و بۆنە ئاینییەکانی تایفەیەکی دیاریکراوە، دەنا ئەو باسەکانی تر بەندە بە میزاجی ڕۆژ و سیاسەتی سەرۆک وەزیرانی عیراق لە دژی نەیارە سیاسییەکانی.

تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراقی بۆ ئەوە دروستبوو لەسەر تەرزی BBCکار بۆ میدیایەکی تواناداری عیراقی بکات کە دەوڵەت پارەداری بکات، بەڵام سیاسەتەکەی سەربەخۆبێت.

ئەوی ئێستا دەیبینین دەوڵەتی عیراق پارەکەی دەدات، بەڵام بۆ قازانجی دەستەیەک بینەری عیراقیش کە تێچووی ئەم کەناڵە گشتییە لە پارەی ئەو، یانی لە خەزێنەی گشتی وڵات، دەدرێت، ناچار گوێ لەو خیتابە ئیعلامییە بگرێت کە پارەی خۆی دەرناهێنێتەوەو خزمەتی دەوڵەت ناکات، مەگەر دەوڵەت لە دەستەیەکدا کۆبکەینەوە.

باشە تۆڕی ڕاگەیاندنێک شکستی هێنابێت لە ڕووماڵکردنی بابەتیانەی ڕووداوەکانی عیراق، لە داکۆکیکردن لە پرۆسەی سیاسیی عیراق لە هەمبەر ئەو کەناڵە فەزائییە عەرەبیانەی دنەی تیرۆر و توندوتیژی دەدەن، ئیتر بۆچی بمێنێ؟ باشتر نییە

دابخرێت؟ ئەم تۆڕە لە هیچ شتێکدا سەرنەکەوت، مەگەر لە قووڵکردنی خیتابی تایفەگەری و فەرامۆشکردنی کورد کە لە 25% میللەتی عیراق پێکدێنێت و بەوپێیەش لە 25%ی بودجەی ئەم تۆڕە دابین دەکات. کەچی بەو حاڵەشەوە لە ململانێی نێوان هەرێم و بەغدادا کورد لە سەباح و عراقییەدا وەک نەیارێکی پەنهان نیشاندەدرێت.

دەزانم وەڵام ئامادەیە: ئەی ئەوە نییە ڕۆژنامەی نوێ و کەناڵی ئەتیاف؟ ئەو بەشە خراپەی کوردیش دابخەن کە زمان و ئەندێشەی کوردی شێواندووە.

ئەگەر دەخوازن خزمەتێکی گشتی بە کورد و عیراقیش بکەن ئەوا پێداچوونەوەیەکی رادیکاڵی لە تۆڕی ڕاگەیاندنی عیراقیدا بکەن تا ڕادەی داخستنیش.

ئەگەر ئەمانە بۆختانن با یەکێک توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر ئەدائو و ئاستی لایەنداری ئەم تۆڕە بکات. بە داتا و ئامار و کێرفی چاودێریکردن شتێکی ڕێکوپێکمان بداتێ کە بەرپەرچی ئەم سەرنجانە بداتەوە.

(عیراق و هاندەرەکانی ـ تیپێک بە سێ ئاڵاوە) ئەمە تایتڵی سەرەکی یەکەمین ژمارەی هەفتانەیە لەساڵی نوێدا. گوزارشتێکە لە هەواڵێکی وەرزشییەوە وەرگیراوە، بەڵام جوانترین دەربڕینە لە دۆخی عیراق لە وەختێکدا پێدەنێتە ساڵێکی نوێوە.

لە ساڵی نوێدا، هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکرێت کە سیستمی سیاسیی بەرەو هەرێمە فیدراڵییەکان، یان لە سیناریۆیەکی خوارتردا، بەرەو نا ناوەندێتی پارێزگاکان دەبات. ئەمەش نەخشەیەکی نوێی سیاسیی دێنێتە وڵاتەکەوە کە هێزی لۆکاڵی ناوچەکان ڕۆڵی تێدا دەگێڕن و بەو نەخشەیەوە ڕوو لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری وڵات دەکەین.

کەشی ئەم بۆنە دیموکراسییانەش هەمووی لە کەشی پێکدادانی ڕووانین و بەرژەوەندی پێکهاتەکان دەقەومێن. یانی پێکدادانەکان هەر دەمێنن، بەڵام دەبێ بە ڕێوشوێنێکی دیموکراسییانە بەڕێوەبچن و هەموو لایەک دەست و پەنجە لەگەڵ ناکۆکییەکاندا نەرم بکەن.

سەیری وێنەی بەرگەکە بکەن: کۆمەڵێک هاندەری ڕەگەز جیاجیای عیراق بەئاڵای دڵخوازی خۆیانەوە پشتیوانی لە تیپی وڵاتەکەیان دەکەن، کە ئێستا وەک جاران نییە و یاریزانی هەموو نەتەوەکانی تێدایە و بە بێ ئەوەی ئەو تیپە لەسەر بنچینەی موحاسەسە کۆمیدیای وەک مەشهەدانی تێبکەوێت!

هاندەرەکان ئاڵای کوردستان، ئاڵای عیراقی سێ ئەستێرە و ئاڵای عیراقی ئەڵڵاهوئەکبەریان بە تەنیشت یەکەوە ڕاگرتووە و هەمووشیان، بێ هیچ گرێیەکی دەروونی، شوێنیان لە وێنەکەدا بۆتەوە. سێ عیراق بە سێ ئاڵاوە.

کەس ناتوانێ ئیدیعا بکات ئەم وێنەیە کۆلاجکراوی دەستی کوردە (جوداخوازەکان) یان کودەتای سوننەکان یان گاڵتەجاڕی شیعەکانە. ئەمە وێنەی وێنەگرێکی پرۆفیشناڵی فرانس پرێسە، کە جگە لە ڕووماڵکردنی ڕاستی دۆخی ڕەنگاوڕەنگی عیراق، هیچ بەرژەوەندییەک هاندەری گرتەکەی نەبووە.

ئەم وێنەیە بەم هەموو گرفتانەی عیراقیشەوە، دەشێ لەساڵی نوێدا ببێتە ئایندەی وڵات، بەمەرجێک تیپی دەستەبژێری سیاسیی گیانی وەرزشی وەک ئەم هاندەرانە بەرز و باڵا بێت.

"ژیان جوانە" ئەمە ناوی فلیمێکی دەرهێنەری ئیتالیایی رۆبرتۆ بینینی یە لەسەر هۆلۆکۆستی جولەکەکان. لە بنچینەشدا ناونیشانەکە هی ترۆتسکییە ئەو دەمەی لـە مەنفای مەکسیک دەژیا. جا ئیتر ترۆتسکی بۆ چی دوای ئەو هەموو دەردیسەرییە پێی وابوو "ژیان جوانە" یاخود بۆ فیلیمێکی ئیتاڵیایی خەمهێنەر ئەم ناونیشانە گەشبینەی بۆخۆی هەڵبژاردووە، ئەوەیان پتر لە مانایەکی پەنهان هەڵدەگرێت.

ژیان جوانە، بەهەموو خۆشی و ناخۆشیەکانییەوە، بەهەموو کۆسپ و تەگەرە دەستکرد و سرووشتییەکانییەوە، ژیان جوانە بە هەموو تاسەی سەرجادە و تاسەی دڵ و کڵپەی دەروونی ماندوو و هیلاکەوە. هی ئەوەیە مرۆڤ بۆی بژی و لە پێناویدا کۆشش بکاو سەبری ئەیوەب بکاتە رێنوێن. لەبەر ئەوەیە نازم حیکمەت لە نائومێدی چواردیواری زیندانیشەوە دەیوت "ئەو کتێبانەم بۆ بنێرن کە کۆتاییەکەیان خێرو خۆشییە: با خۆشەویست بگەرێتەوە بۆلای خۆشەویستەکەی، با ئەو بەندییە مەحکومە بەر لە سێدارەدانی پەتەکەی ملی بکەنەوە، با منداڵەکە ژیر ببێتەوە و کێڵگەکان ئاوەدان بن".

لەوانەیە ئەمە نەفەسێکی چەپگەرایی بێت لە دونیای مەنگی راسترەویدا. بەڵام هێشتا نەفەسی وا لە مەیلی میلگەرایی باشترو ئەهوەنترە.

هاوڕێیان ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە کۆتاییەکانیان خێرو خۆشییە. لەهەر شوێنێک بوون یادگاری خۆشی و شیرین هەن، کە شوێنەکەتان جێهێشت هەمیشە ئەو یادگاریانەتان لەبیر بێت کە هی دلۆڤانی و فەرەحناییە. بەلای ئیجابیدا دایبشکێنن لە بەیانانێکدا کە مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامەکان هەر دیووە سەلبییەکە دەردەخەن.

دونیا پێچی مێزەرێکەو هی ئەوە نییە دووگرێی تری لێ ببەستیت، ڕۆژەکان ئەوەندە کەمن هەربەشی بەخۆشی ژیان دەکەن و دەرفەتێک بۆ تالاّ و ترشی نەماوەتەوە.

"ژیان جوانە" لە فلیمەکەو لەواقیعیشدا، دەهێنێ وەکو مریەمی گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک بەردی بۆ هەڵبگرین بەشانمان، دڵی پێ خۆشبکەین لەکانی دڵەوە، بەسەر ئەنفال و هۆڵۆکۆست و تاکە کۆستیدا زاڵبین.

"لەوانەیە"! نەتوانین لەکونی دەرزیەکەوە حوشترێک ببەینە ژوورەوە، لێ مەعلومە ئەگەر چاوتیژ بکەینەوە بەوێنەی دیزاینەرێکی بەهرەمەند لە کونی دەرزییەوە، نەک حوشتر، بەڵکو دونیاش ببینین. لەبەر ئەوەیە کورد وتویەتی سەری دونیا بەپووش نەگیراوە.

ژیان جوانەو سەری دونیا بەپووش نەگیراوە، ئەگەر ئیرادە بۆ دیتن هەبێت. هەمیشە لە یادتان بێت ویست پێشی ئەگەرەکان دەداتەوە.

شتێکە لە بابەت (وتلک الایام نداولها بین الناس)، دونیا خۆی پێچی مێزەرێکەو هی ئەوە نییە لە بچوکترین دەرکەوتدا پێمان وابێت ژیان جوان نییە!

ترسناکترین جۆرەکانی سیاسەت سیاسەتی بەسەرچاوە.

بـــرادەرێکم هـــەیە نموونەیەکی خۆش دەگێڕێتەوە لەسەر ئەوە.

دەڵێ کارمەندێک قەد بێ دڵی بەرپرسەکەی ناکات.

هەرچی بەرپرس پێی بڵێ دەڵێ بەسەرچاو. ئەگەر پێی بڵێ دەوڵەتێکی کوردیم بۆ دابمەزرێنە بێ رەچاوکردنی بەربەستە ئیقلیمییەکان، بێ لێکدانەوەی زەحمەتییەکانی دروستکردنی دەوڵەت، بەسەرچاوێکی بۆ دەفەرمێ، باشە ئەم باوەڕبەخۆبوون و بەسەرچاوە لە کوێوە دێت؟ لە هیچ! تەنیا لەوەدانەبێت کە بەرپرس مژۆڵە و لەو دەشتێ پاش ماوەیەکی تر بە (بەسەرچاوێکی تر) بەرێبکرێت.

سیاسەتی بەسەرچاو سیاسەتێکی چەوت و سواوە. هەم چاو کزدەکا و هەمیش گلێنە کاڵدەکاتەوە. رێک برای سیاسەتی دەستی دەستی پێکردن و فریودانە. ئەمیان دەستی دەستی کردنە بە خەڵک و ئەویشیان دەستی دەستی کردنە بە هاوڕێ و دۆستەکان.

بەسەرچاو دەستپێشخەری و کارکردن پەک دەخات، لەکاتی وەبەرهێنان و تێکۆشان دەخوات و کە کاتی ئیستحقاقی لێپرسینەوە دێت، خاوەنی چاوەکە شوێنێکی دەست ناکەوێت سەری لێ بشارێتەوە و چاوی تیاداخات! چونکە رێ لە بینینی کەموکوڕییەکان دەگرێت.

سیاسەتی بەسەرچاو هی زمانلووسەکانە، کەوایان هێناوە دڵی کەس لەخۆیان زیز نەکەن و لەسەر هیچ شتێک نەچنە گفتوگۆ و پێسەلماندنەوە.

هی ئەوانەیە نە لە کاردا ئەجێندا و لە کرداردا خەلەو خەرمانیان دیارە. شتێکە وەک پێ سپاردنی ئەمڕۆ بە سبەی و سبەی بە ئایندەیەکی نادیار.

لەجێی بەسەرچاو مرۆڤ تاووتوێی بەربەست و ئاستەنگەکان بکات باشترە، راستگۆبێت لەگەڵ خۆی و خوای خۆی و خەڵکدا.

کوردستان پڕە لەو کارەکتەرانەی تەنها بۆ رازیکردنی دڵی خەڵک دەدوێن و دەجوڵێنەوە، لەجێی ئەوەی خۆیان سیاسەتێکی مەحکەمیان هەبێت، پێشڕەویاتی سەردەم بکەن، لەسەر و لە خوارەوە بە بەسەرچاو خۆیان دەپەڕێننەوە.

هەموومان، بەرپرس بین یان هاووڵاتی ئاسایی یان رۆژنامەنووس، هەقمانە لە بەسەرچاوی ئەوانە بترسین.

چاوی وا فریودەرە، سەری وا سەرمان بە فەتارەت دەدات و ناهێڵێ هیچ پێشکەوتنێک لەکار و فەرماندا بقەومێت.

هەندێک جار لەگۆڤاردا، بابەتی هەمەڕەنگی دوور لە سیاسەت زێتر لە بابەتە سیاسییەکان سیاسی ترن و ئاماژەی سیاسییان لەخۆ گرتووە، یەک لەو بابەتانە لەم ژمارەیەی هەفتانەدا دەبینرێت کە لەسەر جنۆکە و سیحر بازییە.

بابەتەکە دەڵـێ بەرپرسەکانیش سیحربازی خۆیان هەیە! بۆنا؟ خۆی ئەمە هیچ دەلالەتێک هەڵنەگرێ ئەوەی تێدایە کە بەرپرسەکانیش وەکو هەر مرۆڤێکی ئاسایی باوەڕی جیاجیان هەیە، هەیە ئارەزووی لە سیحرو باوەڕی بەبورجەکانە، هەشە باوەڕی بە چانس یان بە ساتەوەختێکی ژیانی خۆیەتی. هەیە باوەڕی بە ساڵی فەردی یان زەوجییە، لە درامای یۆلیۆس قەیسەردا عەرافەکە لە گەرمەی ئاهەنگەکەدا پێشبینی دەداتە قەیسەر کە لە 15ی ئاداردا وریا بێت، شتێک یەخەی پێدەگرێ وتووشی گرفتاریی ژیانی دەکات. بەلوتکەی گرێی دراماییدا بـە فیعلی قەیسەر لە 15ی ئاداردا لەخوێندا دەگەوزێو بەخەنجەرەکانی غەدر وخیانەت دەکوژرێ. لەوێش قسە بەربڵاوەکەی دەکا: (تەنانەت تۆش پرۆتۆس)؟

نەک هەر پرۆتۆس بەڵکو سۆشیالستێکی وەکو فرانسوا میترانیش باوەڕی بە سیحرو چانس و جادوگەری هەیە.

کتێبی بیرەوەرییەکانی ئەو خانمە جادوگەری ناوبەناو لەپی سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسای دەخوێندەوە بەڵگەیەکی روونە کە ئەم پیاوەی دەبوایە باوەڕی بە میتافیزیقا نەبێت چۆن دوای

پێشبینییەکانی جادوگەرەکەی دەکەوێت؟ خانم لەو بیرەوەریانەیدا ئێژێ زۆرجار لە ئەسانسۆردا تووشی مەدام دانیال میتران دەهاتم کە نەیدەزانی بۆ لای کێ دەچمو چۆن مێردە چەپەکەی بێ ئاگاداری وی خەیاڵی لای سیحر و چانسە و بێ ئاگاداری جنۆکەکان دەست بە ئاوا ناکات.

جا لەئەوروپا وا بێت کەلانکی شارستانیی و عەقلانیەتە، بۆلای رۆژهەڵاتە حەیاتەکەی خۆمان، بە کوردستانیشەوە، جیاوازبێت؟

ئەرێ وەڵڵا خەڵک هەیە جنۆکە رێنوێنو ئەستێرەی بەختێتی. خوابکەم لەم سنوورەدا بوەستێ !

قەرار بوو ئەم ژمارەیەی هەفتانە بە ناساندنی شارۆچکەی تەق تەق برازێنینەوە، شارێک لە پەنا سەروەری شارەکەی حاجی قادری کۆیی و لەبنا گوێی کەرکوکدایە. کەچی کاکی رێپۆرتەری تەق تەق وێنەکانی لەبار نەبوون، دوو مانگە لەگەڵ نڤیسکاران تەگبیری پەیداکردنی وێنەی جوانی تەق تەقمانکرد هەر پەیدا نەبوو، تا دڵی خۆمان بە ناساندنی پردی دەلال لە زاخۆ دایەوە.

گۆڤارێک وێنەی تەق تەقی نییە و خۆشی بە گۆڤارێکی پرۆفیشناڵی کوردستانیی دەزانێت.

باشە با لە خۆمانەوە دەست پێبکەین، بۆ رۆژنامەوانیی کوردی هێندە لۆکاڵییە هەر بەر پێی خۆی دەبینێ و هیچی تر؟

با نموونەیەکتان بۆ بگێڕینەوە. هەفتەی رابردوو لە بنکەی ژین ژمارەکانی گۆڤاری هیوامان بەسەر دەکردەوە. گۆڤارێک لە کۆتایی پەنجاکاندا لە بەغدا دەردەچوو، بەو توانا داراییە، ئیدارییە، رۆژنامەوانییە، دیزاین و چاپکردنی ئەوسای میدیای کوردی خزمەتی دەکرد. ئەمما خزمەتێکی کوردستانیی.

هەر ژمارەیەکی (هیوا) بە وێنەی شار یان شارۆچکەیەکی کوردستان رازێنرابۆوە،کۆیە، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، ئاکرێ.. هتد. داخی گرانم چاپی ئەوێ رۆژگارێ تەڵخ بوو دەنا ئەو وێنە نازدارانەی 1957 ـ 1958 دەبوونە مێژوویيەکی دەگمەن بۆ ئەرشیفسازی و دێکۆمێنتکردن.

گۆڤارێک ڕێک نزیکەی شەست ساڵ بەر لە ئێستا لە بەغدا دەردەچێت کەچی سۆزی کوردستانیی لەو گۆڤارانەی ئێستا زیاترە کە لەناو وڵات پەخش دەبن.

ئەمە پاشەکشێیە لە بواری ڕۆژنامەنووسی یان زاڵبوونی سیاسەتی لۆکاڵی و ناوچەگەرێتییە کە تەق تەقی لێکردووین بەو دیوی سنوور بە جۆرێک دەستی پەیامنێرێکی خەندانی نەگاتێ؟ ئەگەر ئێمە بۆ باشوور وا بین ئەدی بۆ بەشەکانی تری کوردستان وعیراق و جیهان چی بڵێین؟

"چۆن دەوڵەمەند دەبیت" ناوی راپۆرتێکی ئەم ژمارەیەی هەفتانەیە. لە ناونیشانەکەرا دیارە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە بەفیعلی چۆن دەوڵەمەند بیت؟ بەڵام راستییەکەی دەوڵەمەند بوون بە نوسین و راپۆرت بەسەر کردنەوە نییە. ئەگەر ئەم راپۆرتە مایەی دەوڵەمەندی بێت ستافی هەفتانە پێش کەسی تر کلیلی دەوڵەمەندیمان دەدۆزییەوە و دەچوینە ناو ئەو جیهانە سحرییەی هەیبەت و هێزی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بێگومان سیاسیش بە مرۆڤ دەبەخشن. جا لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکان کێبرکێ دەکەن ئێمەی" دەستەی نوسەرانی دەوڵەمەند" راپۆرتەکەمان نەدەخستە بەردەست خوێنەرەکان کە ئەوانیش هێزو هەیبەت و دەسەڵات پەیدا بکەن. دەمانشاردەوە وئەم ژمارەیە نەدەکەوتە بەردەستی خوێنەرە رکابەرەکانمان.

تەماشا یاران، پارە ودەوڵەمەندی لەباریدایە چی فیتنەیەک بگێرێت لە نێوان نووسەران و خوێنەرەکانیشدا. بنوارن دەوڵەمەندی و پارەداری چاک تەوزیف نەکرێت چ کێشەیەک دەخوڵقێنن؟

با لە گەپ لابدەین و وەبیرمان بێتەوە فیتنەی پارەو ململانێی دەوڵەمەندیی لەسەد فیتنەی ئایدۆلۆژیی و خۆسەپێنی باشترە.

فیتنەی دەوڵەمەندیی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و ململانێی شارستانیی لێدەکەوێتەوە ئەگەر یاسا و رێسا رێکی بخات و بازاڕ ئازادو هاوسەنگ بێت.

نهێنی دەوڵەمەندی لەڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانییدا نییە، بەڵکو لەوەدایە پارە پارە دێنێت و خۆشگوزەرانی خۆشگوزەرانی چەند قات دەکات ئەگەر مرۆڤ توانا ماددی و ژیرییەکانی باش بخاتە کار.

ئیرادە و کەسابەت و ملنەدان بۆ تەمبەڵی ڕاستەڕێی دەوڵەمەندییە و ئەگەر کوردستان وەک وڵاتانی تر تەندروست بێت لەزهینی خەڵکدا دەوڵەمەندی بەکۆشش بەدی دێت نەک بە فرتوفێڵ. بەمەش دەوڵەمەندیی نابێتە باسێکی شەرم کە خەڵک لە بنەوە حەزی پێدەکەن و لەسەرەوە شەرمی لێدەکەن. بەڵکو دەوڵەمەندی دەبێتە ئامانجێکی شایانی رووتێکردن تاماڵ و مووڵک زۆر و وڵات ئاوەدان بێت

راپۆرت دەوڵەمەندمان ناکات، بەڵام داوامان لێدەکات بیرکردنەوەمان لەسەر باشی پارە و دەوڵەمەندی بگۆڕێن. دەوڵەمەندی یانی کاریگەری دانان. ئەوەی دەخوازێ بۆ چاکە و خۆشی کاریگەری دابنێت، با دەوڵەمەند بێت.

له شوێنێکی دوور و له زەمەنێکی نادیار بەدوای خۆشەویستەکەتدا مەگەڕێ. خۆشەویستەکەت، لەوانەیە، کەسی تر نەبێت جگە لەو کوڕەی هەر ئێستا بەتەنیشتتەوە وەستاوە. لەوانەیە هەر ئەو کچە بێت کە لە هەمان کاتی سەیرکردنی تۆدا سەیرێکت دەکات.

تەنها لەرۆژی ڤالانتایندا وەبیرت نەیەتەوە کە مرۆڤ بەخۆشەویستییەوە ماوە، ئاوەدانی و بگرە دەوڵەتداریی و شارستانیش بەخۆشەویستییەوە بە ندە. هەموو رۆژێک وەبیرت بێت لەوانەیە، هەر ئەمڕۆ، نەک سبەی، تۆ پرۆژەیەکی خۆشەویستی بیت بۆ کەسێک کە هەر ئێستا پێی وایە تۆ ئەوت خستۆتە بازنەی ئەگەری خۆشەویستییەوە.

بە قاسیدێکی کوڕ یان کچ، نامە بۆ خۆشەویستێک مەنێرە کە لەوانەیە دڵی لای تۆ نەبێت، یان دڵی بە یەکێکی تر دابێت. تێفکرە، خەیاڵت فراوان بکە: لەوانەیە هەر ئەو قاسیدە، کە هێندە نزیک و دڵسۆزتە متمانەی پێدەکەیت و نامەی پێدەنێری، خۆی خۆشەویستەکەت بێت و پێت نەزانیبێت. لەوانەیە بەزەخمی دڵەوە نامەکەت بۆ ببا یان لەوانەیە لەقینی گێلی تۆ نامەکە لەنیوەی رێدا بزربکات. ئەو، کە هێندە نزیکتە متمانەی نهێنی خۆشەویستی پێدەکەیت، خۆی خۆشەویستەکەتە. بۆیە ڕازی پێ دەڵێی و بۆیە گوێ لە رازت دەگرێت.

له ئاهەنگەکاندا دوای ڤالانتاین و بۆنەکانی مەکەوە. دڵداری ڕاستەقینە قینی لە بۆنە گشتییەکان دەبێتەوە. دڵداریی بە پەناو پەسێوەوە جوانە، بە نهێنی و تایبەتمەندییەوە خۆشە.

هەموو ئەوانەی هەینی دەچنە مزگەوت، یان یەک شەموان دەچنە کڵێسا، باوەڕمەندی عەیار بیستوچوار نین، لەوانەیە هەبن بۆ کەفارەتی ڕۆژەکانی تر بڕۆنە مزگەوت وکڵێسا کە درودی خودایان لەبیر کردووە.

هەموو ئەوانەی لەیادی ڤالانتایندا گوڵ دەبەشنەوە، مەرج نییە عاشقی دێوانە بن. لەوانەیە ئەو ڕۆژە بخوازن تۆمارێکی دڵساردی و دەڵڕەشی بشارنەوە.

ئەم هەموو گوڵە لەیەک ڕۆژدا سیس مەکەنەوە، خۆشەویستی خۆی مامانی دادپەروەرییە. چۆن دەبێت ڕۆژەکانی تری تەمەن سەحرای بێ گوڵ بێت و ڕۆژێک بە ناوی ڤالانتاینەوە خۆپەرستانە هەموو گوڵەکان و هەموو دڵەکان بۆ خۆی قۆرخ بکات؟

له سمیناری کورد و تورک له هەولێر هەموو شتێک باسکرا، تەنها کاریگەری خواردنی تورکی لەسەر موبەقی کوردی نەبێت. له کاتێکدا ئەمە باسێکی گرنگە. ویستم بیوروژێنم دوایی بیرم کردەوە لەوانەیە بڵێن ئەم نەوسنە مێزی دیالۆگ و مێزی نانخواردنی لێ تێکەڵبووە.

بەڵام راستییەکەی خواردن و موبەق بەشێکی گرنگی کەلتووری هاوبەش پێکدێنن، کورد و تورک دەبێ بزانن دۆڵمە، بۆ ئەوانەی حەزیان لێیەتی، بە ئەندازەی کردنەوەی کونسڵگەرییەک کاریگەری ئیجابی هەیە، بۆ ئەوانەشی رقیان لێیەتی، بە ئەندازەی هاتنی ئۆردوی شەڕ ناخۆشی و مایەی پەستانی ورگ و دڵە.

مەگەر خانمە ئیتاڵیاییە شۆخوشەنگەکان نەیانگوتووە رێگا بەرەو دڵی پیاو بە گەدەیدا گوزەر دەکات؟ جا ئەمە بۆ کەسەکان وا بن دەبێ بۆ میللەتان چۆن بن؟

له گەرمەی شەڕی ئەمریکا له ئەفغانستان نووسەرێکی ئەمریکایی نووسیبووی "تاڵیبان تەنها له بۆمبەکانی ئەمریکا دەترسن و چاویان له فرۆکە جەنگییەکانە، بەڵام ئەوەی له ئایندەدا زۆر کار له کەلتووری ئەفغانستان دەکات خواردنی قووتووە کە فرۆکە مەدەنییەکان بۆ لێقەوماوانی شەڕ دەیکەنە خوارەوە" خواردنی قووتوو میزاج و گەدەی ئەفغانییەکان دەگۆڕێت و له شێوە ژیانی ئەمریکایی نزیکیان دەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر شێوە ژیانی ئەمریکایی لە موبەقدا بێت، ئەوا ئەمریکا هاوپەیمانێکی وەکو منیان لەدەست دەچێت، چونکەساڵی 1999 لە ئەمریکا رۆژانێکی ناخۆشم لەگەڵ خواردنی وان بەسەر برد. ماڵی چەند دۆستێکی کورد ئاوابێت نانیان دام و لە دەست ماکدۆناڵدی نیویۆرک نەجاتیان دام.

هەر ئەو ساڵە لە گەڕانەوەدا هاتینە ئەنقەرە، تورکیا مژوڵی یادی شەش سەد ساڵەی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی بوو. دروشمی یادەکەیان سەرنجی رادەکێشا "شارستانییەک هەمووومان بەشداریمان تێداکردووە". لە رێستۆرانتێک تێر خواردنی رۆژهەلاتیم خوارد، وتم بەڕاستی وایە "شارستانییەک هەمووومان بەشداریمان تێدا کردووە. کاتی ئەوەیە لەم رێستۆرانتەدا پشوویەکی لێ بدەین."

برا تورکەکان دەبێ لە گەدەی کوردەوە دەست پێ بکەن تا لە جێی ناکۆکی لە خاڵی هاوبەشی نانخواردنەوە بۆ مێزی گفتوگۆ بڕۆین. وەکو کاک جەنگیز چانداریش وتی "ورچی برسی سەما دەکات."

جا بۆ ئەوەی گفتوگۆکان "تێروتەسەل" بن دەبێ لە سمیناری داهاتوودا باسی دۆڵمە و تەبسی و قەرەخەرمانیش بێتە گۆڕێ.

"له زڕەی کەلەپچەی حاکم ناترسم، لەبێ مەیلێکەت ئەحواڵ ئەپرسم" ئەمە جووتە بەیتێکی گۆرانییەکی فۆلکلۆری تیپی مۆسیقای شەهید کارزانە. تیپی نازداری شۆڕشی کوردستان و تیپی دڵدانەوەی هونەرمەندەکانی شۆڕش لە دەورانی هەشتادا کە بەعس تیپەکانی کوردستانی، بە تایبەتیش تیپی مۆسیقای سلێمانی، لە چالاکی هونەری بێبەشکردبوو.

تیپی شەهید کارزان تیپی سرووودی شۆڕشی گەل بوو کە مەسافەیەکی لە نێوان دیوی رەسمی شۆڕشو مانا ئینسانی و مەعنەوییەکەی دیاریکردبوو. تیپێک بوو بۆ شۆڕش نەک بوقێک لە بوقەکانی شۆڕشەکە با تەنانەت شۆڕش هی رزگاری گەل و نیشتیمانیش بێت.

تیپی شەهید کارزان تەنها تیپی سرود و موقاوەمەت نەبوو، بەڵکو تیپی خەونە فەردییەکانی مرۆڤ و عەشق و بیرکردنی یارو دیارو.... شاریش بوو. تیپی لێرە نارۆینی پێشمەرگەکانی شۆڕش بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا تیپی هەرمێ و هەی نایە نایە و لەکۆڵانی تەنگەبەریش بوو، تیپی ئەو پێشمەرگە هونەرماندانە بوو کە لە بەعس نەدەترسان کەچی لە بچوکترین بێ مەیلی یار بەفری هەرەسێکی رۆحی دایدەگرتن و لەم حوزنەشدا کەس هاوڕێیان نەبوو چونکە "هەموو نابین بەهاوبەشی خەم."

ئەم تیپە کە بەبۆنەی دووبارە پەخشکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە بوونەتە میوانی (هەفتانە)، تیپی ئەو دەستە و تاقمە لە

خۆبردووەی هونەر و شۆڕشی کوردستانە کە لەناو قوڕی خەستی توندوتیژی و شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی بەعسدا تۆزی ئومێدیان هەڵدەستاند و لە هەڵپەڕکێی ژیاندۆستیدا سەرچۆپیکێش بوون.

بۆیە یادکردنەوەی ئەو تیپە هەم سڵاوە لە پێشمەرگە ڕۆمانسیە بێ وەیەکانی شۆڕش و هەمیش تیندانە بەرخۆیە لە سەردەمێکدا دوو بەرەکی و ترسنۆکی و منمنۆکێ خەریکن زەفەر بە یادەوەری ڕۆژە جوانەکانیش دەبەن.

چوونه سەر مینبەر بە هەموو جۆرەکانییەوە گەورەترین بەرپرسیارێتییە، چ جای مینبەری مزگەوت کە موسڵمانان لەوێ کۆدەبنەوە. هەم بۆ خواپەرستی و هەم بۆ دەرخستنی گیانی هەرەوەزی دینداریی.

جاران مزگەوت شوێنی جەماعەت بوو. لەبەر ئەوە سیمای راوێژی مەسەلەکانی دین و دونیاشی لەخۆگرتبوو. کە دەوڵەتی خەلافەت پایەدار بوو ئیتر داری خیلافەت و خانەی حوکم بۆ مەسەلەکانی سیاسەت تەرخانکران و مزگەوت سیمای خوداپەرستی بەسەردا زاڵبوو. ئەوەی ئەم چیرۆکە بە پێچەوانەوە دەگێڕێتەوە هەم چەواشەیی دەکاو هەمیش لە ئەهمیەتی داری حوکم کەمدەکاتەوە، تەنانەت لەسەردەمە زێڕینەکانی حوکمی ئیسلامەتیشدا.

ئەوانە مزگەوت وەکو داری حکومڕانی، داری ئاراستەکردنی خەڵک بۆ سیاسەتی چەواشە دەخەنە گەڕ. بۆیە لەم سەردەمەدا مینبەری مزگەوتەکان لە جێی ئەوەی بەشێک بن لە چارەسەر، بانگەوازخوازەکانی توندڕەوی کردویانەتە بەشێک لە کێشە و گرفت.

یانی چی مزگەوتێکی کوردستان بۆ هاندانی خەڵک و گەنجەکان بخرێتە گەڕ کە راپەڕینێکی نوێ بەرپابکەن؟

ئەم قسەیە ئەو کاتە رەوا دەبوو ئەگەر هەمان مەلای هەمان مینبەر لە راپەڕینی یەکەمدا خەڵک و گەنجەکانی هانبدایە لە دژی زوڵم و زۆری بەعس راپەڕن کە هەم کوردی کوشت و هەم مزگەوتەکانی کوردستانی تەختکرد و سووتاند، رەنگە ئەوکاتە هەق

بوو بڵێین رابوونی یەکەمی مەلا شەفاعەتە بۆ رابوونی دووەمی، چونکە ویژدان و هەستی عەدالەتخوازی دابەش ناکرێن و بە گوێرەی سەردەمەکان رەنگرێژ نابن؟

کێ لەم پاشا گەردانییە بەرپرسیارە؟ پاشا خۆی؟ حکومەت یان مەنزومەی زانایانی ئاینی لە کوردستان کە ناتوانێت ئەم جۆرە لە بە کاربردنی مێزەرو مینبەرو مزگەوت لەقاو بدات؟

ئایا پەروەردەی شەخسی بەرپرسیارە بەوەی مرۆڤ مۆراڵی ئەوەی هەبێت چوونە سەر مینبەری گفتوگۆی گشتی بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە؟

کێ بەکێ دەڵــێ مینبەر شوێنێکە بۆ رێنوێنی و ئەوی لە رێنوێنی خراپ دەکەوێتەوە لە ئاژاوە و هاندان و تێکدانی نەزمی گشتی تاوانێکە لە ئەستۆی ئیمامی مینبەرە جا ئیتر ئیمامی مزگەوتی نوێژکردن بێت یان وتاربێژێکی کۆڕی مەدەنی و سەکۆی تەلەفزیۆنێکی گشتی؟

چ یاساو دەستوور و نەریتێکی سیاسی، فەرهەنگی، دەتوانێت ئیقاعیی دیموکراسی و ئازادی وڵاتی ئێمە رێکبخات و لەسەر ریتمێکی هاوئاهەنگ دایان بنێت کە جێگیری سیاسیی و ئاشتی کۆمەڵایەتی دابین بکات و لەو چوارچێوەیەدا دەرفەتی ئازادی بەیان و ئازادی هاندان پۆلین بکرێت؟

# هاووڵاتی

چۆن ئەتوانی هاووڵاتییەکی عەیار بیستوچواربیت. لە ماف و ئەرک، لە بەرپرسیاریی و بەهرەداری دەسکەوتەکاندا بەشداربیت؟ دۆسێی ئەمجارەی هەفتانە ئەم بابەتەی لە جوگرافیای کوردستاندا وروژاندووە؟

ڕەنگە وابێتە بەرچاو قسەکردن لەسەر هاووڵاتیبوون بابەتێکی ئاسان بێت. گۆڤارەکە یان خودی بەشدارانی دۆسێیەکە سێرچێکی گوگل بکەن و دەیان تاریفی ناوازەی هاووڵاتیبوونیان دەستدەکەوێت و دەتوانن لێرە ریزی بکەن، بەڵام چەمکی هاووڵاتیبوون، وەک هەر دیاردەیەکی سۆسیۆلۆجی سیاسیی، بابەتێکی گرفتدارە. نەخاسمە ئەو دەمەی بیبەستی بە دۆخی وڵاتەکەتەوە، یانی بیکوردێنیت. گرەوی ڕەگداکوتانی هەر چەمکێکی گشتی کە هی هەموو مرۆڤایەتی بێت ئەوەیە بەخۆماڵی بکرێت. لە ژینگەی کۆمەڵی دیاریکراودا جێ بۆ خۆی بکاتەوە و رەگ دابکوتێت و سەرکەوتووبێت بۆ ئەوەی خەرمانی تەجرەبەی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندتر بکات.

بێگومان لێرە قسە لەسەر بەخۆماڵیکردن بە مانای کلکوگوێکردنی چەمکەکان نایەت بە ئەندازەی ئەوەی قسە لەسەر جێبەجێکردنێتی لە زەمینەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا .

ڕاستییەکەی بواری جێگیرکردنی چەمکە گشتییەکان وەک بواری ئەدەب و فەرهەنگ وایە: تا خۆماڵی بێت، چانسی بەجیهانیبوونی

زیاتره. لەبەر ئەوە هەڵدانەوەی لاپەڕەی دۆزی هاووڵاتیبوون لە کوردستاندا بێدارکردنەوەی یەکێکی ترە لە شانە نووستووەکانی سیاسەت لە کوردستاندا .

ناماناوێت زۆر قسە لەسەر ئەم چەمکە بکەین. دۆسێکە و بەشدارانی ئیجتهادی چاکیان تێداکردووە، بەڵام خراپ نییە ئاماژە بەوە بدەین چەمکی هاووڵاتیبوون، وەک زۆر چەمکی شایستەی تر، لە کوردستان ئاودیوکرابوو. جارێ بەوەی داگیرکەر هیچی نەبوو بیداتە هاوڵاتییەکانی خۆی لە باقی عیراق چ جای ئەوەی بەشی کوردی بندەست و هاووڵاتیانی خوار پلە دووی کوردستانی لێ بدات .

جارێکی تر، چونکە لە لاپەڕەی چەمکە فەردانییەکانی تایبەتن بە مرۆڤەکان هەرچی بەندوباوەکانی جاڕنامەی مافە کەسییەکان هەیە کەوتبوونە پشت دیواری قایمی کارکردن بۆ مافی گروپ (مافی نەتەوە). جارێکی دیکەش، چونکە سیاسەت لە کوردستان، وەک زۆر لە (ستان)ـەکانی دیکەی جیهان، هێشتا دارەڕایەتی لە سەروەرکردنی مرۆڤ و هەنگاوەکانی هی کیسەڵن، یان هیچ نەبێ هاوشانی هەنگاوەکانی دیکەی نین.

دیارە چەمکی هاووڵاتیبوون کە پابەندی مەنزومەیەکی سیاسیی لەبار و تەندورستە، لە ژینگەیەکی مانەندی ئەم مەقتەعە زەمەنییەی کوردستان تووشی هەڵامەت و هەندێک جاریش نەخۆشی لەجێ خستن دەبێت. بە هیوای چاکبوونەوە!

## ئیدیعا

عەرەب بە کوێر دەڵێ چاوساغ، کوردیش بە پیاوی بێ بەهرە دەڵێ پیاوی چاکە و بە ژنی "ناشیرین"یش دەڵێ ژنێکی تابلێی میهرەبانە. پیاوی چاک ئەو کەسەیە لە کارێکدا شکست دەخوا و ناتەوێت بە یەکجاری بیشکێنیت، بۆیە باسی بەهرە نەبووەکەی ناکەیت و دەڵێی "پیاوێکی چاکە."

ژنی ناشیرینیش ئەو ژنەیە بەدڵت نییە، بەس بەشی ئەوەی تێدا دەهێڵێتەوە کە لە رووی نەدەیت و راستوڕەوان پێی نەڵێی. بۆیە باس بە لایەکی تردا وەردەچەرخێنی: ژنێکی تابلێی چاک و رێکوپێک و خانەدانی! عەرەب بە کوێر دەڵێ چاوساغ. ئەمڕۆ هەر کەسێک لە کارێکدا شکست دەخوا دەتوانێ بڵێ: بەهرەدار و شارەزا و لێزانم، لێ ئەم میللەتی کوردە هیچ نازانێ و شایانی ئەوە نییە فێری بکەیت و بۆی بکۆشی.

ئەمڕۆ هەر کەسێک لەگەڵ ژینگەکەی هەڵنەکا، دەتوانێت گاڵتە بە کەشوهەوا و شاخ و داخەکانی کوردستان بکات، کە وا هەڵنەکەوتوون لەگەڵ بەهرە و ئەفراندنی ئەودا بگونجێن. خەتای کوردستانە کە وای لێ نایەت بەهرە و توانستی ئەو لەخۆ بگرێت!

رۆژانە گوێبیستی ئەم قەوانە دەبین، لەوانەی شەڕ لەگەڵ سێبەری خۆیان دەکەن و پێیانوایە شەمس و قەمەر، لەیلونەهار و

ئێران و توران، پاوانی قودرەتی سۆپەرمانی ئەون: ئەم میللەتە جاهیلە، ئەم کۆمەڵگە دواکەوتووە، هیچ شتێک کەڵکی نییە لەگەڵیان، چی لێ بکەیت نایەتە سەر ڕێی ڕاستی "خەواجەکان."

لە کوردستان پێوەری ڕێختەر ئیش ناکات. "جەناب مەقایس نەماوە" ئەگەر نا هەموو کەسێک پاداشت و سزای خۆی وەردەگرت و دونیا ئوسول و قاعیدە و نەزم و حیسابی جارانی بۆ دەگەڕایەوە.

ئیدیعا ئەم وڵاتەی نەخۆش خستووە و داننەنان بە هەڵە و کەموکوڕییەکانیش وای کردووە میللەتەکەشمان ڕوو لە قیبلە سەرببڕدرێت.

لە قسەی زل و ئیدیعای زلتر قسورمان نییە، وەختێک دەڵێی چاوساغ ڕێنوێنی بکە لەم تاریکییەدا، ئینجا ئێژێ: ڕاستێکەی برادەر! من کوێرم و بۆ خۆشەویستی پێم دەڵێن چاوساغ! لە حاڵی وادا دەبێ بڵێی ڕاستییەکەی جەنابتان پیاوی چاکن و ببڕێتەوە!

# بکوژی بە کرێگیراو

حاڵی ڕۆژنامەنووسیی کوردی حاڵێکە کەس پێی دڵخۆش نییە. نەک لەبەر هەمەڕەنگی و هەمە ئاڕاستەیی ئەم ڕۆژنامەنووسییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم دۆخەی پۆلین نەکراوە تا هەر کەس و هەر لایە پێگەی خۆی تێدا بزانێت.

لە هەموو دونیادا ڕۆژنامەی دەستەبژێر، ڕۆژنامەی تابلیۆد، ڕۆژنامەی سکانداڵ، ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن یان دەوڵەت یان تەنانەت ڕۆژنامەی بازاڕی ڕەش هەیە کە لە ناکاو دێ و لەپڕ دەڕوات، بەڵام ئەم ڕۆژنامانە پۆلێنکراون. هەر کەسە و ئاستی خۆی، خوێنەری خۆی و توێژی کۆمەڵایەتی خۆی دەپارێزێ و سنووری کـــــایەکانی تر نابەزێنێت. ئەوی خەریکی سکانداڵ بڵاوکردنەوەیە هـــــەقی بەسەر توێژینەوەی فەرهەنگی نییە و ئەوی هی دەوڵەتە نابێتە مینبەری جنێودان بە دەوڵەت و ئەوی هی ئۆپۆزسیۆنە خەریکی ڕەخنەکردنی سیستمە نەک بڵاوکردنەوەی بابەتە تابلیۆدییەکان. ئیدی بەم شێوەیە.

لێ لە کوردستان ئەهلی تەقەڵ لە ئەهلی بەرگدووری جیا نین و ئەهلی قەدەم لە ئەهلی قەڵەم دەخوێنن. بۆتە حەشرێکی وا لە شیعری شێخ ڕەزا دا وەسف کرابێت.

ڕۆژنامەنووسیی کوردستان پۆلین نەکراوە، بۆیە پۆلینەکەی پۆلینێکی سادە و ساکارە : (میدیای ئەهلی و میدیای حزبی). لە جێی ئەوەی پۆلینەکان جەوهەری تر بن لە بابەت ئەو پۆلینەی لەسەرەوە کردمان.

خوێندنەوەی ئەهلی و حزبی خوێندنەوەیەکی سیاسییە، خوێندنەوەیەکی دەرەوەی جوغزی چەمکە ڕۆژنامەنووسییەکانە و بۆ ئامانجی سیاسیی دەکرێن نەک ڕۆژنامەنووسیی، بۆیە دەبێ لەوە بپرسین ڕۆژنامەکانمان تاچەند پێوەرە ڕۆژنامەنووسییەکان جێبەجێ دەکەن و خزمەتێکی میدیایی پێشکەش بە خوێنەرەکانیان دەکەن؟

خوێندنەوەی سیاسیی لە دیدێکی سیاسییەوە لە ناسنامەی ڕۆژنامەنووسیی دەپێچێتەوە و لەمەشدا دیدی دەسەڵات و دیدی ئۆپۆزسیۆنی جیاوازییان نییە.

دەزانین دەسەڵات سروشتی وایە، هەموو کایەیەک دەخاتە خزمەتی خۆیەوە، باشە ئەوی ئۆپۆزسیۆنە بۆچی وا بە تاو ڕۆژنامەنووسیی کردۆتە مەقاشی دەستی خۆی لە ململانێ سیاسییەکەدا؟

تەنها قسە لەسەر ڕۆژنامەنووسییەکە کە هی دەسەڵاتە. ئەوی ئەو ڕەوتە ڕۆژنامەنووسییەی بە قاچ و دەست و سەرەوە غەرقی ململانێ سیاسییەکان بووە و کارەکتەرە سیاسییەکان دوور لە هەر ئیعتبارێکی پرۆفیشناڵی لە خزمەت خۆیان و ملشکاندنی ئەوانی تردا خستویانەتە گەڕ.

ئەمەش جۆرێکە لە کردنی میدیا بە سەکۆی هەموو شتێک تەنها سەکۆیەکی سەربڵندی ئەرکە میدیاییەکان نەبێت، بەمەش میدیاکار لە جێی ئەوی خاوەن مەسجێکی ڕۆژنامەنووسیی بێت موجەرەد دەبێتە بکوژێکی بەکرێگیراو.

# من چ جیاوازی نەدیت!

ئەمە قسەیەکی خۆشی ئارامۆیە لە بەرنامەی (من جیاوازم)ی کەناڵی زاگرۆس. لێ قسەیەکە نە تەنها بۆ بواری بەرنامەی فەرەحنایی و هەمەڕەنگ دەستدەدات، بەڵکو بۆ بواری جەنجاڵی سیاسەتیش دەشێت، مادام کۆمیدیا باڵی بەسەر سیاسەتی کوردستانیشدا کێشاوە.

سەیری دۆخێک بکەن کە نەک تەنها دوێنێ و ئەمڕۆمان بەیەک ڕەنگی بیرکردنەوە کێوماڵ دەکات، بەڵکو دەخوازێ خەونی گۆڕان و هیوای نوێبوونەوەشمان لێ زەوت بکات. دەی ئەوە پاسەوانی کۆنە و بەناوی جۆراوجۆرەوە دێتەوە گۆڕەپان. چۆلەکەی بەستەزمانمان بە نرخی کەناری ڕەنگاوڕەنگ پێدەفرۆشێتەوە،

شمەکی کۆنمان بە نرخی تازە بە سەردا ساغدەکاتەوە. وەک بڵێی ئەم وڵاتە "نەوەی نوێ" ئیدارەیان دابێت و ئەوان بێ گوناهو بێ‌وەی بووبن و دەسەڵاتیان نەبووبێت.

کابرایەکی کورد چووە بەغدا لە بابولموعەزەم گوێی لێ بوو یەکێک هاواری دەکرد: مەی بارد، مەی بارد. وتی دەبێ ئەو شلەمەنییە چی بێت کە فرۆشیارەکەی بۆی بەجۆش و خرۆشە؟ پەرداخێکی خواردەوە و زانی: تومەز ئەم مەی باردە هەر ئاوە ساردەکەی لای خۆمانە؟ تومەز ئەم لیستە جیاوازە هەر ئاوە

ساردەکەی خۆمانە و بەسەردا قلّپ دەکرێتەوە. تومەز ئەم گۆڕانە هەر پالّەوانەکانی دوێنێ دەکاتەوە کوێخاو بەرنامەو روانینەکانیان نەگۆڕاوە. خۆیان ئەم دۆخە سوننەتییەیان هانداوە و خۆیان فەزا سیاسییەکەیان دروستکردوە. لە ناوەوەی بن یان لە دەرەوەی هێشتا ئارەزووی درێژەکێشانی هەمان فەزای سیاسیی دەکەن، لێ بە بۆیاخێکی ترەوە.

(بەخودای من چ جیاوازی نەدیت) و هەمان کارەکتەرەکانی جاران دەکاتەوە دەم سپی ئاوایی.

وەک چۆن بە قسەی ئارامۆ دەستمان پێکرد، دەبێ بەقسەی دکتۆرە بلقیس دوایی پێ بێنین.

ئەتو شتێکی نوێت پێ نەبوو. سەماکەشت حەرەکەی تێدا نەبوو، ئەگەر وایە ئەمن لەتۆ باشتری دەرەقسم!

چەند مەرجێکی بنەڕەتی هەن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا. مەرجەکان سادەو ساکارن، بەڵام لەوە دەچێت هەوڵ لە ئارادا بێت بۆ ئالودەکردنی ئەو مەرجە بنەڕەتیانە بە دووکەڵی چڕی ململانێ. دووکەڵی ململانێی سیاسیی بەم ئاستە خراپە لە خۆنواندن و ئیدارەدان ژینگەی هەڵبژاردنێکی دروست دەشێوێنێت و بەداخەوە لەوانەیە پرۆسەکە ئەسڵەن بۆ پایەدارکردنی دیموکراسی و نوێکردنەوەی بژارەی خەڵکی کوردستان بڕیاری لێ دراوە، بە لاڕێدا ببات.

مەرجە بنەڕەتییە سادە و ساکارەکان ئەمانن:

- ناوبژیوانی ئەم گەمەیە دەبێ لە دەرەوەی تانەلێدان بێت.

هەموو گەمەیەک بۆ ئەوەی ملکەچی قاعیدە و نەزم بێت دەبێ ناوبژیوانەکانی دیار بن، ڕێزلێگیراوی لایەنەکانی ململانێ بن، چونکە ئەو ناوبژیوانانە دوا قسە لەسەر وێکهاتنەوەی ململانێکە لەگەڵ قاعیدە و نەزمی گەمەکەدا دەکەن. ناوبژیوانەکان لە هەڵبژاردنی کوردستاندا دەشێ (چاودێرەکان بەناوخۆیی و دەرەکییەوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، میدیاکان و دەزگاکانی ئەمنیەت و پۆلیس بن)، ئەمانە ناوبژیوانی پاکێتی و سەرخستنی پرۆسەکەن. بۆیە دەبێ لە دەرەوەی تانەلێدان و توانج بن لەلایەن قەوارەو کیانە

سیاسییەکانەوە. ئەگەر هەر لەئێستاوە گومان لەسەر ئەمانە هەبێت ئەی کێ دەبێتە ناوبژیوان لە دەمی سەرهەڵدانی ناکۆکیدا؟ ئەمانە مەرجەعی راستگۆیی و ناڕاستگۆیی پرۆسەکەن کە هێشتا دەستیان پێنەکردووە چۆن تانەیان لێبدرێت؟

- میدیاو هەڵوێستی

باش رووماڵکردنی میدیا بۆ ئەم هەڵبژاردنەش مەرجێکی ترە. لێرە قسە لەسەر بێ لایەنی ناکەم، چونکە هەموو میدیایەک مەیلێکی هەیە لەم پرۆسە سیاسییەدا. بەڵکو لێرە باسی ئەوە دەکەین میدیا جیاوازی بکات لەنێوان دەربڕینی هەڵوێستی خۆی لەلیستەکان و لەنێوان رووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، هەموو میدیایەک دەتوانێ لە وتار و بیروڕایدا پشتیوانی بکات، بەڵام نابێ ئەم مەسەلە حسابی روماڵکردنی رۆژنامەوانیش رووداوەکان بێت، بەڵکو دەبێ لەیەک مەسافە لەنێوان لایەنەکاندا بووەستێت و هەلی روماڵکردنی چالاکییەکانی بە هەمووان بدات.

- بەرنامەی لیستەکان بەرنامە بن بۆ چوار ساڵی داهاتوو، بەرنامەی خەیاڵی نەبن کە چەندین دەورەی هەڵبژاردن و چەندین دەورەی حکومڕانی بگرێتەوە، رێزگرتن لە دەنگدەر بە واقیعیەتی بەرنامەکانی هەڵبژاردن و دوورکەوتنە لە خەیاڵبازی و بەڵێنی نەکردە دەبێت. چونکە دەنگدەر تەنها بۆ چوار ساڵ متمانە و تەفویز دەدات بە قەوارەی دڵخوازی خۆی. دیموکراسی هەر لیستێک و باوەڕبوونیشی

بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات لەمەدا دەردەکەوێت کە بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بۆ چوارساڵ بێت نەک بۆ چل ساڵ کە نەتوانێت لەماوەی ئیستحقاقی هەڵبژاردندا جێبەجێیان بکات.

خۆنیشاندان به مەزڵومی جۆرێکه له سیاسەت، هەیه وەستایه تێیدا و هەشه وەستاوە و داماوە که نازانێ نەک خۆ بەو زوڵمه بەڵکو مەزڵومیەتی راستەقینەشی بخاته پێشچاو. کورد بەشێوەیەکی گشتی کەم توانایه لەنیشاندانی مەزڵومیەتی خۆی. بڕواننه تۆماری دادگاکانی سەرانی رژێم کەچۆن دونیا لەبەردەم سەدان هەزار کوردی کوژراو، ئەنفالکراو و خنکاودا دۆش داماوە و نازانێ باوەڕ بەکوێی ئەو زوڵمو زۆرە بکات. کەچی له بەرامبەردا برا شیعه عەرەبەکان چۆن بۆ خۆیانی دەهۆننەوە؟ ئەمان شارەزان له دەرخستنی زوڵملێکراویدا، دەیان سەدە له گریان و فیغان له رێورەسمەکانی عاشورادا. بۆ شیعەکان هەموو رۆژێک عاشورا و هەمو شوێنێکیش کەربەلایەکه بۆخۆی. لای کوردیش خواخوایەتی ئەوەی بەسەری قەوماوە زوو لەبیر بچێتەوە تا لەمه زیاتر بەدەستییەوە نەتلێتەوە.

جا ئەمه لەسەر مەزلومیەت بوو، لێ ئێستا شوکور لەناو کورددا خەڵکانێک پەیدا بوون که میعلانن لەتێزی مەزلومیەتدا، وەستان لەخۆنیشاندان وەک کەسێک که زوڵمیان لێکراوە. لەئەسڵیشدا زاڵمێکی بێ وێنەن.

ئەمانه تا ئەوێ مەزڵومن کەخەڵک پێیان بخەڵەتێ، که خەڵک وابزانێ هیچ هەڵەو پەڵەیەکیان نییه مەگەر هەڵەو پەڵەی قبوڵکردنی زوڵمی سەر شانیان نەبێت.

ئەم جۆرە زاڵمانە وەک عاشقان لە دوورِا دیارن، رەنگیان زەردە و لێو بەبارن. بەهەڵپەن لەسەر زوڵمکردن بەو ئەندێشەی زوڵمی وان حوکمی ئیلاهییە و دەبێ هەموو لایەک قبوڵی بکەن. ئەمما لە قاودانی زوڵم لەلایەن خەڵکانی ترەوە ئەوا غەدرو زوڵمێکی ترە لەوان. چونکە زمانحاڵیان وایە: ئێمە زاڵمین چونکە لەسەر حەقین ئێوەش لەبەرپەرچی هەقی ئێمەدا زوڵمدەکەن، چونکە لێناگەڕێن ئێمە "هەقی موتڵەق" بین.

بەم جۆرە عاشقە سەودا سەرییانەی زوڵموزۆر، کە خۆیان بە زوڵملێکراو نیشان دەدەن، دەڵێن ئایدیۆلۆژیست. جا ئەگەر ئایدۆلۆژیست چووە نێو شارێکەوە هەوای شار بۆگەن بوو. پەنجەکان بکەنەوە مەزڵومە ئایدۆلۆژیستەکان هاتن !

ساڵێک بەسەر هەفتانە عومرێکە لە کۆششی هێمن، بەڵام کاریگەری دەستەیەک رۆژنامەوانی ژمارە کەمو هیمەت زۆر کە ئەم کاروانەیان ئاوەدان کردەوە و بەسەبرو تەحەمولێکی شایانەوە بەم رۆژەیان گەیاند: ستایلێکی نوێ، ویستگەیەکی چۆنایەتی لەرێڕەوی میدیای کوردستانیی. بێ ئەوەی لەهێڵی گشتی ئەم رێڕەوە لابدات، رێچکەشکێن لێ رێچکەشکاندنێکی بە جەوهەرو کارا نەک رووکەشی و بەرێکردن.

ماوەی ساڵێک لەخزمەتکردنی خوێنەران و رومالکردنی وردی رووداو و دەرکەوتە کوردستانی و جیهانییەکان، ماوەیەکی باشە بۆ دەرکەوتنی سیمای هەر بڵاوکراوەیەک. پێمان وایە لەم ساڵەدا ئەدگارە سەرەکییەکانی (هەفتانە) بۆ خوێنەران ئاشکرا بوون و دەتوانین ئیتر لێرە بەدوا خوێنەران سەر پشک بکەین داخۆ هەفتانە وەفاداری بنەما سەرەکییەکانی پەیمان و بەڵێنەکانی خۆی بووە؟ یان هێشتا لەسەرەتادایە؟

ئێمە حەز دەکەین وەڵامی ئێوە بە ئەرێ بێت بۆ ئەوەی ورەو وزەمان پێبدەن و وەڵامی خۆشمان وا دەدەینەوە: نەخێر زۆر کەممان کردووە بۆ ئەوەی هەست بەنیگەرانی بکەین و نیگەرانیش ئەنگێزەیە بۆ بەردەوام بوون و کۆششی زیاتر.

هەفتانە لەساڵێکدا بەدەستە خوشکی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەلئسبوعییە دەستی پێکرد و لەنیوەی رێدا سیماکانی گۆڤارێکی کوردستانیی وەرگرت کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی خوێنەری

کورد بێت و بەشێک لە پەیامی دەزگای خەندان جێبەجێ بکات کە پەیامی راگەیاندنێکی ئازاد، بەرپرس و سەنگینە.

لەساڵێکدا هەفتانە توانی خۆی لەرێرەوی باوی میدیای کوردی جیابکاتەوە کە رێبازی (با بژی یان با بروخێ)یەو لەجێی ئەوە یارمەتی خوێنەری دا بە ئەندێشەیەکی فراوانەوە لە مەسەلەکانی کوردستان و جیهان، لە سیاسەت و ژیان بڕوانێ و حوکمی پێش وەخت نەدات.

هەفتانە هەروا سیمای گۆڤاری هەفتانەی لەخۆیدا بەرجەستە کرد بەوەی رووماڵ و بەدواداچوون بکات لە دەرەوەی هەواڵی رۆژانەوە. توانیشی لەبابەتە هەستیارەکان بکۆڵێتەوە لەدەرەوەی توێژینەوەی وشک و برینگ. بۆ هەواڵ دیوی ناوەوەی دەرخست و بۆ بەدواداچوونی رووداوەکانیش دۆسێ و ریپۆرتاژو شیکاریی سیاسی رەچاوکرد.

ساڵی دادێ دەبێ زیاتر کار بکەین، باشتر شانە نوستووەکانی دۆخی کوردستان وەئاگا بێنینەوە.

بەڵێنی ئێمە ساڵێکی جیاوازترە .

لەڕاپیکردنی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەدا ناونیشانی راپۆرتی تایبەت بەگەندەڵییەکانی بزووتنەوەی فەتحی فەڵەستینیمان گۆڕی. لەجێی ئەوەی باسی لەناوچوونی فەتح بکەین بەهۆی گەندەڵییەوە ناونیشانی (حەتف)مان هەڵبژارد. راستە وشەی (حەتف) وشەیەکی عەرەبییە، بەڵام پڕ بەپێستی مانای (لەناوچوونە) لەم راپۆرتەدا. ئەمەش چیرۆکی خۆی هەیە کەوەبیری خوێنەرانی دێنینەوە:

کاتی خۆی کە بزووتنەوەی (فەتح) وەک گەورەترین هێزی ناو رێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستین دامەزرا، دامەزرێنەرەکانی لەکورتکراوەی ناوەکەدا تووشی گرفت هاتن، ناوی ئەسڵی فەتح (حرکە تحریر فلسطین)یانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فـەڵەستینە، کورتکراوەکەشی دەبێتە (ح.ت.ف).

حەتفیش لەناوچوونێکی حەتمییە! بۆیە بەپێچەوانەی هەموو کورتکراوەیەک هەڵسوڕێنەرانی شۆڕشی فەڵەستین کورتکراوەکەیان پێچەوانەوە کردوە، لەچەپەوە بۆ راست، بەم شێوەیە (ف.ت.ح) (فتح) لەدایکبوو کە لەزمانی عەرەبی و ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بەمانای رزگارکردن یان راماڵینی شارو وڵاتان دێت. لەقورئانیشدا باسی فەتحی موبین کراوە، (فتح) دەستی بەشۆڕش کردو خەباتێکی بێوچانی بۆ زرگاری فەڵەستین بەڕێوەبرد، سەرەنجام بێ فتح، لێ نەک بەمانای راماڵینە سەربازییەکە، توانی بەشێکی

فەڵەستین رزگار بکاو ببێتە فاتحێکی سیاسی کە بەدانوستاندن و دیبلۆماسی دەسەڵاتی گرتەدەست.

بەڵام (فەتح) وەک چۆن ناوەکەی پێچەوانەبوو لەحوکمڕانیشدا پێچەوانەو پێچاوپێچی زۆری کرد، کەموکوڕی حوکمڕانی و گەندەڵی لەبەڕێوەبردندا تووشی (حەماس)ی کرد.

حەماسیش فەڵەستینی بەو دەردە برد کە نەخۆی و نەفەتح نەتوانن تێیدا بحەوێنەوە، حەتفێکە لەو گۆڕەی!

حەتفێکە کە بۆتە نموونە بۆ هەموو میللەتانی بندەست کە نەکەن بەڕێی هەڵەدا بڕۆن و ئەزموونەکەیان تووشی شکست بکەن، حەتفێکە بۆتە بابەتی رۆژنامەو گۆڤارەکان بەگۆڤاری (هەفتانە)شەوە.

## ئاوی کەوسەریان هەیە

ئێوە شەمس ئەلبارودیتان لەبیرە؟ خانمە ئەکتەری میسری کە لەشەستەکان و حەفتاکان و تاسەرەتای هەشتاکان شاشەی سینەمای میسری بەفیلمە وروژێنەرەکانی داگیرکردبوو؟

شەمسی بەبنەچە سووری بەسێ دەورانی سەرۆک کۆماری میسردا گوزەری کرد، کە هەریەکەیان میزاجێکی هەبوو لەحوکمڕانیدا، ناسر، سادات و موبارەک، کەچی خانم هەر ریتمی فیلمەکانی خۆی نەگۆڕی: ماچ و قاچ و دەست لەملانێ.

شەمس لەناکاو کەوتە بیری خوا هەقە، وەک عومەر ئیبن ئەبی رەبیعەی کرد کە لەپیریدا بۆی دەرکەوت شیعرە بەرەڵاکانی تۆبەیەکی درەنگ وەختی گەرەکە، شەمس کەخۆری جوانی لەسینەما ئاوا بوو، سەرپۆشی لەسەرناو باڵاپۆشیی هەڵبژارد.

ئیتر کەس لەفیلمێکی دیکۆمێنتیشدا نەی بینییەوە، تەنانەت لەزنجیرە تەمسیلییەکی ئاینیشدا دەرنەکەوت وەکو حەسەن یوسفی مێردی کردی کە تا نەوجەوان بوو شەقاوەی فیلمەکان بوو، کەپیر بوو شەعراوی زنجیرە ئاینییەکانی بەنسیب بوو، کەوتە نمایش لەدرامای درۆو دەلەسەی تەلەفزیۆنە دینییەکان، شەمسی شەمس لەسینەما ئاوابوو، بەڵام لەئەدەبیاتی تاریکی سەلەفییە توندڕەوەکاندا بووە مانگی تابان، ئیسلامییەکانی میسر تۆبەی

ئەویان کردە بەرچەمی سوپای گێلکردنی خەڵک و گێڕانەوەیان بۆ چەرخی جاهیلییەت.

بانگەوازیان دا: کچان و ژنان تۆبە بکەن وەک شەمس و دەستەخوشکەکانی سوهێر رەمزی و سوهێر بابلی و سوهێرەکانی تر کردیان، ئیتر کەس لەکچان و ژنانی خێر لەخۆنەدیوی توێژە هەژارەکانی میسر نەیانپرسی: ئاخۆ تۆبە لەچی بکەین؟ وەختێک ئێمە لەواقیعدا ئەوەمان نەکردبێت کە شەمس لەفەنتازیای سینەمادا کردی؟ هونەرو شێوەکانی نواندن لەسینەما ئەنگێزەی رەخنەی ئێمە نییە لەشەمس ئەلبارودی، ئەوە توێژینەوە هونەرییەکان دەتوانن قەزاوەتی تێدا بکەن، لێ پرسیاری ئێمە لەئەدەبیاتی گێلکردن، ئەوەیە بۆچی دەبێ خانمێکی وروژێنەری سینەما تاجی سەری ژنانی میسر بێت؟ تەنها لەبەر ئەوەی سەنگەری گواستەوە لەپەناو پەسێوی نمایشی ستۆدیۆکانەوە بۆ پەناو پەسێوی نمایشی دینداری درۆزنانەی ئیسلامییەکانی ئیخوانی میسری؟ بۆ دەبێ فەزڵی شەمس بەسەر (عەتیات و فەکیهەو مهەلەییە)دا بدرێت، تەنها لەبەرئەوەی سەنگەری گواستۆتەوە؟ ئەدەبیاتی گێلکردن تەنها خووی ئیسلامییەکان نییە و تەنها لەمیسریش نەقەوماوە، لەکوردستانیش هەن سەنگەر گواستنەوەی کادیرێک، کارەکتەرێک بەکافی دەزانن تا لەهەموو گوناهە ئایدۆلۆژییەکانی پاک ببێتەوە.

کابرا خراپە، گەندەڵ و مەسڵەحەت چییە تا لەگەڵ خۆمان نەبوو، کە لەگەڵ خۆمان بوو باش و چاک و مەبدەئیی وەک خۆی نییە.

ئەمە ئاكامی بیركردنەوەی ئایدۆلۆژییە، نەریتی ئەدەبیاتی گێلكردنی خەڵكە كە كابرای پیسمان لێ دەكا بەئەولیا تەنها لەبەر ئەوەی لەگەڵ خۆیانە.

لای خۆیان ئاوی كەوسەری لێیە، شەمس لەگوناهەكانی پاك دەكاتەوە.

دیاردەی هەڵتۆقینی گۆڤاری بێ ناونیشان و رۆژنامەی لاکۆڵانەکان بە دیوە رووکەشەکەیدا بەشێکە لە گەشەی دیموکراسی لە کوردستاندا، بەڵام قوڵبوونەوە بە ناخی ئەو دیاردەیە شتی تریشمان پێ دەڵــێ.

لێرە دوو لە توخمەکانی ناخی ئەو دیاردەیە باس دەکەین کەدەشێ ئیجتهاد بێت نەک حکومێکی موتڵەق:

- توخمی یەکەم گۆڕانی دراماتیکی لە میزاجی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی کوردیدا. ماوەیەک تەرکیز لەسەر رۆژنامە دەرکردن بوو، ئینجا هەڵمەتی کتێب چاپکردن، جا هەرکتێبێک بێت. ئێستا مۆدێل مۆدێلی گۆڤار دەرکردنە و ئەمەش خەریکە شوێنی خۆی بۆ تەلەفزیۆن پەخشکردن چۆڵ دەکات. لەکوردستانی خۆماندا بازدان لەرۆژنامەیەکەوە بۆ گۆڤار و بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئینجا بێ تاقەت بوون لەهەموویان، لەدیاردەی گردبونەوە لەریستۆرانت و گەسخانەکان دەچێت.

چێشتخانە نییە لەم وڵاتە دامەزرابێت و ماوەیەک خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ نەکردبێت. لەوەختی گەشەدا خزمەتگوزاری و زەڵاتەی ئەو چێشتخانەیە مەشهوری گشت عالەمە. کە خەڵک لێی دەتەکێنەوە یان گەرسۆنەکان خەڵکی لێ دەتەکێتەوە ئیتر مێش و مەگەز بەهەردوو دیوی مەعنەوی و ماددییەوە میوانی سەرسفرەی ئەوانە. ئەم گیزە گیزە لەدیاردەی میدیایشدا هەر وەسا.

ـ توخمی دووەم: سایەی سیاسەت بەسەرسەری کزی میدیای کوردستانەوە. جاران هەر سیاسەتکارێک سەرقاڵی درووستکردنی یان تەکەتول یان یانەیەکی وەرزشی بوو، ئێستا باو باوی گۆڤارو رۆژنامەیە چونکە بێ ئەمە نیشانەکانی کەسایەتی و سەرکردە دەرناکەوێت و تیفتیفەی دەسەڵاتی بەرپرس کەم رەنگو کەم دەنگ دەبێت.

سەیری دەرکەوتی دەرکەوتنی هەندێک گۆڤار دەکەیت تەعەجوب لەیاری نازەنین دەمێنی؟ چۆن لە پڕ هات و لەناکاو چوو؟ بەڵام ئێستا گەرمەی هەڵبژاردنە لە وڵات. تێدەگەیت ئەم گۆڤار یان ئەو رۆژنامەیە لەبنچینەدا کێو بۆچ درووستی کردووە؟ هەندێک لەمانە مەفارزی پەرتوو بڵاوبوون و ئێستا بەشێکی هێزێکی پڕوپاگەندەن بۆ کەسێک و لایەنێک. بەناوی جیاوە بەڵام بەناوەڕۆکی چوون یەکەوە ئیشیان بۆ یەک ئاراستە کردووە. حاڵی وان لەحاڵی رێکخراوە زۆر و زەوەندەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەناو تەیارە چەپەکان دەچێت. پارچەی ماشێنن و هاکە بینیت لەشوێنێک تەجمیع کرانەوە.

# بەرپرسیارێتی لە کردار

لە کوردستان کەس لەسەر هیچ لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت. ئەم قسەیە تەنها بواری گەندەڵی و کەموکوڕی ئیدارە ناگرێتەوە، بەڵکو بوارە هەرە هەستیارەکەی کۆمەڵی کوردەواریش، بواری سیاسیی، ئالودەی ئەم دەردە بووە، کەس نییە کەس موحاسبە بکات. ئەمەش بۆ کۆمەڵێکی بارگاوی بە سیاسەت دەرکەوتنێکی فرە خراپە. سیاسەت کە بۆتە ئاو و هەوا لە کوردستان دەردی بێ دەرمانی وای تووش بووە، یانی ئاو و هەوای کوردستان ژینگەیەکی نا تەندروستی هەیە .

لەم وڵاتە کەم نین ئەوانەی لە وێستگەیەکی شکستەوە بۆ دانەیەکی تر دەڕۆن. شکستەکەیان لەوانەیە شکستێکی شەخسی بێت، بەڵام کە پرپیشکی بەر کۆمەڵ، بەر میللەت و دەوڵەت دەکەوێت ئەمە کارەساتەکەیە. شکست لە مەمالیکەکانی تر دەبنە بۆنە بۆ پەشیمان بوونەوە، لە خۆدان و سەرکزکردن بۆ ئەوانەی تەحەمولی یەکەم شکست ناکەن. بۆ ئەوانەی تاقەت و تەحەمولیان زۆرە شکست وێستگەیە بۆ پێداچوونەوە، بۆ بەڵێندان کە جارێکی تر بەو مەیل و شێوەیە کارنەکرێت .

شکستخواردووانی کوردستان میللەت و وڵات بە مشکی تاقیکردنەوە دەزانن ئەوەی جاران بۆ رێزگرتنی درۆزنانە پێیان

دەوت خەڵک بە داشی دامە ناسین. ئەمڕۆ شکستخواردووەکان، چونکە شەترەنج زان نین خەڵکیان بۆ نابێتە داشی شەترەنج و بەردی دامە، بەڵکو وڵات بە تاقیگە و خەڵکیش بە مشکی تاقیکردنەوە دەزانن. ئەمڕۆ لە پلەیەکی دیاریکراوی گەرما توخمی Aلەگەڵ هی B تێکەڵ دەکەن و سبەی هی B لەگەڵ .D . لای ئەمانە هاووڵاتی کورد تەنها مشکی تاقیکردنەوەیە و هیچی تر.. ئەمڕۆ هەڵیانپەڕینە بۆ سیاسەتێک، سبەینێ بە گریانیان بێنە بۆ سیاسەتێکی تر. دوو سبەی لە پەلوپۆی بخە تا دەرفەتی وەدەستهێنانی دەسکەوت لە کایەدایە. (خەڵک) لای ئەمانە وازی پەسەندکراو، مشکی ئامادەی تاقیکردنەوەیە. ئارەزوویان لێ بێت پاڵیان پێوەبنێ بۆ سەرداركردنی حزب بەسەر دەوڵەتەوە. سبەی پاڵیان پێوەبدە بۆ رووخانی حزب و حکومەت .

لە شکستێکەوە بۆ شکستێکی تر و ئەوی نرخەکەی دەدات میللەتە. ئەمانە پشتیان بە دڵسافی میللەت و یادەوەری کاڵی ئێمە قایمە کە دەزانێت زوو دەبورین و زووتریش فەراموش دەکەین.

چیتر وا بکەین؟

رەفیقان من ئەوا رۆیم لەلاتان. ئەمە سەردێڕی ئەدەبیاتی شەوق و ماڵئاواییە لەنووسراوەی کوردیدا. رەفیقان من ئەوا رۆیشتم لەلاتان. یانی وامن بەجێمهێشتن و ئێوەش بەخوای گەورە و بە مەجلیسی یاران دەسپێرم.

ئەم شەوقە جۆرێک لە بەڵێنداری و گرێبەستی ئەوین و هاورێیەتی تێدایە. رەفیقان، یاران، یان کۆڕی مەجلیسی خۆشەویستان نەک جێژوانی یارێکی تاک و تەنیا. دەبێ ئەم دەستەواژە لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتییەوە وەرگیرابێ؟ یاران دەبێ مەی گێڕەکان، دەبێ فەزایەکی خەیام ئاسا هەبێت کە پێکەوەن. دۆستان کە مان دەگرن یارێک بۆ ئەوی تر تێدەچێنێ و یەکی دی یارێکی تر لەخۆی زویر دەکات. دیارە سەردەستەی یارەکان، خەمبارترینیان، رەفیقان بەجێدێڵــێ کە دەزانێ چێژ و سوحبەتی یارانی شەو وەک خۆی نەماوە.

حوزنێک لەم بانگەوازەدا هەیە کە حوزنی بەجێهێشتنی ناچارییە (من ئەوا رۆیشتم) ئیتر دوای ئەوە ئێوە کەیفی خۆتانە چۆن مەجلیسی یاران هەڵدەسوڕێنن؟ کەیفی خۆتانە چی دەکەن و چۆنی دەکەن؟

ئەم دۆخە لە ئەدەبیات کە خەیاڵدانی داگیرکردوین و لەژیانی کۆمەڵایەتی و هەڵسوڕانی رۆژانەماندا رەنگی داوەتە، قەت بیر لەوە ناکاتەوە ئەو رەفیقەی لامان دەروات چۆن کۆڕێکی یارانی بۆ بگرین و دوا پێکی ماڵئاوایی لەگەڵ بخۆینەوە. هەموو رۆشتنێکی

کوردییانه بەحوزن و پاشقولگرتن و زیزبوون کۆتایی هاتووە. ئایا ئەمە پرسێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان فەرهەنگییە؟

لە گەلێک بابەتی رۆژنامەوانیدا خوێندوومەتەوە کە چۆن درووستکردنی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بۆنەی بۆ رێکدەخریت ئاوەهاش لە مەمالیکە پێشکەوتووەکاندا ماڵئاوایی لە هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بۆنەی بۆ سازدەکرێت و بەخۆشی و خۆشەویستییەوە تەواو دەبێت.

لەوڵاتی ئێمەش بە"رەفیقان من ئەوا رۆیشتم لەلاتان و ئێوەش رەفیقێکی تر بۆخۆتان بدۆزنەوە".

لەو ژمارەوە ئیتر بەندە، دایرێکت بەرپرس نابم لەدەرکردنی هەفتانە، هەتا بۆردی خەندان سەرنووسەرێکی نوێی بۆ دەستنیشان دەکات، بەشێوەیەکی گشتی سەرپەرشتی دەکەم و ئینجا دەورو تەسلیم لەگەڵ سەرنووسەری تازەدا دەکەم.

(وتلک الایام نداولها بین الناس).

دەزانم هەموو کەسێک شوێنێک چۆڵدەکات دوو ریز قسەی لەبەرە، ریزی یەکەم بۆ خواحابیزی لەجێگاو رێگای کۆنی، بۆ ماڵئاوایی لەرەفیقەکانی کە گوایە سەد بەڵێنی سەوزو سووریان پێدەدات کە بەڵێ دەرواو لێرە نامێنێت، بەڵام هەر بەئەندامی دڵسۆزی بنەماڵەکە دەمێنێتەوەو هەر ئەرکێکیان بەمن سپارد لەخزمەتدام.

ریزی دووەم بۆ هاتن و دەست بەکاربوون کەکۆمەڵێک وەعدو بەڵێنی تری لەخۆگرتووەو لەگەرمەی ئیش و نقوم بوون لەڕۆژانی کارکردن رەنگە ببنە بلّقی سەر ئاو. لەریزی بەڵێنەکان تۆزو خۆڵی بەربەست و تەگەرەکانیان لەسەر دەنیشێت.

من کە دەڕۆم نامەوێ ئەم جۆرە وەعدی رۆیشتن و بەڵێنی هاتنە بدەم، دەزانم ئیشی نوێ هەر ئیشێک بێت، دەبێتە ئیلتزامی ئەخلاقی و وەزیفی پلە یەک و ئەگەر رایی نەکەم گوناهبار دەبم، لەمەودوا خواو خەڵک و خوێنەرانیش لەسەر ئەو ئیلتزامە وەزیفییە تازەیە لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکەن کە نابێ ناپاکی فەرمانبەری بم، بەڵام دەشزانم ئەوی وەفای بۆ دوێنێ و ساڵانی رابردووی نەبێ و

حاشایان لێ بکات، هیچ خێرێک بۆ ئەمڕۆو سبەینێی خۆی ناداتەوە.

بۆیە دەمەوێ بڵێم لێرە بم یان لەوێ. ئەرکی سەرشانمە وەفاداری خەندان بم، مرۆڤ کە بەدەستی خۆی گوڵێک، یان چەند گوڵێک دەڕوێنێ، ئەرکێتی چاودێری نەشونماکردنی بکاو هەقیشێتی کەشانازی پێوە بکات، جا لەجێی وەعد و بەڵێنی قەبە بەبەردەوامی دڵسۆزی و هاوکاری بۆ خەندان، بەهەفتانەو بەئاسۆ، بەکۆپری و ئسبوعیەو بەدوو جووت سایتی دەنگوباس و ئەسواتی عیراقەوە، دەڵێم کە ئەندامی بۆردی خەندانم، ئەوە شانازییەو خوا تاقەتم بدات لەباڵاکردن تا پلەی ئەو شانازییە، داواشم لەو برایانەی دوای خۆم ئەوەیە، ئەم ئەمانەتە بپارێزن و هەرچیان لێکردن و چۆنیان ئیدارەدا دەستیان خۆش بێت، ئەمما قەد رۆحی رەسەنی ئەم پرۆژەیە فەرامۆش نەکەن و لەڕێی خۆی لاینەدەن کەبۆی دروستبووە: رۆژنامەوانییەکی سەنگین، ئازادو بەرپرس و بابەتی.